
# نووسینەوەی مێژوو بەپێی حەز و ئارەزوو




## چەند تێبینییەک لەسەر کتێبی مێژووی بزر و نەگێڕدراوەی کورد


فازڵ ئوسوڵیان


سوید ٢٠٢٤

## چەند تێبینییەک لەسەر کتێبی مێژووی بزر و نەگێڕدراوەی کورد:

ئەم کتێبە کە نووسەرەکەی سۆران حەمەڕەشە لە ساڵی ٢٠٢٢ بڵاو بووەتەوە. ماوەیەک لە پاش دەرچوونی کتێبەکە لە لایەن چەند دۆست و هاوڕێیەکەوە پەیوەندیم پێوە کرا و بۆچوونی منیان سەبارەت بەم کتێبە پرسی. ئەو دەم لەبەر دوو هۆکار، یەکەم نەبوونی کات و دووهەم لەبەر ئەوەێ کە پێشتر کتێبی "کورد کێیە"ی نووسەرم خوێندبووەوە و ڕەخنەی جددیم لێ هەبوو، بۆیە ئارەزووی خوێندنی کتێبی "مێژووی بزر و نەگێڕدراوەی کورد" لام پەیدا نەبوو. بەڵام لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا چەندین کەسی دیکە داوای هەڵسەنگاندنی منیان بۆ کتێبەکە کردووە، بە تایبەت لەبەر ئەوەی هێندێک لەو باسانە کە لە کتێبەکەدا هاتووە، پێشتر من لە کتێبی "ناسنامەی زمانی کوردی"دا باسم لێوە کردووە. بۆیە خۆم بە ناچار دێت کە کتێبەکە بخوێنمەوە تا بتوانم بۆچوونی خۆمیان پێی ڕابگەینم. کاتێ کە کتێبەکەم خوێندەوە تێگەیشتم کە ئەمەش لە ڕاستیدا ناوەڕۆکەکەی هەمان ناوەڕۆکی کتێبی "کورد کێیە"یە و هەردووکیان هەڵگری یەک پەیامن و یەک شێوازیان پەیڕەوی کردووە بەڵام نووسەر لەم کتێبەدا بابەت و ڕوونکردنەوەی زیاتری بۆ گەیاندی پەیامەکەی خۆی هێناوەتەوە.

هەر وەک دواجار ڕوونی دەکەمەوە کتێبەکە بە گشتی دوورە لە بنەماکانی زانستی، بە تایبەتی لە باری لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکانیەوە هەر بەتەواوی وێرانە.

نووسەر لە هەر کتێب و نووسراوەیەکدا کە بابەتێکی لەسەر کوردی تێدا نووسرابووبێت و یان ناوی کوردی تێدا هەبووبێت، وەری گرتووە و بەرگێکی تیۆرێکی لێ پێچاوە و ترنجاندوویەتیە نێو کتێبەکەیەوە و بە جۆرێک پەیوەندی داوە بە مێژووی کوردی دەشت و کوردی شاخ. باسگەلێک وەک ئەفسانەی کەشتی نوح و نیشتنەوەی لەسەر شاخی گودی/(جودی)، نەورۆز (وەک جێژنێکی ١٠٠٠٠ ساڵە بەبێ هیچ بەڵگەیەک)، ئەفسانە شاماران، ژنە ئامازونەکان و هەروەها باسی ڕەسەنایەتی ئەسپەکانی کرماشان (کرماشان بەناوبانگە بە ئەسپی کوردی ڕەسەن و فێستیڤاڵێکی ساڵانە دەکرێت بۆ هەڵبژاردنی باشترین ئەسپ لەسەر خاکی میدیای دێرین)، گێڕانەوەی چەندین جارەی دەقی کەیکوڵی و خوێندنەوە و لێکدانەوەی هەڵە بۆ وشەکانی دەقەکە، بەراوردکردن و لێکدانەوەی هەڵە بۆ وشەکانی میتانی، ماننایی، سۆمەری و

مادی و ... لێکدانەوە بۆ ڕووداوە مێژووییەکان بەپێی حەز و ئارەزووی خۆی و . . . هەر وەها چەندین بابەتی نادروست کە باسی لێ دەکەم، وای کردووە کە لە باری  زانستییەوە کتێبێکی بێ کەڵک و بێ بایەخ بێ.

بەداخەوە وا دیارە کە نووسەر ئاستی هۆشیاری و تیگەیشتوویی کۆمەڵگەی کوردستانی بە کەم زانیوە، هێندێ جار خوێنەر هەست بەوە دەکات کە گاڵتە بە شعووری خەڵکی کوردستان دەکرێت. بۆیە بە پێویستم زانی کە بۆ بەرچاوڕوونی خوێنەری کورد و بەتایبەت لاوانی کوردستان ڕوونکردنەوەیەکی لەسەر بنووسم.

خۆشبەختانە لەم ماوەیەدا ژمارەیەک نووسەر، زمانەوان، ڕۆژنامەنووس و مامۆستای زانکۆ بەگشتی کەسانی ڕۆشنبیر و بەرپرس بە شێوەی جۆراوجۆر هەڵوێستیان نواندووە و ئاماژەیان بە کەم و کوڕییەکان و نازانستیبوونی بابەتەکانی نێو کتێبەکە کردووە، کە جێگای دەستخۆشی لێکردنە. هەر بۆیەش من لێرە بە پێویستی نازانم جارێکی دیکە ئەو ڕەخنانە و بابەتانە کە ئەوان باسیان کردووە دووپاتی بکەمەوە.

نووسەر هەرچەند بابەت و فاکتی یەگجار زۆری لە کتێبەکەیدا هێناوەتەوە و باسی کردووە، بەڵام  بێجگە لە یەک خاڵ نەبێ ئەوانی تریان هیچیان تازە نین و پێشتر لە لایەن نووسەرانی دیکەوە و لە سەرچاوەکانی دیکەدا هاتوون.

ئەو خاڵە نوێیەش کە نووسەر بەشێکی زۆر لە کتێبەکەی بۆی تەرخان کردووە، ئەوەیە کە سۆمەرەکان کوردی دەشتن و گوتییەکان و مادەکان و مانناییەکان و هورییەکان کوردی شاخ. واتا نووسەر لەو باوەڕەدایە کە زمانی سۆمەری زمانی کۆنی کوردییە و زمانی  کوردی ئێستاش درێژەدەری زمانی سۆمەرەکانە و لەوەش زیاتر نووسەر پێی وایە:

"زاراوە و بن زاراوەکان لە کوردیی نویدا بەردەوامی زمانی سۆمەری، هوری، لوڤی، ئیلامی، مانایی، مادی و زمانەکانی ترن کە لە کوردستانی دێریندا قسەیان پێکراوە".

**ژمارەی زاراوە و بن زاراوەکان لە کوردیی نوێدا ڕەنگدانەوەی زمانە دێرینەکانە کە لە کوردستان ومێسۆپۆتامیادا پێی دواون. ئەوانە بەردەوامیی زمانی سۆمەری، هوری، لوڤی، ئیلامی، مانایی، مادی و زمانەکانی ترن کە لە کوردستانی دێریندا قسەیان پێکراوە. سەرەڕای ئەوە، هەوڵی گەڕانەوەی هەر یەک لەو زاراوە کوردیانەی ئەمڕۆ**

سۆران حەمەڕەش  ویستوویەتی لەڕێگای زمانەوانییەوە ئەم تێزەی خۆی بسەلمێنێ، واتا دەستی داوەتە بەراوردکردنی وشەکانی ئەم زمانە کۆنانە لەگەڵ زمانی کوردیی نویدا و بە شێوەیەکی نازانستی ئەنجامێکی دڵخۆازنە بەو جۆرەی کە خۆی دەیەوێت لێ دەردێنێ.

لەم وتارەدا بە بەڵگەوە نیشان دەدەرێت کە ئەم بەراوردکاریانەی نەک یەک و نەک دوو بەڵکوو هەر  هەموویان هەڵەن، نووسەر وشە کۆنەکان ناناسێت، ڕیشەی وشەکان ناناسێت، یاساکانی زمانەوانی و ئیتمۆلۆژیک نازانێت، بە گشتی شێوازی لێکدانەوەکانی هەڵەن.

من لەم وتارەدا بە ڕوونی نیشانی دەدەم کە ئەو بەراوردکاریانە وا بوونەتە بناغەی تێزەکەی نووسەر بەگشتی هەڵەن، کە وابوو ئیتر هیچ بەڵگەیەک بۆ سەلماندنی ئەم تێزە نامێنێ و تێزەکە لە هەواوە دەمێنێتەوە. بۆیەش من ئەم ئەرکەم داوەتە بەر خۆم، چونکە پێم باش نییە کە بیر و مێشکی خوێنەران و بەتایبەت جەوانانی کوردستان بە بۆچوون و لێکدانەوەی هەڵە و بێبنەما پڕ بکرێتەوە.

ئەرکی مێژوونووس ئەوەیە کە باسی ئاڵوگۆڕەکانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، فەرهەنگی کۆمەڵگا بکات لە ماوەیەکی دیاریکراوەدا، باسی ڕۆڵ و نەخشی چین و توێژە جیاوازەکانی ناو کۆمەڵ بکات لە ئاڵوگۆڕەکاندا، باسی هۆکاری ڕوودانی جەنگەکان و هەروەها چۆنیەتی کاریگەری جەنگەکان و ڕووداوەکان لەسەر کۆمەڵگا بکات. بەڵام لە کتێبێ مێژووی بزردا ئەوەی کە دیاری نییە خەڵک و چین و توێژەکانی ناو کۆمەڵگایە! ئەوەی کە بەرچاو ناکەوێت بەرخۆدانەکانی خەڵکی کوردە بە درێژایی مێژوو. لە باسکردنی مێژووی ماددا، نە تەنیا تایبەتمەندییە شۆڕشگێڕانەکەی دەسەڵاتی ماد نابێنیت، بەڵکوو مێژووی مادی بە تەواوی شێواندووە و بەراوەژووی کردووەتەوە. ڕۆڵ و نەخشی کوردان لە دامەزراندنی ئیمپراتووری ئەشکانی وەک دەسەڵاتێکی سیاسی وڵاتی کۆنی کوردەواری کە ٤٧٠ ساڵ فەرمانڕواییان کردووە و پایتەختەکەیان لە کوردستان بووە و زمانەکەیان زمانی کوردیی میانە بووە هەر باسی لێ ناکات. نەخش و ڕۆڵی کوردان لە دامەزراندن و بەڕێوبەرایەتی ئیمپراتووری ساسانی لەم کتێبەدا هەر نابینی. یەکێ لە کۆنترین کتێبەکانی جیهان واتا کتێبێ ئەوێستا وەک کتێبێ ئایینی مادەکان (کوردان) و خەت و زمانی ئەوێستایی و پەهلەویی ئەشکانی کە خەت و زمانی خەڵکی کوردستان بووە لە سەردەمی کۆندا هەر باسی لێ ناکرێت و نووسەر هەر هیچیشی لێ نازانێ. دەیان و سەدان بەردەنووسی سەردەمی ئەشکانییەکان و ساسانییەکان کە بە خەت و  زمانی پەهلەویی

ئەشكانی (كوردیی میانە) لە لایەن نووسەرانی كوردی ئەو سەردەمەوە نووسراون  هەر باسی لێ ناكات. بە راستی هەڵەكان ئەوندە زۆرن كە باس كردن لەسەر هەموویان زۆر زەحمەتە و كاتی زۆری دەوێ.

لە كاتی خوێندنەوەی كتێبەكەدا چەند پرسیارێكم بۆ هاتووەتە پێش، پێم باشە هەر لێرەوە ئاراستەی بەڕێز سۆران حەمەڕەشی بكەم:

١- لە بەشی چوارەم، "هەستی جیاوازیی ڕەگەزی لە ناو كورددا" لاپەڕەی ٨٧ وەها هاتووە:

تێگەیشتنی ئەمڕۆ لەسەر ناسنامەی كورد ئەوە دەڵێت كە كورد نەیتوانیوە هەستێكی ڕوونی دەرككردن بە ناسنامەی نیشتمانی تێدا دەربكەوێت لە سەدەی هەژدە و نۆزدەی زایینیدا و ئەوە بووەتە هۆی ئەوەی بە بێدەوڵەتی بمێنێتەوە. لە ڕاستیدا تێگەیشتن لە مێژووی كورد بە زۆری متمانەی كردوتە سەر سنووری بۆچوونی گەڕۆكە ڕۆژئاواییەكان، دیپلۆماسیەكان، ئەفسەرە سەربازییەكان، بانگخوازە ئائینیەكان، **" ژن"** و بازرگانەكان كە لە چەند سەدەی ڕابردوودا سەردانی كوردستانیان كردووە، ئەم پرۆسەیە بووەتە هۆی ئەوەی كە گێڕانەوە و لێكدانەوەیەك لە لایەن لێكۆڵەرە ئەوروپییەكانەوە بێتە ئاراوە كە ناسنامە و مێژووی كورد **ڕۆمانتیكی** بكات  و وەك هۆزگەلێكی نەگونجاو بیانخاتە ڕوو كە هەستی یەكبوونی نیشتمانیان نەبووبێت.

> بێدەوڵەتی بمێنێتەوە. لە ڕاستیدا، تێگەیشتن لە مێژووی كورد بە زۆری متمانەی كردوتە سەر سنووری بۆچوونی گەڕۆكە ڕۆژئاواییەكان، دیپلۆماسیەكان، ئەفسەرە سەربازیەكان، بانگخوازە ئاینیەكان، ژن و بازرگانەكان كە لە چەند سەدەی ڕابردوودا سەردانی كوردستانیان كردووە. ئەم پرۆسەیە بووەتە هۆی ئەوەی كە گێڕانەوە و

دیارە لێرەدا مەبەستی نووسەر ئەوەیە كە لێكۆڵەرە ئەوروپییەكان هەڵەیان كردووە كە متمانەیان كردووەتە سەر بۆچوونی گەڕۆكە ڕۆژئاواییەكان، ئەفسەر و . . .  ژن و بازرگانەكان ! بە واتایەكی تر سۆران حەمەڕەش هەڵەكەی ئەوانی دووپات نەكردووەتەوە و متمانەی بە بۆچوونی "گەڕۆكە ڕۆژئاواییەكان و ژنان" سەبارەت بە ڕووداوە مێژووییەكانی كوردی نەكردووە!

پرسیارەكە ئەوەیە: مەبەست لە هێنانی ناوی ژنان لێرەدا چییە؟ بۆ متمانەكردن بە بۆچوونی ژنان بووەتە هۆی هەڵە لە لێكۆڵینەوە و لە نووسینی مێژووی كورددا؟ ئایا لەبەر ئەوەیە كە ژنان تێ ناگەن؟ یان خود لەبەر ئەوەیە كە ژنان ڕۆمانتیكی بیر دەكەنەوە؟

**پرسـيار دووەم:** س.ح.ڕ لە کتێبەکەی خۆیدا ڕەخنە لە لێکۆڵەرە ڕۆژاواییەکان دەگرێ کە تێگەیشتنی ڕاست و دروستیان نییە، بە هۆی ئەوەی کە متمانەیان کردووەتە سەر بۆچوونی گەریدە ڕۆژاواییەکان، (سۆران ح.ڕ ٢٠٢٢: ٨٧).

پرسیارەکەی ئەمەیە ئەی گەڕیدە عوسمانییەکان چی؟ ئەی ئەمە چۆنە کە کاک سۆران بۆ خۆی متمانەی کردووەتە سەر بۆچوونی "ئەولیای چەڵەبی" کە یەکێ لە گەڕیدەکانی تورکی عوسمانییە، لە ڕاستیدا فەرمانبەرێکی سوڵتانی عوسمانی بوو.

لە لاپەڕەکانی ٣٠-٣١دا ئاوا هاتووە: گەریدەی تورک، ئەولیا چەلەبی، چیرۆکێکی هاوشێوە دەگێڕێتەوە کاتێک کە سەردانی کوردستان دەکات و سەبارەت بە بنەچەی زمان کوردی قسە دەکات. ئەو زمانی کوردی بە کۆنترین زمان دادەنێت کە لە دوای لافاوەکە قسەی پێکراوە و دەڵێت: بەپێی مێژوونوس مەقدیسی، یەکەم شار کە دوای لافاوەکەی نوح دروستکراوە، شاری جودی بووە، ئەنجا قەڵای سنجار و مەیفاریقین، شاری جودی لە لایەن مەلیک کوردیم [پادشای کوردان] دروستکراوە، کە سەر بە کۆمەڵگەی پێغەمبەر نوح بووە، پیاوێک کە بە لایەنی کەمەوە ٦٠٠ ساڵ ژیاوە و بە درێژایی و پانایی کوردستاندا گەڕاوە. . . "

دیسانەوە لە لاپەڕەی ١٩٩ کتێبی مێژووی بزر و . . . وەها هاتووە: تەنانەت نزیکی چوار سەد ساڵ لەمەوبەر گەڕیدەی تورک ئەولیا چەلەبی (١٦١١-١٦٨٢ زایینی). ئاماژە بە زاراوە کوردیەکان دەکات کاتێک لەسەر کورد دەدوێت و دەڵێت:

"لەبەر ئەوەی کە کوردستان خاکیکی بێ کوتای ڕەقەلانی و چیایە، جۆرەکانی زمانی کوردی تێدا کەمتر لە دوازدە نیە، هە ر یەکە لەوی تر جیاوازە لە گۆکردن و وشەکاریدا، لەبەر ئەوە زۆر جار پێویستیان بە وەرگێڕ هەیە کە بەهۆیەوە لە وشەکانی یەکتری تێبگەن، (س. ح. ڕ، ٢٠٢٢: ١٩٩)".

بەڕاستی فاکت هێنانەوە لە ئەولیای چەڵەبی بۆ لێکۆڵینەوەیەکی زانستی جێگای سەرسوڕمانە. تۆ بڵێی ئەولیای چەڵەبی کە ماوەیەکی کورت بە کوردستاندا گشتی کردووە و تێ پەڕیوە، بەو ماوە کورتە ئەوندە زانیاریی لەسەر زمانی کوردی و شێوەزارەکانی و دێرینەبوونی پەیدا کردبێت کە لێکۆڵەرێکی ئاکادمێک لە بەرچاوی بگرێت و وەک سەرچاوەیەک ئاماژەی پێ بکات؟

ئەگەر کەسێک کتێبەکەی ئەولیای چەڵەبی نەخوێندبێتەوە لەوانەیە پێی وابێ کە مێژوونووس یان جوغرافیناس و یان زانایەکی گەورەیە. لە ڕاستیدا گشتنامەکەی چەڵەبی زیاتر لە گاڵتەجاڕ دەچێ، خوێنەر دەبێ لە کتێبەکەیدا بە دوای ئەوەدا بگەڕێ کە ئاخۆ چەڵەبی شتی ڕاستی وتووە! با سەیری ئەم دوو نموونەی خوارەوە بکەین کە لە کتێبەکەیدا هاتووە:

" چەڵەبی حەدیسێکی پێغەمبەر وەها دەگێڕێتەوە، کاتێ پێغەمبەر لەگەڵ میکاییل وتووێژی کردووە وتوویەتی: زمانی خەڵکی بەهەشت عەرەبی و فارسی دەریە، (اولیاء چلبی، علی ابوالقاسمی ١٤٠٠ خورشیدی ص ٣٦)".

دیسانەوە کاتێ لە ئەردەبێل دەبێ چیرۆکێکی سەیر سەبارەت بە بەردێک ئاوا دەگێڕێتەوە:

" لە دەرەوەی شاری ئەردەبێل بەردێکی ڕەشی، خڕی، زۆر زل و قورس هەیە کە ساف و لووس کراوە و دەدروشێتەوە. لە سەردەمی کۆندا کاهێنەکان بە خەتی عیبری لەسەریان نووسیوە و نیگارێکیشیان لەسەر بەردەکە کێشاوە. کاتێ لە ئەردەبێل باران نابارێ، خەڵکەکە بە گەورە و بچووکەوە بە دەوڵەمەند و بەگزادەوە دەچن و بەردەکە تلێر دەکەنەوە بەرەو ناو شار. لە گەورەیی خودا سێ شەو و سێ ڕۆژ باران دەبارێ و هەموو شوێنێک پڕ دەبێ لە ئاو، پاشان کە بەردەکە دەیگەڕێنەوە بۆ شوێنەکەی خۆی بارانەکە دەبڕێتەوە. سەیرەکەی لەوەدایە هەرچەندە ئەو بەردە زیاتر بەرەو شار نزیک دەبێتەوە هەر بەو ڕادەش بارانەکە بە گوڕتر دەبێ. ئەگەر بێتو ئەم بەردە بگوێزرێتەوە بۆ شوێنێکی دیکە، ئەوە بەردێکی تری گەورەی چوارگۆشە جێگای دەگرێتەوە کە بە خەتی عیبرانی و سریانی لەسەری نووسراوە. ئەم بەردە چوارگۆشەیە دوازدە کونی هەیە، هەتا ئەو کاتەی کە بەردەکەی پێشوو جارێکی تر نەگەڕیتەوە سەر شوێنەکەی خۆی، لەم کونانەوە هەر ئاو هەڵدەقوڵێ. زانایانی ئەردەبێل لەسەر ئەم بەردە دەڵێن کە حەزرەتی موسا لە "سەحرای تیە" بە گۆچانەکەی خۆی دوانزە جار بە سەریدا داوە کە بووەتە هۆی هەڵقوڵینی دوانزە ڕووباری ئاو لەم بەردەدا و ئاماژە دەکەن بۆ ئایەی «فاضرب بعصاک الحجر فانفجرت منه اثنا عشر عینا»، (اولیاء چلبی، علی ابوالقاسمی ١٤٠٠ خورشیدی ص ٣٦)".

ئەو وەرگێڕە ئێرانییە کە کتێبەکەی چەڵەبی بە فارسی وەرگێڕاندوەتەوە، لە سەرەتای کتێبەکەدا لە بارەیەوە وەهای نووسیوە:

"پرسیارێک کە خوێنەر لە پاش خوێندنەوەی گشتنامەکەی چەڵەبی بۆی دێتە پێشێ، ئەمەیە کە ئاخۆ ئەو شتانە کە نووسیویەتی ڕاستن یان نە تەنیا بە ئارەزوو و خولیای خۆی نووسیویەتی. زۆر کەس پێیان وایە هێندێک لەو گەشتانە کە باسی دەکا بۆ خۆی هەر نەڕۆیشتووە، وا دیارە کە ئەم ڕەخنەیە سەبارەت بە گەشتەکانی لە ئێراندا ڕاست بن، چونکە هێندێ لە نووسراوەکانی بە قسەی خورافی ڕازاندوەتەوە، هێندێکیشی۔ کۆپیکراوی بابەتەکانی نووسەرانی ترن، هەواڵی غەیبین، خولیای سەیر و سەمەرن، زۆر جار هەر باسی پەسەنددانەوەی خۆیەتی لەگەڵ گێڕانەوەی سەیر و سەمەر، پڕن لە زانیاریی هەڵە کە لە هیچ سەرچاوەیەکدا باسی لێ نەکراوە، هەروەها زۆر جاران بەهەڵە باسی ڕێگای گەشتەکانی خۆی دەکات وەک ئەوەی کە دەڵێ لە سەهندوە چووم بۆ نەهاوەند، لە قەسری شیرینەوە چووم بۆ قەزوێن، لە سنەوە گەیشتمە قوم یان لە مووسڵەوە گەیشتمە قەڵای سەهند و . . . (سفرنامه اولیاء چلبی به ایران، علی ابوالقاسمی، دکتر مهدی وزینی افضل، ١٤٠٠، ص ١٢)".

## لە ئیمپراتوریەتە کوردیە دێرینەکانەوە هەتا ڕووخانی مادەکان

### ئیمپراتوریی میتانی:

سۆران ح.ڕ لەسەر فەرمانڕوایی میتانی شتێکی وای باس نەکردووە، نە باسی شەڕەکانیان، نە باسی ڕێککەوتنەکانیان لەگەڵ دەسەڵاتەکانی تردا بە تایبەت پەیماننامەکەی نێوان شوپیلولیومای پادشای هیتیان و شاتیوازە پادشای میتانییان. نە باسی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ وڵاتی میسر و ئەوەی کە پادشایانی میتانی بە سێ پشت پەیوەندیی ژنخوازییان لەگەڵ فرعەونەکانی میسردا هەبووە، نە باسی خوداکانی هاوبەشی میتانی- هوری، نە باسی نامەکەی توسراتتا پادشای میتانی بۆ ئامنحوتبی سێیەم وا ئێستا لە موزەخانەی بریتانیایە، و نەش تەنانەت ناوی پادشایانی میتانی باس کراوە.

نووسەر بە گشتی لەسەر هۆزەکانی "هوری/خۆری" دیدی نارۆشن و هەڵەی هەیە، هەموو هۆزەکانی هوری بە بنەچەی کورد دەژمێرێ و زمانەکەشیان وەک زمانی کوردیی کۆن واتا (مادی) پێناسە دەکات. لێکدانەوەکانیشی۔ بۆ وشەکانی زمانی میتانی و دەقەکەی کەیکوڵییش نازانستی و هەڵەن.

پێشـەکی بـۆ ڕوونبـوونەوەی زیـاتر بە پێویسـتی دەزانـم کە کـورتەیەک لەسـەر هۆزەکـانی هوری/خـۆری بـاس بـکەم: لە هەزارەی سـێیەمی پ.ز. هەتـا نێوەڕاسـتی هەزارەی یەکەمی پ.ز کۆمەڵێک هۆزی جۆراوجۆر لە باکووری مێزوپۆتامیدا هەر لە کەرکووک و هەولێرەوە بگرە هەتا سـەرەوەی گـۆلی وان و ئەرمەنسـتانی ئێسـتا، نیشـتەجێبوون کە بە نـاوی "هـوری/ خـۆری دەناسران".

**لێرەدا پێویسـتە ئەوە ڕوون بکـرێتەوە کە دەسـتەواژەی خـۆری یـان هـوری چەمکـێکی ئـاییی و نێونانێکی گشتییە بۆ ئەو هۆزانە کە ئایینێکی هاوبەشیان هەبووە. لەم بارەوە د. جەماڵ ڕەشید لە کتێبی لێکـۆڵینەوەیەکی زمـانەوانی دەربـارەی مـێژوویی وڵاتی کـوردەواری وەهـای نووسـیوە: "وشـەی هـوری نیشـانەیەکە بـۆ ئەو نەتەوانەی کە لە وڵاتی زۆزان (کوێسـتان/ سـوبارتوو )دا ژیاون و خەلکەکە باوەڕیان بە خوداوەندێکی مەزن هەبووە و نێشانەکەی کەوانەی ئەو هەتاوە بووە، کە بە هەر دوو باڵە ئاوەڵەکانی لە ئاسماندایە"، (**د.جەمال ڕەشید، ١٩٨٨: ١٨٦-١٨٧).

**واتـا هەر وەک چـۆن چەمکی موسـوڵمان ئامـاژەیەکە بـۆ چەنـدین نەتەوەی جیـاواز، چەمکی "هوری/خۆری"یش ناونانێکە بۆ چەند هۆزێک کە زمانی جیاوازیان هەبووە بەڵام خوداکانیان هاوبەش بووە.**

**ژمارەی خوداوەنـدانی هـۆزە ئارییەکان لەو سـەردەمەدا گەلێک بـوون لەوانە ڤارونا (ئاهورا) کە خوداوەنـدی یاسـا و خـوو و ڕەوشـت چـاکی بـوو. ئینـدرا کە خوداوەنـدێکی زۆر بەهـێز بـووە، خوداوەندی جنسی. و جەنگ بوو، هەر وەها زۆر حەزی لە خـواردنەوەی مەی (سۆما /هـۆم) بووە. میترا خوداوەندی خۆر و هەروەها خوداوەندی پەیمان و ڕێککەوتن، و نەسەتیە/ ناساتیا (ناهیتا /ئاناهیتا) خوداوەندی پارێزەری ئاو و خوداوەندی پیت/ فرەپیتی (بەرەکەت) بوو.**

**نێـوی ئەم خودایـانە لە تێکسـتی ئەو پەیماننـامەیە کە لە نێـوان شـوپیلولیومای پاشـای هیتیان و شاتیوازەی پاشای میتانیاندا مۆرکراوە هاتوون**[1]. [ناوی شاتیوازە لە دوو بڕگە پێک هـاتووە، شـاتی هەمـان وشـەی "شـادی"یە لە کوردیـدا و "وازە"ش وشـەیەکی کـوردییە لە شـێوەزارەکانی هەورامی و زازاکیـدا کە واتـای "خـوازە" دەدات، پـێکەوە بە واتـای "شـادی خوازە"یە].

---

[1] http://www.heritageinstitute.com/zoroastrianism/ranghaya/mitanni.htm

تێکەڵبوونی هۆزەکانی میتانی لە گەڵ هۆزەکانی دیکەی ناوچەکەدا بوو بە هۆی پێک هاتنی تێکەڵاویەکی ئاینی و کولتوری لە نێوانیاندا وخوداوەندانی دیکەی هوریش دواجار بوون بە خودایانی میتانیش، ئەم خودایانە بریتی بوون لە:

**١- کومار بی (باوکی خوداوەندان) ٢- تیشوپ ( خوداوەندی ئاووهەوا / باو و باران). ٣-هیپا / خیپا / خەپا (هاوسەری تیشوپ) ٤- کوشوخ ٥- شاوشکا (خوداوەندی خوشەویستی و جەنگ) کە خوداوەندی عشتاری هووریانە ٦- شیری ٧- شوالا ٨- کوروی ٩- تیلا ١٠- تیروی.**

"هیپا/ خیپا/ خەپا" هاوسەری تیشوب خوداوەندی با و بۆران بووە، ناوی ئەم خواژنە کەوتووەتە پاش ناوی شازادەکانی میتانی وەک تادو- خەپا و هەروەها گیلو- خەپا.

**هەر سبارەت بە واتای چەمکی "خۆری/هوری"، زمانەوان و نووسەری ئاڵمانی "ویلهلم گەیگەر"دەڵێ:**

ناوی "خۆریان/ هوریان" پەیوەندی بە ناوی خۆەر (Hvar)، خوای خۆرەوە هەبووە. هەبوونی ئەم ناوە لە باکووری مێزوپۆتامیادا و بڵاوبوونەوەی وەک ناوێکی ئایینی کە لە دوایشدا بوو بە ناوێکی نەتەوەیی بۆ هەموو ئەو دانیشتوانەی کە باوەڕیان بە خوای خۆر هەبوو وەک گۆتی، لۆلۆیی و کاسی و هی دی".

(Geiger W. Ostirani Sche Kultur in Altertum. Erlangen 1882 p. 29)

هۆزەکانی هوری/خۆری بە چەندین زمان و شێوەزاری جیا لە یەک دەدوان، کە هەتا ئێستاکە دوو زمان لەم زمانانە ناسراونەتەوە:

- **یەکێکیان زمانی هورییە کە هەتا ئێستاش لێکۆڵەران و پسپۆڕانی بواری زمانە کۆنەکان نەیانتوانیوە هیچ پەیوەندییەک لە نێوان ئەم زمانە لەگەڵ زمانە هیندوئورووپییەکان و یان زمانە سامییەکان و یان زمانە ناسراوەکانی سەردەمی کۆن وەک ئیلامی یان سۆمەری بدۆزنەوە.**
- **ئەوی دیکەش زوانی میتانییە کە وەک کوردی سەر بە خێزانی زمانی هیندوئورووپییە و نزیکایەتییەکی زۆری لەگەڵ زمانی سانسکریتیدا هەیە.**

**له پاش تێکچوونی ئیمپراتووری میتانی، له شوێنی دەسەڵاتی ئەوان، سێ فەرمانڕوایی تر دامەزران لەوانە: ئاشوور،ماننا و ئۆرارتوو.**

## دەقی کەیکوڵی:

سۆران ح. ر گرینگێکی تایبەتی داوە بە دەقی کەیکوڵی، نووسەر لە بارەی ئەم دەقەوە لە چەندین جێگادا لەوانە لە لاپەڕەکانی ٤٠- ٤٤، لاپەڕەی ٧٣ لاپەڕەکانی ٢٣٥- ٢٣٦، و لاپەڕەی ٢٣٩ باسی لێ کردووە و لێکدانەوەی بۆ وشەکان و تێکستەکەی کردووە. بە داخەوە نووسەر وێنەیەکی لێڵ لە دەقەکە بە خوێنەر پێشان دەدات لە هەمان کاتدا لێکدانەوە و مانا کردنەوەی وشەکانیش ڕاست و زانستیانە نین.

نووسەر لە لاپەڕە ٤١دا وەهای نووسیوە: "بۆ یەکەم جار لە مێژوودا، پیاوێک ڕێنماییەکانی ڕاهێنانی ئەسپی تۆمار کردووە. ئەو دەقە بە ناوی ڕاهێنەرەکەوە ناونراوە کیکوڵی (kikkuli)ی سەر بە خاکی میتانی. زمانی دەقەکە بە هیتی لەگەل وشەی هوری/میتانی دەستنیشان کراوە، "چەند لێکۆڵەرێک هەوڵیان داوە کە بیخوێیننەوە و پەیوەندی بدۆزنەوە لە نێوان دەقەکە و زمانە دێرینەکان و کولتورەکاندا. سەرەڕای ئەوە، زۆربەی هەوڵەکان لەژێر کاریگەری تیۆری ئاریدا دراون. بەو جۆرە، هەوڵەکان تەرکیزیان کردۆتە سەر بەستنەوەی بنەچەی وشەکان بە زمانی سانسکریتەوە، بێ ئەوەی ئەنجامێکی قەناعەتپێکراو بدەن بە دەستەوە. (سۆران ح.ر. ٢٠٢٢: ٤١)".

دیسانەوە لە لاپەڕەکانی ٢٣٥-٢٣٦دا وەهای نووسیوە: کۆنترین ڕێنمایی ڕاهێنانی ئەسپ کە مابێت، لە لایەن پیاوێکی میتانیەوە نووسراوە بە ناوی کیکۆڵی و زمانەکەی بە هیتی وتێکەڵی هوری دانراوە، کە خەڵکی کوردی ئەمڕۆ لێی تیدەگات و پەیوەستە بە زمانی مادیەوە. (سۆران ح.ر. ٢٠٢٢: ٢٣٥-٢٣٦)".

ئەگەر کەسێک زانیاریی لەسەر ئەم دەقە نەبێت، وا تێ دەگات کە ئەم دەقە لە لایەن کەیکوڵییەوە نووسراوەتەوە، لە کاتێکدا ئەم دەقە نەک لە لایەن کەیکوڵییەوە بەڵکوو لە لایەن چوار نووسەرەوە تۆمار کراوە. و بە پێچەوانەی قسەکەی سۆران ح. ڕ نزیکایەتی ئەم دەقە لەگەڵ زمانی سانسکریتیدا حاشاهەڵنەگرە و وەکوو ڕۆژی ڕووناکە. بە کورتی چیرۆکی ئەم دەقە بەم شێوەیە:

لە سـەرەتای سـەدەی نوزدەیەمـدا لە پـاش گەڕان و هەڵکـۆڵینێکی زۆر لە هاتوسـا (بوغـازکوی- تورکیا) پایتەختی کۆنی هیتیان ژمارەیەکی زۆر تابلۆی گڵین (نزیک بە دە هەزار) کە زۆربەیان بە زمانی هیتی بوون دۆزرایەوە. یەکێ لەو نووسراوانە کە بە خەتی میخی و زمانی هیتی نووسراوە لە نێـوان سـاڵەکانی ١٩٠٦-١٩٠٧ زاییـنی دوزرایەوە، ئەم نـووسراوەیە بە **دەقی کەیکـوڵی** ناوبـانگی دەرکـردووە، کە لە ڕاسـتیدا نـووسراوەیەکی ڕێنـوێنییە بـۆ پەروەردەکـردن و ڕاهێنـانی ئەسـپان بـۆ جەنـگ و بـۆ ڕاکێشـانی ئەرابەی جەنـگی کە لەسـەر چـوار تـابلۆی گڵـین و لە ١٠٨٠ دێـردا نووسراوەتەوە. مامۆستای پەروردەکردنی ئەسپەکان کەسێکە بە ناوی کەیکوڵی کە خەڵکی وڵاتی میتانییە. نووسراوەکە بەم شێوەیە دەست پێ دەکا:

**"ئاوا دەڵێ کەیکوڵی ڕاهێنەری ئەسپان لە وڵاتی میتانی"، دوایی کەیکوڵی زۆر بە وردی باسی چەنـدوچۆنی پێـدانی خـۆراک بە ئەسـپەکان و چۆنـایەتی خاوێنکردنەوەیـان و دواجـاریش بەرنامەیەکی ڕێکوپێک بۆ مەشقپێکردنی ئەسپەکان دادەڕێژێ. ماوەی ڕاهێنانەکە ٢١٤ ڕۆژە کە لە وەرزی پاییزەوە دەست پێ دەکات، کاتی ڕاهێنانەکە جیاوازە هێندێ جار بە شـەو و هێندێ جاریش بە ڕۆژە، مەبەستی وایە کە ئەسپەکان وا بارببێنێ کە بتوانن لە ڕۆژێکدا ١٥٠ کیلۆمەتر ڕێگا ببڕن"،** (Ola Wikander, döda språk, 2007).

لەسـەر تابلۆکانی کەیکـوڵی تـوێژینەوەی زۆر ورد و هەمە لایەنە کـراوە، زانایـانی زمانە کۆنەکانی مێزوپۆتـامی بە بەراوردکـردنی ئەم چـوار تـابلۆیە لەگەڵ یەکـتردا لە بـابەت ئەو ئەلفبێـیە کە بەکارهاتووە، شێوەی نووسینیان، و هەروەها زمانی نووسینەکان گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامە کە هێندێک لەم تابلۆانە ڕەسەن (ئورژینال) نین بەڵکوو کۆپی کراون. تابلۆ ڕەسـەنەکان لە سەدەی ١٥ پ.ز. نـووسراون بەڵام کۆپییەکـان لە سـەدەکانی ١٤ و ١٣ پ. ز نـووسراونەتەوە، لە دەقە کۆپییەکانـدا ئەو وشـەگەلەی کە "هیـتی" نـین لێ سڕاونەتەوە. هەروەهـا بەپێی ئەم لێکـۆڵینەوانە کەیکـوڵی و نووسـەرەکان لە زمـانی یەک تێنەگەیشـتوون و وا دەردەکەوێ کە وتەکانی کەیکـوڵی بە یـارمەتی وەرگێڕ و لە لایەن چـوار کەسـەوە نـووسراونەتەوە کە ئاسـتی زانسـتیان لە نووسـین و هەروەهـا لە زمـانی "هیـتی"دا لەیەک جیـاواز بـووە. بـۆیە هەر ئەم کەمـو کوڕیـانە لە لایەکەوە و نەبوونی هێنـدێک دەستەواژەی تـایبەت بۆ مەشـقپێکردنی ئەسـپان لە لایەکی تـرەوە وای کـردوە کە نووسـەرەکان ناچـار بـوون لە وشـە و دەسـتەواژەی زمانـانی تـر وەک سـۆمەری، ئەکەدی،

خۆری (هوری) و میتانی کەڵک وەربگرن. ئەو وشەگەلەی لە تێکستەکەدا کە میتانین ئەمانەن:
(Ola Wikander, döda språk, 2007)

**Aika-wartanna:** بە واتای یەک خول/ یەک گەڕ هاتووە، کە دەتوانرێت بوترێت ئەمە دەقاودەق یەک دەگرێتەوە لەگەڵ زمانی سانسکریتیدا کە دەبێتە "Eka- vartana".

بەر لەوەی پەیوەندیی ئەم دەستەواژەیە لەگەڵ زمانی کوردیدا پیشان بدرێت، پێویستە باسی ئەمە بکرێت کە لە سەردەمی ئەشکانییەکاندا زمانی کوردی کەوتە بەر کاریگەریی زمانی ئەشکانییەوە و هێندێ گۆڕان بەسەریدا هات یەکێک لەوانە گۆڕینی دەنگی "و" بوو بۆ "گ"، وەک وشەکانی "وەرک / وەرگ" بوو بە (گورگ)، " وەریس/ وەریسە" بوو بە (گوریس)، هەر بەم شێوەیە "وتن" (گۆتن)، "ورز" ( گورز). وشاد (گوشاد)، وێز (گوێز)، ئاور(ئاگر)، پیشەوەر(پیشەگەر)، دادوەر، دادوەری (دادگەر، دادگەری)، ویشتاسپ (گۆشتاسپ).

"ئەم کاریگەریی و گۆڕانە لە هەموو شێوەزارەکانی کوردیدا وەک یەک نییە، لە شێوەزاری هەورامیدا کەمترین و لە شێوەزاری سۆرانیدا زۆرترین کاریگەری هەبووە، (خۆدی شێوەزاری سۆرانی دەرهاویشتە و دەرەنجامی کاریگەری زمانی ئەشکانییە لە سەر زمانی کوردی یان بەجۆرێکی تر شێوەزارەی سۆرانی هەمان شێوەزاری کرمانجییە کە کەوتووەتە بەر کاریگەری زمانی ئەشکانییەوە) بڕوانە بۆ کتێبی ناسنامەی زمانی کوردی، فازڵ ئوسوڵیان، ٢٠١٥ ز، بەرگی سێیەم، بەشی هەفتەم تایبەتمەندیەکانی شێوەزاری سۆرانی و زمانی ئەشکانی".

**دەستەواژەی "Aika-war-tanna" لە سێ بڕگە پێک هاتووە، بەم شێوەیە. بڕگەی یەکەم Aika هەمان وشەی "ئێک / ئێکا"یە لە کرمانجیدا کە واتای "یەک" دەدات. بڕگەی دووەم war (وەڕ)، واتای "خول/ دەور" دەدات. کە لە ڕاستیدا "وەڕ" هەمان وشەی "گەڕ"ی کوردییە بە واتای "خول (دەور)"[2] کە لە ژێر کاریگەریی زمانی ئەشکانیدا دەنگی "و" گۆڕدراوە بۆ "گ" کە ئێستا ئەم وشەیە لە کوردیدا وەک " گەڕ" گۆ دەکرێ بۆ نموونە دەڵێن "گەڕ"ێک هەڵپەڕین یان لە "گەڕ"ی یەکەمی کۆبوونەوەکەدا، یان لە گەڕی یەکەمی یارییەکاندا. بڕگەی سێیەم tanna هەمان وشەی "تانە/ دانە"ی کوردییە، ئەگەر**

[2] هەنبانە بۆرینە فەرهەنگی کوردی- فارسی هەژار، ساڵی ١٣٦٩ تاران، ل.پ. ٧٢٥.

**به زمانی کوردیی ئیستا بنووسرێتەوە ئاوای لێ دێت: "یەک- گەڕ-تانە ( یەک- دانە- گەڕ)"، واتای یەک دانە خول (خولێک).**

**Tri-wartanna:** لە سانسکریتیدا دەبێتە "Tri-vartana". بە کوردی ئەمڕۆ دەبیتە "سێ دانە گەڕ"

**Panza-wartanna:** لە سانسکریتیدا دەبێتە "Panca-vartana". وەرگێڕانەکەی بە کوردی دەبێتە "پێج دانە گەڕ" واتا "پێنج دانە خول".

**Satta-wartanna:** لە سانسکریتیدا دەبێتە "Sapta-vartana". لە کوردیدا وشەی سەپتا گۆڕانی بە سەردا هاتووە و بووە بە هەپتا و دواجار هەفت، بە واتای هەفت دانە گەڕ.

**Na-wartanna:** لە کرمانجیدا "نۆ" وەک "نە" گۆ دەکرێ. لە سانسکریتیدا دەبێتە " Nava-vartana". وەرگێڕانەکەی بە کوردی دەبێتە "نۆ دانە گەڕ".

**Assussanni:** بە واتای ڕاهێنەری ئەسپان هاتووە. ئەم وشەیە لە سانسکریتیدا دەبێتە "Asva- sani".

وشەی ئەسوە- سانی، لە دوو بڕگە پێک هاتووە. یەکەم ئەسوە کە بە واتای ئەسپە. بڕگەی دووەم سانی کە بە واتای ڕاهێنەرە.

**ئێستا با بزانین سۆران ح. ڕ چۆنی لێکداوەتەوە:**

نووسەر لە لاپەڕەی ٤٣ کتێبەکەیدا سەبارەت بە دەستەواژەی Aika-wartanna وەهای نووسیوە:

**لە زمانی کوردیدا دەبێتە** yak-bār/jār-dāna (یەک yak/ek + bār/jār "کەڕەت" + dāna "یەکەیەک"). هەر دوو وشەی کوردیی نوێی bār/jār و dāna هاوشێوەی سۆمەریشە. لە سۆمەریدا ara "کەڕەت" و dana "یەکەیە". هەروەها وشەی tāna هوری دەبێتە dana ی سۆمەری و dāna کوردیی نوێ. بەو جۆرە دەربڕینەکانی سەرەوە لە سێ زمانی سۆمەری و هوری و کوردیی نویدا هاوشێوەن.

(١) هوری/ هیتی uar-tanna

(٢) سۆمەری: ara-dana

(٣)کوردیی نوێ: bār/ jār-dāna

لە پاشان سۆران ح. ڕ ئەمەی کردوەتە بنەما بۆ لێکدانەوە و ماناکردنەوەی پاشماوەی دەقەکە. بەڵام هەر وەک ڕوون کرایەوە "war" بە واتای "گەڕ/ دەور"ە نەک بە واتای جار/ بار. لە وەرگێڕانە ئینگلیزییەکەیشیدا وەک (Round) وەرگێڕدراوەتەوە، مەبەست ئەوەیە"ئەسپەکە یەک دانە گەڕ/خول بداتەوە، یان سێ دانە گەڕ/خول بداتەوە و . . . واتا لێرە ئەگەر "جار" لە باتی "گەڕ" دابنرێت ڕستەکە بێ واتا دەبێ. بێجگە لەمەش هیچ یاسایەکی زمانەوانیش لە پشت گۆڕانی "war" بۆ جار نییە. کە وابوو ئیتر لێکدانەوە و مانا کردنەوەی ڕستەکانی تریش لە پەیوەندی لەگەڵ "گەڕ"دا هەڵەیە.

بێجگە لەمە لە ڕستەی ژمارە (١)دا، زمانەکانی هوری و هیتی وەک یەک زمان دانراون، کە ئەمەش بۆ خۆی هەڵەیەکی گەورەیە، هوری و هیتی دوو زمانی بەتەواوی لەیەک جیاوازن، ئەوانەی کە لێکۆڵینەوەیان لە زمانەکانی هیتی و هوری کردووە، پەیوەندییەکی وا لە نێوان ئەم دوو زمانەدا نابینن. زمانی هیتی زۆر بە باشی ناسراوەتەوە و ڕێزمانەکەشی ڕوون کراوەتەوە. تەنانەت لەو سەردەمەشدا واتا ٣٥٠٠ ساڵ پێش ئێستا، کەیکوڵی لە زمانی هیتی تێنەگەیشتووە و بە یارمەتی وەرگێڕ لەگەڵ نووسەرە هیتییەکاندا قسەی کردووە.

هەروەها سۆران ح.ڕ لە لاپەڕەی (٤٤-٤٥)دا کۆمەڵیک وشەی مادی پەیوەندی بە ئەسپ لەگەڵ کوردیی نوێدا بەراورد کردووە، هەرچەند زمانی کوردی بێ هیچ گومانێک پەیوەندی ڕاستەوخۆی لەگەڵ زمانی مادیدا هەیە، بەڵام ئەم بەراوردکارییانەی سۆران ح. ڕ دروست نین و تەنیا سەیری ڕوواڵەتی وشەکان کراوە بێ ئەوەی ڕەچاوی یاساکانی زمانەوانی کرا بێت.

ئەمەش هێندێک لەو وشەگەلە کە لە لاپەڕەی ٤٤ کتێبی مێژووی بزر و نەگێڕدراوەی کورد هاتوون:

| وشە مادیەکان | وشەی بەرانبەر لە کوردیی نویدا |
|---|---|
| aspa-bara (ئەسپ سوار) | aspa-bāra (بارێکە  لەسەر پشتی ئەسپ) |
| aspa-sri (خاوەنی ئەسپی جوان) | aspa-saira (خاوەنی ئەسپی سەر سوورهێنەر) |
| aspa-šuna (قامچی ئەسپ بەدەست) | aspa-šuāna (شوانی ئەسپ) |
| asp-vaiθana ئەو کەسەی کە ئەسپ دەناسێت) | aspa-uasēna (کەسێک کە کونترۆڵی ئەسپ دەکات، ئەسپ دەوەستێنێت). |

١- **aspa-bara:** ئەسپە بارا بە واتای "بارێکە لەسەر پشتی ئەسپ" نییە. ئەم خوێندنەوەیە هەڵەیە. ئەم وشە "ئەسپە بەرە"یە، بەر لە چاوگی بردن، ئەسپە بەرە دواجار گۆڕاوە بۆ ئەسپە بارا، پاشان ئەسوارا  و پاشان وشەی "سوار"ی لێ کەوتووەتەوە. کە وابوو بە واتای "سوار"ە نەک بارێک لەسەر پشتی ئەسپ.

٢- **aspa-sri:** ئەسپە سەرێ بە واتای ئەسپی جوانە و هیچ پەیوەندییەکی بە "خاوەنی ئەسپی سەر سوورهێنەر"وە نییە، ئەم ماناکردنەوەیە بە تەواوی هەڵەیە، نووسەر هیچ بەڵگەیکیشی بۆ ئەم واتایە پێشکەش نەکردووە . sri وشەیەکی کۆنی کوردییە، لە سانسکریتی و لە ئەوێستاشدا هاتووە، بڕوانە بۆ (فرهنگ واژەهای اوستائی، احسان بهرامی، ١٣٦٩ خورشیدی، جلد سوم، ص ١٤٨٢)، هەروەها لە فەرهەنگی ئەوێستایی کانگا لە لاپەڕەکانی ٥٥٤ و ٥٢٢دا شێوەکانی تری ئەم وشەیە بەمجۆرە هاتووە:

srayan= elegance; beauty (k522)

srîra [-]= fair, fine, beautiful (k554)

srī : (۱۰)

to be beautiful or elegant. :سْرِی

زیبابودن یا خوشگل بودن. مـانند واژه سنسکریت است که معنی آن زیبا و نرم ،

ئەم وشـەی لە کـوردیی کرمانجیشـدا لە شـێوەی نـاوی کچانـدا هەر مـاوەتەوە و وەک "سـەرایی" گۆ دەکرێ. چەندین گۆرانیبێژی کورد لە باکووریش گۆرانی "Serayê "یان چریوە کە گۆرانێکی کۆنی کوردییە.

**aspa-šuna -۳:** سۆرانی ح. ڕ لە بەرانبەر "ئەسپا شونا" بە واتای "قامچی ئەسپ بەدەست" دەستەواژەی "شوانی ئەسپ"ی داناوە، کە هیچ پەیوەندییەکی بەم وشەیەوە نییە. ئەگەر بێتو وشـەی ئەسـپ لە ڕسـتەکاندا بسڕینەوە، دەمێنێتەوە وشـەی "قـامچی بەدەسـت" بەرانـبەر بە شـوان، کە ئاشـکرایە قـامچی بەدەسـت و شـوان هـیچ پەیوەنـدییەکی دوور و نزیکیان نە لە باری مانـاوە و نەش لە بـاری زمـانەوانییەوە پـێکەوە نـیـیە. لە ڕاسـتیدا ئەمە زیاتر لە گاڵتە دەچێ هەتا مانا کردنەوە.

**asp-vaiθana-٤:** ئەوکەسەی کە ئەسپ دەناسێت، سۆران ح. ڕ بەرانبەر ئەم دەستەواژەیە نووسـیویەتی " asp-uasēna" (ئەسـپ وەسـێنە، کەسـێک کە کـۆنتڕۆڵی ئەسـپ دەکـات/ ئەسپ دەوستێنێت".

ئەم لێکدانەوە و ماناکردنەوەش بەڕاسـتی وەک گاڵتەی منداڵان وایە، چـونکە دەسـتەواژەیەک وەک "ئەسـپ وەسـێنە" لە کوردیـدا نەبـووە و نیـیە، سـۆران ح.ڕ بـۆ خـۆی دروسـتی کـردووە. نووسـەر لەبەرانـبەر وشـەی "ناسـین" وشـەی "وەسـێنە" لە چـاوگی "وەسـتاندن"ی دانـاوە، کە وەک دیـارە ناسـین هـیچ پەیوەنـدییەکی لەگەڵ وسـتاندندا نیـیە. "وەسـێنە"ش وشـەیەکی زۆر نوێیە و لە کۆندا قەت بەم شێوەیە بەکار نەهاتووە.

سۆران ح. ڕ لە لاپەڕەی ١٤١دا، لێکۆڵەرانی ڕۆژاوایی دەدات بەر ڕەخنە و دەڵێ: "لە ژێر کاریگەری تیـۆری ئاریـدا تێ کۆشـاون کە پەیوەنـدی ئەم دەقە لەگەڵ زمـانی سانسـکریتەوە پیشـان بـدەن بەڵام بێ ئەوەی کە ئەنجامێکی قەناعەتپێکراو بـدەن بە دەسـتەوە! مـن لـێرەدا ئەو لێکـۆڵینەوەیە

كە لێكۆڵەری سـویدی، ئۆلا ویكانـدر لە بارەی ئەم دەقەوە نووسـویەتی پێشكەشـتان دەكەم. كە نیشان دەدا قسەكەی سۆران ح.ڕ لە ڕاستی بە دوورە و بێبنەمایە.

(Ola Wikander, Döda språk, 2007 p 36-37).

ئـۆلا ویكانــدر لەســەر دەق كەیكــۆڵی لێكــۆڵینەوەیەكی ورد و زانســتیانەی كــردووە و زمــانی دەقەكەی لەگەڵ زمـانی سانسـكریتیدا بەراورد كـردووە، مـن لـێرە لە خـوارەوە لێكـدانەوەكانی ویكانــدر لەگەڵ لێكـدانەوەی خـۆم بـۆ وشــەكان و هەروەهــا لێكـدانەوەكانی سـۆران.ح.ڕ لە خشـتەیەكدا دادەنـم. جـا بـا بـزانین ئایا زمـانی میتـانی لەگەڵ سانسـكریتیدا پەیوەنـدی هەیە یان نییەتی. بەڕێز سۆران ح.ڕ دەڵی زمانی میتانی هەمان زمانی كوردییە و ئەوەی كە لێكۆڵەران دەڵێن زمانی میتانی پەیوەندی بە سانسكریتییەوە هەیە ڕاست نییە.

| میتانی | سانسكریت | كوردی | سۆران ح- ڕ |
|---|---|---|---|
| aika-war-tanna | Eka-var-tana | yak-gar-dāna یەك دانە گەڕ | Yak-jār-dāna |
| tri-war-tanna | tri-var-tana | sē-gar-dāna سێ دانە گەڕ | hire-jār-dāna |
| panza-war-tanna | pañca-var-tana | penj-gar-dāna پێنج دانە گەڕ | penj-jār-dāna |
| satta-war-tanna | sapta-var-tana | haft-gar-dāna هەفت دانە گەڕ | haft-jār-dāna |
| assussanni | asvasana | ڕاهێنەری ئەسپان | ئەسپ وەسێن |
| tus-ratta | dus-ratha | خاوەنی ئەڕابەی جەنگی | ------ |
| Mitra | Mitra | میترا / مێهر | میترا/ مێهر |

| | | | |
|---|---|---|---|
| Varuna | Varuna | ئاهورا | ------- |
| Nasatya | Nasatya | ئەناهیتا / ناهید | ------- |
| Indra | Indra | ------------- | ------- |

هەر وەک لێرە دەبێنین زمانی میتانی و سانسکریتی زۆر لەیەک نزیکن، تەنانەت زمانی کوردی نزیکترە بە زمانی سانسکریتیەوە هەتا زمانی میتانی. واتا زمانی میتانی هەمان زمانی کوردی نییە بەڵکوو ڕیشە و بناغەیەکە بۆ زمانی کوردی هەر وەک چۆن زمانی کوردی دەگەڕێتەوە بۆ زمانەکانی ئەوێستایی و سانسکریتی. لێرەدا زۆر بە ڕوونی دەردەکەوێت کە بۆچوونی لێکۆڵەرە ڕۆژاواییەکان لە بارەی نزیکبوونی زمانی میتانی و سانسکریتی زۆر ڕاست و دروستە، بەپێچەوانەوە ئەمە بۆچوون و لێکدانەوەکانی سۆران حەمەڕەشە کە هەڵەیە.

## سەبارەت بە مێژووی ماننایەکان و لێکدانەوەی هەڵە بۆ ناوەکانی ماننایی:

هەر وەک لە سەرەتادا باس کرا، ئەرکی مێژونووس ئەوەیە کە چۆنیەتی ئاڵووگۆڕەکانی سیاسی-کۆمەڵایەتی، ئابووری و فەرهەنگی کۆمەڵگا لە ماوەیەکی دیاریکراودا پیشان بدات، هەروەها کاریگەرییەکانی ئەم ئاڵوگۆڕانە لەسەر چین و توێژەکانی نێو کۆمەڵگا نیشان بدات. بەڵام لە کتێبی مێژووی بزر و نەگێردراوی کورددا ئەوەی کە دیاری نییە خەڵک و ئاڵوگۆڕەکانی نێو کۆمەڵگایە، نووسەر هەر بە دوای نێوی پادشادا گەڕاوە کە نیشان بدات کوردیش پادشای هەبووە، جا ئەگەر ئەو پادشایەش سوڵتان سەلاحەدینی ئەیوبی بووبێ یان گئوماتا یان ئازا پادشای ماننایی.

من لێرە کورتەیەک لە مێژوویی ماننایەکان دەگێڕمەوە، بۆ ئەوەی نیشان بدەم کە چۆن سۆران ح. ڕ مێژوو لە زمانی فەرمانڕەوایانی ستەمکارەوە دەگێڕێتەوە نەک لە ڕووانگەیەکی زانستییەوە.

له پـاش ڕووخـانی میتانییه‌کـان، ڕەوشی وڵاتی کـۆنی کـوردەواری زۆر شـپرزه بـوو. بۆشـایی دەسـەڵاتداری له چەنـدین نـاوچەدا هـاتنه ئـاراوه، که له ئەنجامـدا چەنـدین شانشـینی گەوره و بچووکی تر له ناوچەکەدا سەریان هەڵدا، لەوانه بەشێکی زۆر له ناوچەکانی ڕۆژئاوای کوردستان هەتـا کەرکـووک کەوتـنه ژێـر ڕکـێفی ئاشـوورەوه، له ناوچەکانی بـاکووری کوردسـتان پاشـماوەی هۆزەکانی "هـوری/ خـوری" فەرمـانڕەوایی ئەورارتوویـان پێـک هێنـا که پایتەختەکەیـان شـاری "توشـپا / توشـپه" بـوو له قەراخی شـاری "وان"ی ئێسـتا. له ناوچەکانی ڕۆژهەڵات و باشـووری گـۆلی ورمـێ (ورمـێ، سـەقز و بـانه و مەهاباد و بەشـێک له ئازەربایجـان) فەرمـانڕەوایی ماننـایی دەسـەڵاتیان گرته دەست که پایتەختەکەیان له شـوێنێک بـوو به نـاوی ئێزرتـوو له نـزێکی شـاری سـەقز. هەر وەهـا ژمـارەیه‌کی زۆر میرنشـینی سـەربەخۆ له ناوچەکانی باشـووری کوردسـتان وەک لای سلێمانی و هەورامان و گەرمیان و کرماشان و سنه و هەمەدان سەریان هەڵدا.

پادشـایەتی ئاشـوور له پاش مـاوەیه‌کی کەم دەسـتی دایه فراوانکـردنی دەسـتەڵاتی خـۆی و تێکۆشـا که گشـت ئەو نـاوچەگەله که پێشـتر له ژێردەسـتی میتانییەکانـدا بـوو بێنێته ژێـر ڕکێفی خـۆییەوه، بۆیه به بەردەوامی هێرشی دەکـرده سـەر ناوچەکانی ڕۆژهەڵات، باکوور و باشـووری کوردسـتان، لەم هێرشـانەدا بەزەییـان بەکەسـدا نەدەهـاتەوه، گونـدەکانیان ئـاگر تێ بەردەدا، مەڕ ومـاڵات و خەرمانیـان به تـاڵان دەبـردن، زۆر جـاران منداڵەکانیان دەکوشـت و ژن و پیاوەکانیان دەبـردن و دەیـانکردن به کـۆیله. ئەم ڕەوشـه به سـەدان سـاڵ بەردوام بـوو، به سـەدان شـەڕ وبەرخـۆدان قەوما، به دەیان میر و سەرۆک هۆز گیران و به زیندوویی کەوڵ کران. ستەمکاری ئاشووریيەکان له ڕادەبەدەر بـوو نەک تەنیـا بەرانـبەر به کوردەکـان بەڵکـوو بەرانـبەر به هەمـوو نەتەوەکـانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـت وەک بابلیەکـان و ئیلامییەکـان و ئەورارتوويیەکـان و جوەکـان (موساییەکان) و تەنانەت خەڵکی ئاسایی ئاشووریش.

له سـەرەتادا بەشێکی زۆر له هۆزەکانی کورد پاڵپشتی فەرمانڕەوایی ماننایەکانیان کرد بەو هیوایه که له بەرانبەر ستەمکاری و دەستدرێژییەکانی ئاشـوور بیانپارێزێ. بەڵام به پێچەوانەی ویسـت و هیـوای خەڵـک دەسـەڵاتی ماننـا بـوو به هاوپەیمـان و هاوکـاری ئاشـوور. ئەمه بـوو به هـۆی هەڵسانی ڕق و تووڕەیی خەڵک بەرامبەر به فەرمانڕەوایانی ماننا.

ڕەوشی کـوردان له دۆخـێکی زۆر خراپـدا بـوو، ئاشـووریيەکان پەیتـا پەیتـا هێرشـیان دەکـرد سـەر خەڵـک و بەزەییـان به کەسـدا نەدەهـاتەوه. ڕاپەڕیـن له دژی دەسـەڵاتداری ئاشـوور له چەنـدین

شــوێنی جیاجیــادا ڕوویــان دا بەڵام بە هــۆی یەکنەگرتــوویی هۆزەکــان و بەرتەســکبوونی سەرهەڵدانەکان نەیانتوانی بگەنە ئەنجامێک.

چـۆن و کەنگێ مانناییەکان پادشـایی خۆیانیان دامەزرانـدووە، ڕوون نیـیە. کاتێ لە سـاڵی ٨٢٨ پ.ز. ئاشــوورییەکان پەلامــاری ناوچەکــانی دەوروبەری "گــۆلی ورمێی"یــان دا، پادشــای ماننــا کەسێک بوو بە ناوی "ئۆئاڵ کەی/ ئۆئاڵ کی". هەروەها لە نێوان ساڵەکانی ٧٢٥- ٧١٨ پ.ز" ئێرانـزو" پادشـایەکی بەهێز بـوو و تـوانی دەسـتەڵاتێکی یەکگرتوو لە ماننادا دابمەزرێنێ. "ئێرانـزو" تا کاتی مردنی کەمێک پێش سـاڵی ٧١٦ پ.ز. وەک دۆسـت وهاوپەیمانی ئاشـوور مایەوە. پاش مردنی ئێرانزو کوڕەکەی کە نێوی **"ئاز/ ئازا"** بوو نیشـتە سـەر تەختەوە. ئەویش دەیویست بە هەمـان شـێوەی بـاوکی دەسـتەڵاتداری بکا و هەر وەک باوکی بە هاوپەیمـانی ئاشـوور بمێنێتەوە. کـۆمەڵانی خەڵـک و سـەرۆک هۆزەکـان خوازیـاری نزیکـایەتی و دۆسـتایەتی لەگەڵ ئاشــووردا نەبـوون. ئەوان ئاشـووریان وەک دەسـتەڵاتێکی سـتەمکار، داگیرکەر و نـاڕەوا دەنـاسی. بـۆ ئەوان گـرتن و بـردن و فرۆشـتنی مرۆڤەکان وەک ئـاژەل کـردەوەیەکی نـامۆ و نامرۆڤـانە و دژ بە بـیر و بـاوەڕی ئایینیـان دەژمـێردرا، هەر بـۆیەش سێ کەس لە سـەرۆک هـۆزە بەهێزەکـان **"مەتـا- تی"** سـەرۆکی هـۆزی زیگرتـو، **"تلـۆ سـینا"**[3] سـەرۆکی هـۆزی ئانـدیا و **بەگداتوو** فەرمانڕەوای هـویش دێش (ناوچەی مەراغە) لە دژی **"ئاز"** پادشای ماننا ڕاپەڕین و دوای دەستگیرکردن و کوشتنی، تەرمەکەیان فڕە دا.

لە پاش کوشتنی "ئاز/ئازا" بەگداتوو بۆ ماوەی چەند مانگێک دەستەڵاتی گرتە دەست. بەڵام مـاوەیەکی زۆری نەخایانـد کە سـارگۆنی دووەم پادشـای ئاشـوور بەپەلە خـۆی گەیانـدە ئەوێ و تـوانی بەگداتوو دەستگیر بکا و فەرمانی دا کە هەر بەزینـدوویی کەوڵی بکەن و لەشەکەیشی ـ بۆ پەنـد لە پـێش چـاوی خەڵـک هەڵـواسی، (دیاکونوف، کشـاورز، ١٣٤٥: ٢٦١). [بەگـداتوو یـان بەغــداتوو نــاوێکی کــۆنی زەڕدەشــتییە، لەوانەی لە نەوەکــانی زەڕدەشــت بــووبێ، چــونکە زەڕدەشتیش بـۆ خـۆی پێشـتر فەرمانڕەوای "ماد- ڕاغە" بـووە. "بەغدات" بە واتـای خـودادادە،

[3] **تلۆ سینا:** تلۆی کوڕی سینا، سەرۆکی هۆزی ئاندیا کە لەگەڵ بەگداتوودا لە دژی ئازا پادشای ماننا ڕاپەڕی. تلۆ ناوی خۆیەتی و سیناش ناوی باوکیەتی. ناوی تلۆ/ تێلۆ،ئێستاش لە شێوەزاری کرمانجیدا هەر باوە. "حەسەن تێلۆ شکاک (حەسەنی کوڕێ تێلۆ) یەکێ لە هاوڕییانی قازی موحەمەد بوو لە سەفەری ڕووسیادا(سوڤیەت). هەروەها ڕێبەری ڕێکخراوی "یەکیەتی لیبراڵی کوردستان لە ڕوژئاوا ناوی "فەرهاد تێلۆ"یە. **"سینا"**ش ناوێکی کۆنی ئێرانییە. ناوی باپێرە گەورەی زانای بەناوبانگ "ئەبو عەلی حوسین کوڕی عەبدوڵڵا" کە لە ساڵی ٣٥٦ کۆچیدا لە "بوخارا" لە دایک بووە "سینا"بوو، هەر بۆیەش بە ئەبۆ عەلی سینا بەناوبانگە.

**"و"**یَ لە پاش ناوی بەغدات پاشگرێکی باوی مادییە کە ئێستاش لە کوردی شێوەزاری کرمانجیدا هەر ماوەتەوە].

**کە وابوو لێرەدا دیار دەبێ کە "ئاز"ی ماننایی کە پاشای کوردان بوو لە ڕاپەڕینێکدا بە دەستی خەڵکی ناوچەکە کوژرا.**

ئەمجا کوڕەکەی تری ئێرانزو کە ناوی ئۆلۆسۆنۆ بوو دانرایە سەر تەختەوە. ئۆلۆسۆنۆ لە ژێر گۆشاری سەرۆکەکانی تردا ماوەیەک پشتی لە ئاشوور کرد، بەڵام دواجار ناچارما خۆی بدا بەدەستەوە و جارێکی تر خوی هاویشتە پاڵ سارگۆن، ئەویش فەرمانڕەوایی بۆ گەڕاندەوە.

ماننا لە کاتی ڕاپەڕینی مادەکان لە دژی ئاشوور لە ساڵەکانی ٦٧٣ پ.ز دا یارمەتیدەر و هاوپەیمانی مادەکان بوو، بۆیە لە ساڵی ٦٦٠ پ.ز ئاشوورییەکان بە سەرکردایەتی نبو- شار- ئوسور بە مەبەستی تولەسەندنەوە دیسانەوە هێرشیان کردە سەر وڵاتی ماننا. "ئاخسەری (Axseri)" پادشای ماننا زۆری تێکۆشا کە بەرەنگاری ئاشوورییەکان ببێتەوە، چەندین شەڕ لە نێوانیاندا ڕووی دا سەرەنجام ئاشوورییەکان سەرکەوتن وئاخسەری تێکشکا و ناچار ما "ئیزرتوو" پایتەختی خۆی (لە نزیکی شاری سەقز) بەجێبهێڵێت و بەرەو "ورمەت Ormete (ورمێ/ ئورومییە)" پاشەکشێ بکا.

**بەڵام لێرەدا یەکێ لە سەیرترین ڕووداوەکانی مێژوو قەوما، "کۆمەڵانی خەڵکی ئاسایی وهەژارەکان کە لە دەستەڵاتداری ئاخسەری و هەڵاتنی لە بەرامبەر دوژمندا توڕە و بێزار بوون لە دژی ڕاپەڕین و ئاخسەری و بنەماڵەکەی و هەموو ئەو سەرکردە و میرانە کە لەگەڵیدا بوون کوشتن و لەشەکانیان لە کۆڵانەکاندا فڕە دا، (دیاکونوف، کشاورز، ١٣٤٥: ٣٤٩-٣٥٠). ئەمە یەکێ لە گرینگترین ڕووداوەکانی مێژوویی ئەو سەردەمە بوو، خەڵکی ئاسایی لە دژی فەرمانڕەوایانی خۆیی ڕاپەڕین و لە شۆڕشێکدا فەرمانڕەوایانی خۆیانیان بە سزای مەرگ گەیاند.**

"دیاکۆنۆف بە سەرسوورمانەوە لەم ڕووداوەی ئەو کاتە دەڕوانێ و دەنووسێ: هەڵکردنی ئاڵای ڕاپەڕین دژ بە زۆرداران و ستەمکارانی ناوخۆ نیشانەی ئەو تێکوشانە کۆمەڵایەتی و ئەو هاوکاریی ناوخۆیی جەماوەرییە بوو کە لە نێو نەتەوەکانی دیکەدا لەبەر هێندێک هەلومەرجی مێژوویی

کۆمەڵگـای کـۆیلەداری لە ڕۆژهەڵات، ئەو هەسـت و بـیرە هێشـتا نەهـاتبووە گـۆڕێ، (هاونەتەوەیی کورد و ماد حەبیبوڵای تابانی، ٢٠١٠ هەولێر، ل.پ ١٥٣).

"ئۆئاڵ کەی/ئۆئاڵ کی" کـوڕی ئاخسـەری کـوڕەکەی خـۆی نـارد بـۆ لای پادشـای ئاشـوور بـۆ ئەوەی یـارمەتی بـدات، لەوە دەچێ بەشـێوەیەک یـارمەتی وەرگرتبێـت چـونکە دەسـتەڵاتیماننـا هەرمـایەوە و تەنانـت لە کـاتی جەنـگی مادەکـان و بابلییەکـان لە دژی ئاشـوور، ماننـا لە پـاڵ ئاشـووردا مـایەوە و هاوپەیمـانی ئاشـوور بـوو، بەڵام لە شـەڕێکدا وا لە بەرانـبەر بابلییەکـانەوە تێکشـکان کە ئێتر وزەی هەڵسانەوەیان لێ بـڕا و ناوچەکانی ماننا لە دەوروبەری سـاڵانی ٦١٦ – ٦١٥ پ.ز کەوتە ژێر فەرمانڕەوایی هوخشترە (کەیخسرەو) پادشای ماد.

**بەڵام ئێستا با بزانین سۆران ح. ڕ چۆن ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە:**

"ئێرانزوو لە ساڵی ٧١٦ پ.ز دا کۆچی دوایی کرد، سەرجون، ئازا-ی کوڕی ئێرانزوی خستە سەر تەخـتی پادشـایی. ئورارتـو، بە هانـدانی کۆمەڵێـک لە حوکمرانەکانی دەوڵەتی مانـایی، ویسـتی کە کـاریگەری ئاشـوریەکان کەم بکـاتەوە بەوەی کە لە پادشـا ئـازا هەڵگەڕیـنەوە. لە ئەنجامـدا لە ٧١٦ی پ.ز دا پادشـا ئـازا بە دیـلی و لە لایەن "حـوکمڕانە یاخیەکـانەوە" کـوژرا. سـەرجون هەڵـگەڕانەوەکەی شـکاند و دوابەدوای ئەوە بـرایەکی ئـازا بە نـاوی ولوسـونو-ی کـردە پادشـای نوێی مانابیەکان. (سۆران.ح.ڕ ٢٠٢٢: ٢٥٤).

واتـا لـێرە ڕاپەڕیـنی سێ لە هـۆزە گەورەکانی ئەو سـەردەمە لە دژی ئـازا (کە پیـاوی ئاشـوور بـوو) وەک هەڵـمەتی "حـوکمڕانە یاخیبووکان" ناویـان لێ دەبرێـت، نەک وەک ڕاپەڕینێکی خەڵکی لە دژی فەرمانڕەوایانی گەندەڵ و ملکەچی ئاشـوور، دوایش نـاڵێ کە "سـەرجون" ڕاپەڕیـنی خەڵکی سـەرکووت کـرد و گوێلەمسـتێکی خـۆی لەسـەر تەخـت دانـا، بەڵکـوو دەڵێ: **هەڵـگەڕانەوەی یاخیبووەکانی تێک شکاند و ولوسونوی کردە پادشا!** (سۆران.ح.ڕ ٢٠٢٢: ٢٥٤). سۆران ح. ڕ بە جۆرێـک ڕووداوەکـان بـاس دەکـات کە گەلی کـورد دەبێ مەمنـوونی سـەرجون بێـت کە شۆڕشگێڕانی سەرکوت کردووە و پادشای بۆ کوردان داناوە!

دیسانەوە لە لاپەڕەی ٢٥٥دا باسی کـوژرانی "ئاخسـەری" [سـۆران ح. ڕ نـاوی ئاخسـەری وەک "ئاهشـێری" نووسـیوە لە کاتێکـدا لە لایەن دیـاکۆنۆف و مێژوونووسـانی دیـکەوە هەر وەک

ئاخسەری ناوی هاتووە] پادشایماننا لە لایەن خەڵکی شاری وەرمەت (ورمێ)یەوە، وەها دەگێڕێتەوە:

"ئاشوربانیپاڵ پادشای ئاشور هەڵمەتێکی سەربازی دەسپێکرد لە دژی پادشای مانایی ئاهشێری. مانایییەکان شکان و ئاهشێری پایتەختی دەوڵەتەکەی، ئیزرتوی بەجێهێشت و خۆی لە یەکێک لە قەڵا سەربازیەکانی توند کرد. سوپای ئاشوری دەوری پایتەختی مانایییەکان و چەند قەڵایەکی تری مانایییەکانی دا. بەڵام مانایییەکان هێندە هێزیان هەبوو کە بتوانن بەرامبەر بە داگیرکاریەکە بووەستنەوە. سوپای ئاشوری ناوچەکانی دەوری شارەکەی ویرانکرد و ئەنجا مانایان بەجێهێشت. ئەو شکانە پێگەی ئاهشێری لە ناو خەڵکەکەیدا لاواز کرد کە بریاریاندا بێکوژن. کورەکەی ولیَ قەبوڵی باڵادەستی ئاشوریەکانی کرد و بوو بە پادشای نوێی مانایەکان و باجی ساڵانەی بە ئاشوریەکان دا، (سوران ح.ڕ ٢٠٢٢: ٢٥٥)".

واتا دیسانەوە لێرەش نووسەر باسی ڕاپەڕینی خەڵک لە دژی فەرمانڕەوایانی گەندەڵ و ترسنووک ناکات، بەڵکوو بە یەک ڕستەی کورت "بڕیاریان دا بیکوژن" ڕووداوەکە بە دوایی دێنێت.  واتا وەک ئەوەێ هیچ ڕاپەڕینێک لە دژی ئاخسەری (ئاهشێری) ڕووی نەدا بووبێت. لە کاتێکدا دەتوانین بڵێین کە ئەوە بۆ یەکەمین جار بوو لە مێژوودا کە خەڵکی شارێک "وەرمەت (ورمێ)" لە دژی فەرمانڕەوایەکی خۆیی ڕاپەڕین و پادشا و داروودەستەکەیان بە هۆی خەیانەت و ڕاکردنیان لە بەرانبەر دوژمندا تێکرا کوشتن.

## لێکدانەوەی هەڵە بۆ ناوەکانی ماننایی:

سۆران ح. ڕ. ناوەکانی ماننایی چ ناوی پادشاکان و چ ناوی ناوچەکانی بەهەڵە مانا کردوتەوە. بۆ نموونە چاو لەم ناوانەی خوارەوە دەکەین:

### ئێران- زوو:

سۆران ح.ڕ.  باسی واتای ناوی "ئێرانزوو" کە گەورەترین پادشای ماننایکان بووە نەکردووە. دوو هۆکاری هەیە، یەکەم لە واتای ناوەکەی تێ ناگات، دووەم وشەی "ئێران"ی لەگەڵدایە. سۆران ح. ڕ لە لاپەڕەی ١٨٤ی کتێبەکەی خۆیدا لە سەر وشەی ئێران ئاوای نووسیوە:

"له ڕاستیدا، ناوی "ئێران" یەکەم جار بە ئێرانشەهر لەلایەن ساسانییەکانەوە ئاماژەی پێکراوە. بەڵام سەرچاوە ئیسلامیەکانیش ئاماژەیان بە ئێرانشەهر کردووە، ئەڵمەقدیسی۔ (لە ۹۹۱دا کۆچی دوایی کردووە) دەڵێت کە ئێرانشەهر شوێنێکە لە نیساپور (نێشاپوری ئەمرۆ) و . . . " (سۆران ح. ر ۲۰۲۲: ۱۸٤).

بەڵام ئەی چۆن ناوی یەکێ لە پادشاکانی ماننایی "ئێران-زوو" بووە؟ واتا هەزار ساڵ پێش ساسانییەکان ناوی ئێران لە کوردستاندا هەبووە؟ مانای "ئێران-زوو" چییە؟ سۆران حەمەڕەش بێ دەنگی لێوە کردووە و هیچی نەوتووە.

**ئاز/ئازا:** ناوی پادشایەکی ماننایە، کوڕی ئێرانزوو بوو. سۆران ح. ڕ ناوەکەی بەم شێوەیە مانا کردوەتەوە:

**azā:** بوێر، بەهێز، هێشتا وەکو ناوی کوڕ لە ناو کورد دا ماوە (سۆران ح. ر ۲۰۲۲: ۲۵۱).

ئەم لێکدانەوەیە بە تەواوی هەڵەیە. جارێک خودی وشەی ئازا بە واتای دلێر لەسەردەمی مانناییەکان و مادەکان و تەنانەت هەتا سەردەمی ساسانییەکانیش هەر وەک "ئازاتا / ئازات" گۆکراوە، ئازاتەکان واتا دلێرەکان یان پاڵەوانان لە کۆمەلگای ئەشکانی و ساسانیدا توێژێکی تایبەتی کۆمەڵگا بوون و زۆر جێگای ڕێز بوون. هەر ئەم ناوە لە کوردیدا گۆڕان بەسەریدا هاتووە و ئەمڕۆ بووە بە "ئازا". بەڵام لە فارسیدا بە شیوەی "ئازاتە/ئازادە (آزاده)" هەر ماوەتەوە. لە شۆڕشی "ژینا"دا لە ساڵی ۲۰۲۲دا ژنانی ئێرانی دروشمیان دەدا لە دژی دەسەڵات و دەیان گوت (هیز تویی، هرزە تویی، زن **آزادە** منم) واتا "حیز تۆی، هەرزە تۆی، ژنی ئازا و دلێر منم). کە وابوو ئەگەر مەبەست لە ناوی "ئاز" بە واتای دلێر بووایت دەبووای ناوەکە وەک "ئازاتا / ئازات" بووایت کە وا نییە، با ئێستا بزانین واتای ناوەکانی ئازا و ئێرانزوو چییە:

**ئێرانزوو:** ئێرانزوو ناوێکی کوردییە، بە واتای "خودای ڕووناکی ئێرانە"، ئەمە بۆ یەکەمین جارە کە وشەی **ئێران** لە مێژوودا دەردەکەوێ. ناوی ئێرانزوو لە دوو بڕگە پێک هاتووە، یەکەم ئێران کە مەبەست وڵاتی "ئاری"یەکانە. ئەم وشەیە جێگای وشەی "ئاریانا"ی گرتووەتەوە و بڕگەی دووەمی ناوەکە **"زوو"** خودایەکی کۆنی کوردی/ ئێرانییە، پێکەوە واتای خودای ڕووناکی ئێران دەدات. ژمارەیەکی زۆر لە لێکۆڵەران و شارەزایانی بواری مێژووی کۆنی ئێرانی لەو باوەڕەدان کە وشەی **"زوو"** کورت کراوەی **"زروان / زوروان"**ە، هەروەها لە ئەوێستا و لە شاهنامەی

فێردەوسیشدا باسی یەکێ لە پادشایانی "پێشدادی" (پێش لە داد / پێش لە ئایینی زەردەشتی) کراوە بە ناوی **"زوو"** کوڕی تەهماسپ کە ماوەی ٥ ساڵ فەرمانڕەوایی کردووە[4]. (لە ئەوێستادا، وشەی پێشدادی وەک "ئەپەر- داتا " هاتووە کە "ئەپەر" ئێستا لە کوردیدا بووەتە "بەر" و" داتا "ش هەمان دادی کوردییە).

**فێردەوسی لەسەر "زوو" ئاوا دەڵێ:**

ندیدند جز پور تهماسب **زو**

که زور کیان داشت و فرهنگ گو.

**هەروەها حافزی شیرازیش ناوی "زوو"ی هێناوە[5]:**

شکل هر سر مه میدهد نشان

از افسر سیامک و ترک کلاه **زو**

**هەروەها لە نێو سرودەکانی" یارسانی"شدا باسی زوو وەک خوداوەندی ڕووناکی کراوە،** ئەم سرودەی خوارەوە هی "داود کۆسوار"ە کە یەکێکە لە پیرانی یارسانی لە دەوروبەری ساڵانی ١٣٥٠ – ١٤١٩زایینی. ئەمەش دەقی سرودەکەیە:

**"نە هەیهات هو نە هەیهات هو**

**سەف سەف مەنهۆ نە هەیهات هو**

**چلتەن گرد ئامان بی وە قاو وقو**

**دونیا ڕۆشن بی وە فەرمان زوو**

**تاری مەرگ و شەڕ گریزان چون دو**

---

[4] http://www.loghatnaameh.org/dehkhodaworddetail-f99c3aff570c422baff65e2182ac9d7d-fa.html (2013-06-09)

[5] http://www.loghatnaameh.org/dehkhodaworddetail-f99c3aff570c422baff65e2182ac9d7d-fa.html (2013-06-09)

**یانەی تاریکیش کەرد ژێرورو**

**چەنی چلتەنش نمانا ئەرجو**

واتاکەی بەم شێوەیە:

یاران بە وتنەوەی هـوو هـوو ڕیزیـان بەسـتووە، (چلتەن)یش بە هەمـان شـێوە هـاتوون و هەیا وهـوو دەکەن. دونیـاش بە فەرمـانی زوو (زەروان) ڕوونـاکبووتەوە و تـاریکی و مەرگ و جەنـگ وەک دووکەڵ هەڵ هاتن وخانەی تاریکی سەر وبن کرا، (ئەیوب ڕوستەم، ٢٠٠٦: ١٢١)".

**کەوا بـوو لێرەدا ڕوون دەبیتەوە کە وشـەی "زوو" وشـەیەکی " کـوردی"یە و نـاوی یەکێ لە خودایانی کۆن بووە.**

**ئـاز/ ئـازا:** وشـەی "ئـاز/ ئـازا" لە کوردیـدا چەنـد واتـایەک دەگەیـنێ لەوانە "خـێرا" کە زۆرتـر لە ناوچەکانی شارەزور و هەورامان وسنە و کرماشان بەکار دێت هەروەها واتای "دلێر و چالاکیش ئەدا"[6]. بەڵام مەبەست لەم **"ئاز/ ئازا"**یە هیچکام لەمانە نییە، بەڵکوو **"ئاز"یش خـودایەکی کـۆنی ئـێرانی بـوو کە خـاوەن هـێزێکی لەبـن نەهـاتوو بـووە.** خودایـانی کـۆنی هینـدوئێرانی کە "دئۆ"یان پێ دەگـۆت، ژمارەیان زۆر بـوو و خەڵکیش ناچـار دەکـران کە قوربانیـان بـۆ بکەن کە ئەمە دەبووە هـۆی بارگرانی بەسـەر شـانی خەڵکەوە. بۆیە پاش بڵاوبوونەوەی ئاییـنی زەرەدەشـتی لـۆمە لە پەرەسـتنی "دئو"کـان" کـرا، کە وای لێ هـات دواجـار بـوون بە هـێزی تـاریکی و درۆ و خراپی. ئێستا وشـەی دێو جێگای دئوی گرتووەتەوە. وا دیارە ناوی **"ئاز"** هێن ئەو سەردەمەیە کە هێشتا "دئو"کان نەبووبیتن بە دێو. (ئەو سەردەمە سەرەتای سەرهەڵدانی ئاییـنی زەرەدەشـتی بووە و وا دیارە کە هێشتا نەبوو بە ئایینێکی گشتگیر لە هەموو ناوچەکەدا).

لە میتۆلـۆژی ئافرینیشی ـ ئاییـنی "زرِوانی"دا ئـاوا هـاتووە: لە سـەرەتادا جێهـانی ئێمە نەبـوو، تەنیا دوو گەوهەر هەبـوون، گەوهەری ڕۆشـنایی و گەوهەری تـاریکی . گەوهەری ڕۆشـنایی بـاش و جوان بوو، گەوهەری تاریکیش ناحەز و خراپ. لە نێو سرودە ئایینییەکانی یارسانیشدا (سرودی ڕمزبار)[7] ناوی **"ئاز"** وەک خودای تاریکی هاتووە:

---

[6] فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە هەژار، تاران ١٣٦٩، لاپەرە ٥.

[7] یارسان لە نووسینی ئەیوب ڕوستەم ساڵی ٢٠٠٦ زایینی، ل.پ ١٤٦.

پەی دەرون شاد پەی دەرون شاد

شام ڕۆشنیش وست پەی درون شاد

ئەو كۆی چل نورش هەركە كەرد ئیجاد

چل مەشعەلش دا وە ئۆسای ئیرشاد

نە لەوح حەجەر شا كەرش بنیاد

**"ئاز"** و تاریكی گوریزان چون باد

واتاكەی: بۆ دەرونی شاد، شام ڕوونـاکی خستە دەڕوونمانەوە و شادبوونەوە، ئەو كاتەی "چلتەن"ی ئافراند و چل مەشخەڵی ڕێنماییكردنی دایە دەستیان، (كە پەیامە ڕووناكیبەخشەكانیان) وەک نووسراوەیەكە كە لەسەر بەرد نەخشێندرابێ، لە بەر ئەم ڕوشناییەدا **"ئاز"** و تاریكی وەک با هەڵهاتن.

لێرەدا دەبێ ئەوە وەبیر بێنینەوە كە وشەكانی **"ئاز و ئازا"** هەر یەک وشەن. بە ڕای زانایانی بواری زمانە كۆنەكانی ئێرانی زۆربەی وشەكانی مادی بە تایبەت ناوەكان بە پیتی " ا " كۆتاییان پێ هاتووە بۆ نموونە ماد (مادا)، پارس (پارسا)، پارت (پارتا)، كار (كارا)، داد یان دات (داتا)، دەس (دەسا)، ئەسپ (ئەسپا)، پەراسو (پەراسوا). بەپێی ئەم ڕێسایە **"ئاز"** یش هەر هەمان **"ئازا"**یە. ئەم "ا"یە كە لە پاش وشەكان دەهات لە سەردەمی ئەشكانییەكاندا لە پاش وشەكان كەوت.

## لێكدانەوە و مانا كردنەوەی هەڵە بۆ وشەكانی تری مانناییی:

سۆران ح. ڕ لێكدانەوەی بۆ ژمارەیەكی تر لە وشە مانناییەكان كردووە كە مەگەر بە دەگەمەن یەكێكیان ڕاست بێ دەنا هەموویان هەر بە لێكچوونی ڕۆاڵەتی وشەكان لەگەڵ كوردیی ئەمڕۆدا و بێ ڕچاوكردنی یاساكانی زمانەوانی مانا كردووەتەوە كە بێ واتان و لە باری زمانەوانییەوە هەڵەن. ئەمانەی خوارەوە تەنیا چەند نموونەیەكن لەو كۆمەڵە وشەگەلە كە لە لاپەڕەكانی ٢٥٢ و ٢٥٣ كتێبەكەدا هاتوون:

١- **bagdatti،** (ناوی پادشایەکی مانایییە): بە واتای بەگ+ زادە، وەچەی بەگ (سۆران.ح.ڕ. ٢٠٢٢: ٢٥١).

جارێ شێوەی دروستی ئەم وشەیە "بەگداتوو (Bagdattu)ە، ئەم وشەیە لە جەنگنامەکانی ئاشووریدا هاتووە. بەگ بە واتای خودایە "دات"یش بە واتای دات/ داو لە چاوگی "دان"ە. مانای وشەکە دەبێت خودادات/ خوداداد/ خوداداو. ئەم وشەیە لە لایەن دیاکۆنۆڤەوە لە ئەکەدییەوە وەرگێڕدراوەتەوە. لەسەر ئەم وشەیە لە ڕوونکردنەوەی ژمارە ٢٤٦دا (دیاکونوف، کشاورز ١٣٤٥: ٦٥٦-٦٥٧) وەهای نووسیوە:

"لێکۆڵینەوە لە شێوەی گۆکردنی ناوەکانی ئێرانی لە خەتی ئەکەدیدا، گومانی تێدا ناهێڵێتەوە کە بەگداتوو هەمان "بەگداتا" بە واتای (خوداداد)ی ئێرانییە. (دیاکونوف، تاریخ ماد، ترجمە کشاورز ١٣٤٥خورشیدی، ص ٦٥٦-٦٥٧)". کە وابوو ماناکردنەوەی وشەکە بە بەگزادە هەڵەیە چونکە "زادە" لە چاوگی "زایین"ە و دادە لە چاوگی "دان" دوو وشەی بە تەواوی لەیەک جیاوازن.

٢- **ahšeri،** (ناوی پادشایەکی مانایییە): بە واتای وریا، خاوەن بیر و هۆش، (سۆران.ح.ڕ. ٢٠٢٢: ٢٥١).

ڕاستەکەی نازانم کێ ئەم وشەیە وەک "ahšeri" وەرگێڕاندوەتەوە، چونکە لە کتێبە مێژوویەکاندا و بەتایبەت لە کتێبی مێژووی مادی دیاکۆنۆڤدا وشەکە وەک ئاخسەری (Axseri) هاتووە، (دیاکونوف، تاریخ ماد، ترجمە کشاورز ١٣٤٥خورشیدی، ص ٣٣٢، ٣٤٨)، کە من پێم وایە ئەمە دروستەکەیەتی. بەڵام ئەگەر وای دابنێین کە ئەم وشەیە "ئاهشێری" بێت، چ پەیوەندێک هەیە لە نێوان ئاهشێری و هۆشیاردا، نووسەر چۆن و لە چیدا ئەم پەیوەندییەی دیوەتەوە؟ ئایا قەت لە نووسراوە کۆنەکانی کوردی یان فارسی یان زمانێکی تردا "ئاهشێری" بە واتای هۆشیار هاتووە؟ بێجگە لەمەش ڕاستە کە "هۆش" وشەیەکی کۆنە بەڵام هۆشیار وشەیەکی نوێیە.

هەر وەک باس کرا ئەم وشەیە "ئاخسەری"یە، ناوی یەکێک لە پادشایانی مانناییە، ئەم ناوەش وشەیەکی ئێرانییە. دوو ئەگەر بۆ واتای ناوەکە هەیە، یەکەم: دەتوانێ واتای پادشا بدات، بۆ نموونە ناوی کەیخسرەو پادشای ماد لە کۆندا بە شێوەی" کەی ئاخسارا" بە واتای

پادشای گەورە هاتووە کە ئەگەر وشەی " کەی" لێ هەڵگرین "ئاخسارا واتای پادشا دەدات. "ئاخسارا" لەگەڵ "ئاخسەری"دا جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە، دەتوانێ شێوەیەکی گۆکردنی تایبەت بە ماننایییەکان بێت بۆ وشەی"ئاخسارا ". دووەم وشەی" ئاخسا" لە زمانی ئەوێستاییدا واتای ئامۆژگاری کردن، ئاگا کردنەوە، تێگەیاندن دەدا،بڕوانە بۆ (یادداشتهای گات ها، پورداود، سال ١٣٨١، ص ٢٧٤ هات ٤٦ بند ٢). شێوازی دروستکردنی ناوی بکەر لە ئەوێستاییدا هەر وەک کوردی وایە بۆ نموونە تاشان (تاشەر)، داتا (داتەر)، (بڕوانە کانگا دیکشنێری). کە وابوو ناوی بکەر بۆ "ئاخسا" دەبێتە ئاخسەر، کە واتای ئاگاکەر، ئامۆژگاریکەر یان بە زمانی ئەمڕۆ واتای مامۆستا دەدا. بەڵام بە ئەگەرێکی زۆر هەر شێوەیەکی ترە لە گۆکردنی ناوی ئاخسارا بە واتای پادشا.

٣- **kilzanu**، (ناوچەیەکە): بە واتای زانای مەزن، kalzānā /kilzānā، لە هوریدا kil و لە سۆمەریدا gal مانای مەزن دەدات، (سۆران.ح.ڕ. ٢٠٢٢: ٢٥١).

ئەم وشەیە بەوجۆرەی کە نووسراوە، دەبێت وەک "کێل زەنو" بخوێندرێتەوە. بەڵام نووسەر بە کەیفی خۆی وشەکە دەستکاری دەکات، زەنو دەکات بە زانا و "کێل"یش دەکات بە کەڵ واتا وشەکە دەکاتە کیڵ زانا و کەڵ زانا و دواجار دەنووسی بە واتای "زانای مەزنە". جارێک خۆدی وشەی کێل لە هیچکام لە فەرهەنگەکانی کوردیدا بە واتای"مەزن"ی نەهاتووە، وشەی "کەڵ"یش بە واتای گەورە نییە، بەڵکوو بە واتای "زل و زەلام"ە. زل جیاوازیی هەیە لەگەڵ گەورەدا. بێجگە لەمانەش ئەم وشەیە لە کتێبی مێژوویی مادی دیاکۆنۆڤدا وەک "گیڵزان" هاتووە. [ئەم ناوچەی بریتی بوو لە ناوچەکانی شکاکان و حەکاری هەتا نزیکی موش= نووسەر]. لە لاپەڕەی ١١٦ کتێبی (تاریخ ماد، دیاکونوف) وەها هاتووە: ناوچەی ڕۆژاوای دەریاچەی ورمێ واتا "گیلزان"ی لە سەدەی نۆهەمی پ.ز. ناوچەیەکی سەربەخۆ بوو، بەڵام دواجار ئورارتوو یانماننا دەستیان بەسەردا گرت و هێندێ جاریش لە نێوان خۆیان دابەشیان دەکرد. (تاریخ ماد، دیاکونوف، کریم کشاورز، ١٣٤٥ خورشیدی، ص ١١٦).

٤- **missi**، (ناوی ناوچەیەکە): misī بەواتای وەکو مسە، لە ڕەنگی مسە (mis کانزایەکی زەردباوە + ī پاشگرێکە کە ئاوەڵناو دروست دەکا). (سۆران .ح.ڕ.٢٠٢٢: ٢٥٢).

نووسەر هیچ بەڵگەیەک بۆ ئەم بۆچوونەی خۆی پێشکەش نەکردووە، بۆچی مێسی هەر بە واتای ڕەنگی مسە، شوێنەکەی لە کوێیە، ئایا ڕەنگی شوێنەکە یان خاکەکەی سوورە وەک مس؟ ئایا لە بەڵگە مێژووییەکاندا یان لە شوێنێکدا ئاماژەی پێ کراوە. نووسەر دەتوانێ بۆچوونی خۆی هەبێت بەڵام دەبێ بەڵگەی سەلمێنەری پێی بێت و نیشان بدات کە بۆچی ئەم وشەیە پەیوەندی بە ڕەنگی مسەوە هەیە؟

٥- **šuandahul** (ناوچەیەکە): بە واتای دۆڵی شوان، šuāndahol (dol + šuān)، (س.ح. ڕ ٢٠٢٢: ٢٥٢).

ماناکردنەوەی ئەم وشەیە بەم شێوە لە ڕاستیدا لە گەمەی منداڵان دەچێت. جارێ خۆدی وشەی "شوان" وشەیەکی نوێیە و لەسەردەمی ماناکاندا ئەم وشەیە بەم شێوەیە نەبووە. لێرەدا هێندێک ڕوونکردنەوە پێویستە:

وشەی شوان لە زمانی ئەوێستاییدا وەک "fšu-yant" هاتووە (دیاکونوف، کشاورز ١٣٤٥، ص ٢٤٠)، وشەی "fšu" لە ئەوێستادا هەم بە واتای پەز و هەم بە واتای "شەگەل/ ڕانە پەز" هاتووە، بڕوانە بۆ: (فرهنگ واژەهای اوستا، احسان بهرامی، ١٣٦٩ خورشیدی تهران ص ١٠٠٠).

لە سەردەمی ئەشکانییەکاندا دەنگی "ف" لە پێش "ش" لە وشەکانی ئەوێستایی و مادیدا کەوت، بۆ نموونە وشەی فشەرم بوو بە شەرم و فشو بوو بە شو، بڕوانە بۆ: (فرهنگ فارسی بە پهلوی بهرام فرەوشی، ١٣٨٠ دانشگاه تهران، ص ١٨١). ئەم وشەی لە پەهلەوی ئەشکانیدا (کوردیی میانە) بوو بە "šu" بە واتای پەز و šupān بە واتای شوان. کە دواجار لە کوردیدا وشەکانی "شوان و شێڤانی لێ کەوتووەتەوە. لە پەهلەویی ساسانیشدا (پارسیک) وشەی شو بوو بە šaکە وشەی "شەپان šapān"ی لێ ساز بووە و دواجاریش وشەکانی (شبان و چوپان)ی لێ کەوتووەتەوە.

وشەی "شو/شە" بە هێندێ گۆڕانەوە ئێستاش لە کوردیدا هەر ماوەتەوە، وشەی "شەگەل" بە واتای پەزەکان/ ڕانە پەزە. وشەی شەک بە واتای پەزی چکۆلە (دووساڵانە)، شوان/ شێڤان بەواتای پەزوانە، وشەی "شەدار" بە واتای خاوەنی پەز یان ئەوکەسەیە کە پەز بەخێو

دەکا، کە ئەمڕۆ وشەکە گۆڕانی بەسەردا هاتووە و بووە بە چێودار هەر وەک چۆن لە فارسیشدا"شپان" گۆڕاوە بۆ چوپان.

کە وابوو ئەگەر ئەم وشەیە "شوان- دۆڵ" بووایت، دەبووای لەسەردەمی ماننایەکاندا وەک "fšuyant-dahul" یان وەک "šupān- dahul" نووسرابایت نەک وەک زمانی ئەمڕۆ. ئەم وشەیە بە واتای هەر چی بێت بە واتای دۆڵی شوان نییە.

٦- **ustaribar** (ناوی پێشەیەکی مانایەکان بووە بە "وەستا"وەرگێڕاوە):uastā وەستا+ rebar سەرکردە)، بە واتای "وەستای سەرکردە"(س.ح.ڕ. ٢٠٢٢: ٢٥٢).

ئەم وشەی "وەستا ڕێبەرە"ش بە ڕاستی هەر لە قسەی گاڵتە دەچێت. چونکە وشەی وەستا وشەیەکی نوێیە، لە پەهلەویدا وشەی "وەستا" وەک **"awestād"** هاتووە، بڕوانە بۆ:

Pahlavi Dictionary, D. N. Mac Kenzie, 1986, p 14

هەر وەها وشەی "ڕێبەر"یش وشەیەکی نوێیە لەوانەیە تەمەنی لە سێ سەدە زیاتر نەبێت. وشەی ڕێ لە زمانی مادی و ئەوێستاییدا وەک "ڕاسمن/ ڕاس" هاتووە، (،احسان بهرامی، ١٣٦٩ جلد سوم، ص ١٢٢٤)، لە زمانی پەهلەویی ئەشکانیدا وەک "ڕاس" و لە پەهلەویی ساسانیدا وەک "ڕاە" هاتووە، (بهرام فرەوشی، ١٣٨٠ دانشگاه تهران، ص ٢٥٧). لە زمانی پەهلەویشدا وشەی ڕێبەر وەک "pēšōpāy/pēšār" (پێش و پای/ پێشار) هاتووە، (فرەوشی، ١٣٨٠: ٢٧٣). کە وابوو ئەم وشەی ناتوانێ وەستا ڕێبەر بێت، چونکە هەردووکیان وشەی نوێن.

٧- **ušqaia** (قەڵایەک بووە): uškaīīa بە واتای شوێنێکی وشک، (س.ح.ڕ. ٢٠٢٢: ٢٥٢).

لە لێکدانەوە و ماناکردنەوەی ئەم وشەیەدا، سۆران ح. ڕ چەندین هەڵەی کردووە و سەلماندویەتی کە لەگەڵ یاساکانی زمانەوانیدا ئاشنایی نییە. ئەم وشەیە هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵ "وشک"دا نییە.


١- ئەم وشەیە لە ڕاستیدا "ئۆسکایا"یە، ناوی شارێکە کە ئێستاش هەر ماوە و لە ئازەربایجاندایە و"ئوسکوی" پێی دەڵێن. دیاکۆنۆف سەبارەت بەم ناوە ئاوا دەڵێ: ئوشکایا (uškaya) ناوی شاری ئوسکوی ئێستایە کە کەوتووەتە ڕۆژاوای کێوی "سەهند"وە، لەسەر

سـنووری ئۆرارتـوو، له سـەردەمی سـاردوری دووەم پادشـای ئۆرارتـوو، قەڵایەکی لەوێ دروسـت کرد، ئەم شوێنه پێشتر له دەستی مانتادا بوو، (دیاکونوف، کشاورز ١٣٤٥: ٢٧١).

بەڵام بـۆچی ئوسـکایا وەک ئوشـکایا نـووسراوە، هۆکارەکەی ئەمەیه که بەپێی یەکێ له یاسـاکانی زمانەوانی، زۆربەی ئەو وشـەگەله که پیتی "س" تێدایه، کاتێ دەچێته زمانی ئەکەدییەوە، پیتی "س" دەگۆڕدرێت بۆ "ش"، بۆ نموونه: ناوی شـاری "ساریسـا " له دەقه ئاشـوورییەکاندا وەک "شاریسـا / شێریشــی" هـاتووە: (جغرافیای اسـترابو، همـایون صـنعتی زاده، ١٣٨٢، ص ٣٤٥). هەروەها هۆزی "کاسی" له زمانی ئەکەدیدا وەک "کاشی" و هۆزی ئێسکیتەکان/ سکیتەکان له لایەن ئەکەدییەکـانەوە وەک "ئێشـکیدا" تۆمـار کـراون (دیـاکونوف، کـریم کشـاورز، ١٣٤٥: ٣٠٥). که وابوو ئەم وشەیه "وشکایا" نییه و "ئۆسکایا"یه.

٢- وشـەی "وشـک" وشـەیەکی نـوێیه و لەسـەردەمی مادەکان و مانناییەکانـدا ئەم وشـەیه وەک "هوشک/هیشـک" گـۆ کـراوە، له فەرهەنـگی ئەوێسـتایی کانگادا وەک "هوشک/هوشـکا" و له فەرهەنگی (واژەهـای اوسـتائی، دفـتر سـوم، احسـان بهـرامی، تهـران ١٣٦٩، ص ١٥٧٥)دا وەک "هیشک و هیشکو" هاتووە.

**[hushka]** = 6 (plG) dry (k601, b1839)




تەنـانەت ئێسـتاش له کرمانجیـدا ئەم وشـەیه هەر وەک "هوشک/حوشـک" و له ناوچەکـانی هەولێر و باڵەکایەتیش وەک "هیشک/ هوشک" بێژە دەکرێت.

٣- ئەگەر بەڕێز سۆران ح.ڕ بەدواچوونی بۆکردبای، بێگومان دەیتوانی ڕاستییەکان له ماڵپەڕی ئینتەرنێتی شارەکەیشـدا ببینێتەوە، له چەند ماڵپەڕی شـاری "ئۆسکۆ (اسکو)"دا نووسراوە که ئەم شـارە لەسـەردەمی کۆنـدا و له دەقەکانی ئاشـووریدا "ئۆشکایا"ی پێی گوتراوە. هەروەها ئەم شـارە نەک هەر شـوێنێکی "وشـک" نیـیه، بەڵکـوو زۆر تەڕ و ئاوداریشــه، سێ ڕووبـار به نێـو شارەکەدا تێ دەپەڕێ و دەریاچەیکیش له نزیکی شارەکەدایه، شارێکی سارد و شێدارە.

## شێواندن و بەراوەژووکردنی مێژووی ماد!

زانای مەزن دیاکۆنۆف، شاکارێکی گەورەی خولقاندووە و مێژووی مادی لە ٨٠٠ لاپەڕەدا نووسیوە، قەڵایەکی گەورەی پڕ لە زانیاریی بۆ مرۆڤایەتی تۆمار کردووە، هەموو بابەتەکانی مێژوویی، سیاسی، کۆمەڵاتەتی، فەرهەنگی، زمان و ئایینی مادەکانی بە جوانی ڕوون کردووەتەوە. کاتێ مرۆڤ مێژووی مادی دیاکۆنۆف دەخوێنێتەوە، وادەزانێ لە کۆمەڵگای ماددایە و لەگەڵ هۆزەکانی ئەو سەردەمەدا ڕێ دەکات. ناوی هۆزەکان، ناوی ناوچەکانیان، ناوی سەرۆک هۆزەکانیان، گرفتەکانیان، دوژمنایەتییەکانیان هەر هەمووی بەوردی تێدا باس کردووە. لە مێژووی مادی دیاکۆنۆڤدا هۆزەکانی مادی و خەڵکانی دانیشتووی وڵاتی کۆنی کوردەواری بە بەردەوامی خەرێکی خەبات و تێکۆشانن بۆ ڕزگاری و ئازادی و ژیانی باشتر. سۆرانی حەمەڕەشیش زەحمەتی کێشاوە لە ٤- ٥ لاپەڕەدا بەجارێک مێژوویی مادی تێکداوە و ئەوەی کە دیاکۆنۆف نووسیویەتی بەجارێک بەراوەژووی کردوەتەوە.

گرینگی مێژووی ماد تەنیا لەوەدا نییە کە کورد دەسەڵاتی گرتە دەست و دەوڵەتی دامەزراند، بەڵکوو گرینگییەکەی لەوەدایە کە مادەکان لەو سەردەمەدا ئاگری شۆڕشێکی پان و برینیان لە دژی دەسەڵاتیکی زۆردار و سیستمێکی دژە مرۆڤایەتی بەردەداری (کۆیلەداری) کە ئاشوور لە ناوچەکەدا نوێنەرایەتی دەکرد هەڵ گیرساند. گرینگییەکەی لەوەدا بوو کە مادەکان بە سەرکردایەتی کەیخسرەو توانیان زۆربەی هۆزەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەک ئیلامییەکان، کاسی/کاشییەکان، سکیتەکان، لولوبییەکان، پەرتەکان و ماننایەکان یەکیان بخات و ڕابەرایەتیان بکات و بە هاوپەیمانی لەگەڵ وڵاتی بابل، ئیمپراتووری ستەمکار و کۆیلەداری ئاشوور بڕۆخێنن و خەڵکەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بگەن بە ئازادی. واتا شۆڕشی مادەکان لە دژی ئاشوور لە هەمان کاتدا ئاڵوگۆڕێکی گەورەی سیاسی-کۆمەڵایەتی بوو لە ناوچەکەدا. گرینگی مێژووی ماد ئەو گیانە شۆڕشگێڕانەیە بوو کە وەک لافاوێک کەوتە ڕێ لە دژی ستەمکاران و مێژوو و جوغرافیای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی لەو سەردەمەدا بۆ هەمیشە گۆڕا.

بەڵام لەوە دەچێ کە سۆران حەمەڕەش هەر ئاگاداری مێژووی ماد نەبێ، ئەو شتانە کە نووسیویەتی هەر بە حەز و ئارەزووی خۆی بووە!

لە لاپەڕەی ٢٧٢ی کتێبەکەدا لە بەشی "کورتە مێژوویەکی مادەکان" وەهای نووسیوە:

مادەکـان بە هاوپەیمـانی لەگەڵ بابلیەکـان، توانیـان لە سـاڵی ٦١٢ پ.ز کوتـایی بە حـوکمی ئاشـوورییەکان بهێـنن کە ٥٠٠ سـاڵی خایانـدبوو. **دوای ڕووخـانی ئاشـووریەکان،** جگە لە وڵاتی مانایيەکـان، مادەکـان ناوچەکـانی ژێـر دەسـەڵاتی ئاشـووریەکانیان کـونترۆڵ کـرد، لەگەڵ وڵاتی فارس، ئەرمنیا و ئەشکانیا (پارسیا)، (سۆران ح.ر، ٢٠٢٢: ٢٧٢).

لەگەل بابلیەکان، توانیان لە سالی ٦١٢ پ.ز دا کۆتایی بە حوکمی ئاشوریەکان بهێنن کە ٥٠٠ سالی خایاندبوو. دوای ڕووخانی ئاشوریەکان، جگە لە ولاتی مانابیەکان، مادەکان ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی ئاشوریەکانیان کۆنترۆلکرد، لەگەل ولاتی فارس، ئەرمینیا و ئەشکانیا (پارسیا). بەپێی هیدۆدۆت، ئەوان بۆ ماوەی نزیکی ١٢٨

لێردا نووسەر دەڵێ لە دوای ڕووخانی ئاشوورییەکان مادەکان ناوچەکانی تر وەک "ماننا، فارس، ئەرمنیا و ئەشکانیا (پارسیا)"یان کۆنترۆڵ کرد. ئەم گێڕانەوە هەڵەیە و زۆر جێگا سەرسوڕمانە! ماننایەکـان ناوچەکـانی ڕۆژهەڵاتی کوردسـتان و هەروەهـا بەشـێکی زۆری ئازەربایجـانی ئێسـتای ئێرانیان لەبەردەستدا بـوو و لەگەڵ ئاشـوورییەکاندا دۆسـت و هاوپەیمان بـوون، چۆن مادەکان دەیانتوانی بەسـەر مانـنادا دەرباز بـن و ئاشـوور داگیر بکەن! ئایا مەترسی ئەوەیان نەدەکـرد کە ماننایەکان پشتیان لێ بگرن و هێرش بکەنە سەریان؟ ئەم گێڕانەوەیە هەڵەیە و دوورە لە ڕاستی.

ناوچەکانی پارسـەکان، سکیتەکان و پارتەکان /پەرتەکان هەر فـرە زووتـر لە لایەن "فرائۆرت"ی باوکی کەیخسـرەو دەستیان بەسـەردا گیرابوو و بووبوونە بەشێک لە فەرمانڕوایی مادەکان. تەنیا لە پاش ئەم سەرکەوتنانە و لەدوای تێک شکاندنی سکیتەکان و ڕووخاندنی دەسەڵاتی ماننا بوو کە مادەکان توانیان هێرش برنە سـەر ئاشـوور و شکسـتی پێی بێنن، تەنیا وڵاتێک لە ناوچەکەدا کە داگیر نەکرا بوو ئەرمنیا بوو.

لەسەر ئەم بابەتە لە کتێبی "مێژووی ماد، دیاکۆنۆڤ" وەها هاتووە:

"هـرۆدۆت (I ١٠٢) وەهـای نووسـیوە: فەرائـۆرت (بـاوکی کەیخسـرەو) خەرێکی بەچۆکداهێنانی هۆزەکـانی ئاسـیا بـوو، یەک لە دوای یەک هەموویـانی بەچۆکـدا هێنـا"، (دیـاکونوف، کـریم کشـاورز، ١٣٤٥: ٣٦٣). کە دیـارە ئەمە بەر لە فەرمـانڕەوایی کەیخســـرەو و جەنـگ لەگەڵ ئاشووردا قەوماوە.

هەروەها دیاکۆنۆڤ لە لاپەڕەی ٣٦٥دا دەنووسێ: "سپای ماد لە باری ڕێکوپێکییەوە هیچی لە سپای ئاشوور کەمتر نەبوو، تەنانەت ورەیشیان زۆر بەرزتر و بەهێزتر بوو. سەربازەکانی مادی هەستی بڕوابەخۆبوون و ئازادیان تێدا هەبوو، چونکە لە کۆمەڵگای ئەو سەردەمەی مادداهێشتا کۆیلەتی و گەندەڵی و ستەمکاری جێ نەکەوتبوو و نەبووە باو. ڕاستە سپاکەی ئەزموونی زۆریان لە شەڕدا نەبوو، بەڵام جەنگ لەگەڵ سکیتەکان و بەتایبەتی بەچۆکدادانی هۆزەکانی **"پارس"** ئەزموونێکی باشی پێی دابوون. ئەم سپایە خۆی فێری تەکتێکی شەڕی پیادە و هۆنەری گەمارۆدانی قەڵاکانی ئاشوور و هەروەها سواری و تیرهاویشتنی بە شێوازی سکییتەکانی کردبوو"، (دیاکونوف، کریم کشاورز، ١٣٤٥: ٣٦٥).

دیسان دیاکۆنۆڤ دەنووسێ:"ماننایەکان بە هۆی ئەو تێکشکانە قورسە کە لە شەڕی "کابلین تووشی هاتن، [شەڕێک بوو لەگەڵ بابل لە خوارەوەی کەرکووک= نووسەر]، سنوورەکانی وڵاتەکەیان بێ پاراستن مایەوە، بۆیە لە نێوان ساڵەکانی (٦١٥-٦١٦ پ.ز) کەیخسرەو ماننای داگیر کرد و لکاندی بە ئیمپراتووری مادەوە. بەم شێوەیە کەیخسرەو بە لایەنگری لە بابل و لە دژی ئاشوور هاتە ناو شەڕەکەوە، ئیتر لێرەولا ئەرکی ڕابەرایەتی شەڕەکەی و ئەستۆ گرت"، (دیاکونوف، کریم کشاورز، ١٣٤٥: ٣٧٥).

کە وابوو لێرەدا زۆر بەجوانی ڕوونە کە بەچۆکداهێنانی هۆزەکان تر و دەسەڵاتەکانی تر پێشمەرج بوون بۆ سەرکەوتن بەسەر ئاشووردا. بێ تێکشکاندنی دەسەڵاتی ماننا سەرکەوتن بەسەر ئاشووردا هەرگیز ڕووی نەدەدا. مێژوونووسانیش هەر بەم شێوەیە ڕووداوەکانی ئەو سەردەمەیان باس کردووە.

## هێنانی ناوی ئەژدەهاک لە باتی ئاستیاگ دوایین پادشای ماد:

سۆران حەمەڕەش لە چەندین جێگای کتێبەکەیدا کاتێ ناوی ئاستیاگ دوایین پادشای ماد دێنێ وەک "ئەژدەهاک" ناوی لێ دەبات. بۆ نموونە لە لاپەڕەکانی ٢٧٢ و ٢٧٩دا.

"میدیای گەورە لە سەردەمی دێریندا هەموو ئاسیای حوکم دەکرد، دوای ئەوە کە ئیمپراتۆریەتی ئاشوریان ڕووخاند؛ بەڵام دواتر، لە سەردەمی ئەژدەهاکدا، مادەکان سەربەخۆییان لێ وەرگیرا لەلایەن کورش و فارسەکان، بەڵام ئەوان زۆربەی گرنگی ڕابردوویان هێشتەوە.[3] "

ئەمەش پێم وایە بە لاساییکردنەوە لە مێژوونووسی ئەرمەنی موسا خورنی بێت. زۆر سەیرە، چۆن دەکرێ پادشایەک وەک کەیخسرەو ناوی کوڕەکەی خۆی بنێ ئەژدەهاک! مێژوونووسانی ئاکادمێک قەت بەم شێوازە ناوی ئاستیاگیان نەهێناوە، ئاستیاگ یان ئاستیاگۆ، ناوی دوا پادشای مادە، بەڵام ئەژدەهاک کەسایەتییەکی ئەفسانەییە و هیچ پەیوەندییەکی بە ناوی ئاستیاگەوە نییە، سەبارەت بەم بابەتە دیاکۆنۆف دەڵێ:

"یەکێ لەو بابەتانە کە لە نووسراوەکانی موسا خورنی مێژوونوسی ئەرمەنی بە فراوانی بەرچاو دەکەوێت، ئەمەیە کە تێ دەکۆشێت کە ئەو زانیارییانە کە لە سەرچاوە یۆنانییەکان دەستی دەکەوێت پەیوەستی بکات لەگەڵ گێڕانەوەکانی مێژوویی ڕۆژهەڵاتی (ئێرانی)دا. ئەژدەهاک "ماردەهاگ" لە ئەوێستادا ستەمکارێکی ئەفسانەییە، مارێکە کە دەموچاوی لە مرۆڤ دەچێ و خەڵکی "باوڕی Bawri (بابل)"ە کە بە دەست "سراتیون (فەریدون)"ی پاڵەوان کوژرا. لەگەڵ ئەوەش کە لەیەکچوون لە ناوەکانیاندا بەدی دەکرێت، بەڵام هیچ پەیوەندییەکی بە "ئاستیاگ"وە نییە. بێبناغەبوونی پەیوەستکردنی ناوی ئاستیاگ بە ئەژدەهاکەوە لەمێژە سەلمێندراوە. بەڵام هەر ئەم بابەتە بێبنەمایە زۆرێک لە مامۆستایانی ئوروپی لە چەرخی نوزدەهەمدا تووشی هەڵە کرد، (دیاکۆنوف، کشاورز، ١٣٤٥: ٥٩). بەداخەوە سۆران.ح. ڕ لە سەدەی ٢١دا تووشی هەمان هەڵە بووەتەوە.

## سۆران حەمەڕەش "گئوماتا"یشی کردە سەرکردەیەکی سەرهەڵدانێکی مادەکان!

سۆران حەمەڕەش، لە بەشی کورتەیەک لە مێژووی مادەکان، لە کوتاییەکانی لاپەڕەی ٢٧٢دا ئاوا دەنووسێ:

"(مادەکان) ... چەند هەوڵێکیان دا بۆ وەرگرتنەوەی دەسەڵاتی پێشوویان. هەندێک جار ئەو هەوڵانە لە لایەن موغەکانەوە دەدرا کە چینێکی ئایینی و هۆزێکی مادی بوون لە ناو جەرگەی کولتوری مادەکاندا. یەکێک لەو موغانە کە ئەو هەوڵەی دا گومەتە/گاوماتە بوو کە **سەرکردایەتی هەڵگەڕانەوەیەکی** دەکرد لە دژی دەسەڵاتی فارسەکان، **لە ڕێگای کۆنترۆڵکردنی ناوچەی مادەکان و دەوروبەری.** بە هۆی کاریگەری ئایینی موغەکانەوە لەسەر ماد و خەڵکە بێگانەکان، هەڵگەڕانەوەکە بوو بە هەڕەشەیەکی جدی لەسەر دەسەڵاتی فارسەکان، لەبەر ئەوە کە هەموو کەسێک نەیدەوێرا موغێک بکوژێت".

له ڕاستیدا ئەمە بەراوەژووکردنی ڕاستییەکانە، ئەمە باسکردنی مێژوویە بە ئارەزووی خۆی، دەنا ڕاستییەکان شتێکی دیکەن. پێناسەکردنی کودتای گئوماتا وەک سەرکردایەتیکردنی ڕاپەڕینێک بۆ وەرگــرتنەوەی دەســەڵات لە لایەن مادەکــانەوە لە ڕاســتی بەدووره. ئەمە نیشــان دەدات کە نووســەر هیچێـک ســەبارەت بە گئوماتـا نازانێـت. چـونکە ئەگەر گئوماتـا هەر ئەو کـاتەی کە هـاتبوو بـۆ نـاوچە مادییەکـان خـۆی بناسـاندای و داوای یـارمەتی لە هۆزەکـانی مـاد کردبـای، بێگومـان یارمەتیـان دەدا و سـەردەکەوت، بەڵام کێشـەکە لەوەدا بـوو کە ئەو نەتەنیـا خـۆی بە مـادی نەدەزانی تەنـانەت نـاوی خویشــــی گۆڕیبـوو بـۆ "بەردیـا" و خـۆی وەکـوو "بەردیـای هەخامەنشــی" کـوڕی کـورەشی پادشـا پێناسـە دەکرد و لە تـرسی ئەوەش کە ئاشکرا نەبێ ئامـادە نەبوو نە لە گەورەکانی ماد و نەش لە گەورەکانی پارس کەسیان ببینێت. جا با ئێستا بە یارمەتی وەرگرتن لە کتێبی مێژووی مادی دیاکۆنۆڤ بزانین ڕاستی ڕووداوەکەی گئوماتا چۆن بووە:

ئامی- تیدا کچی ئاستیاگ، ژنی پیاوێکی مۆغ بوو بە ناوی"سپیتام/ سپیتاما"، کە بە ئەگەری زۆر لە بنەماڵەی زەردەشـت بـووە، چـونکە بنەمـاڵەی زەڕدەشـت بە **"سـپیت- ئامـا"** کە بە واتـای "هێزی سپی/ هێزی پاکی"یە بەناوبانگ بوون. [سپیت دوو واتای هەیە یەکەم بە واتای ڕەنگی ســپییە، دووەم بە واتــای "پــاک"ە، بــۆ نمــوونە لە کوردیــدا "ڕووڕەش" واتــای تاوانبــارە و "ڕووسپی" بەواتای پاک و بێ تاوانە."ئاما"ش بە واتای هێزە، بۆ نموونە هـۆزی هەمەوەنـد لە کوردستاندا لە ڕاستیدا "ئاماوەندە" بە واتای بەهێز/ هێزمەند].

ئــامی- تیــدا لەگەڵ مــێردەکەی (ســپیتام) و کوڕەکــانی "گئــو ماتــا" و "پاتیزدیــت" لە کۆشــکی ئاستیاگدا دەژیان. کاتێ کـورەش دەسـەڵاتی مـادی گـرتە دەسـت، "سـپیتام"ی کوشـت و "ئامی- تیدا" کە میمکی (خۆشکی دایکی) خـۆی بوو لە خـۆی مارە کرد. پاشـان کـورەش خۆیشــی بـوو بە خـاوەن دوو کـوڕ، بە ناوەکانی کەمبـوجیە و بەردیا. ئایا دایـکی ئەم دوو کـوڕەیش هەر ئـامی-تیـدا بـووە یـان ژنـێکی دیکە ڕۆشـن نەبـووەتەوە، بەڵام ئەگەری زۆرە کە "بەردیا" هەر لە ئـامی-تیـدا بووبێت، چـونکە دەڵێن کە گئوماتا (بەردیای درۆیین) و بەردیای کـوڕی کـورەش لە ڕۆاڵەتیشـدا زۆر لەیەک دەچـوون و زۆر زەحـمەت بـووە کە لەیەکیـان جیـا بـکەنەوە. تەنـانەت دەڵـێن بـۆ ژنەکانیشـیان زەحـمەت بـووە لەیەکیـان جیـا بـکەنەوە، [نـاوی بەردیـا شـێوەی پـارسی نـاوی "بەرزیـا"ی مــادیە، کە ئێســتا لە کوردیــدا بــووە بە "بەرزو"]. پــاش مەرگی کــورەش، کــوڕە گەورەکەی کەمبوجیە لە ترسی ئەوەی کە نەکا بەردیای برای ببێتە شا و جێگای بگرێتەوە، بە

دزییەوە بەردیای برای خۆی دەکوژێ. ماوەیەکی کورت لە پاش کوژرانی بەردیا، گئوماتا کە زانی بەردیا کوژراوە، و کەمبوجیەش لەگەڵ سپاکەی لە میسردا بوو، بێ ئەوەی بیدرکێنێ خۆی لە جێگای بەردیا دادەنێ و خۆی وەک پادشا دەناسێنێ و بەم شێوەیە هەفت مانگ پادشایەتی دەکات، (دیاکونوف، کشاورز، ١٣٤٥: ٥١٢).

"گئوماتا لەدوای بە دەستەوە گرتنی دەسەڵات فەرمانی دەرکرد کە خەڵک بۆ ماوەی سێ ساڵ لە خزمەتی سەربازی و هەروەها لە دانی باج بخشراون". (دیاکونوف، کشاورز، ١٣٤٥: ٥٢٤).

دواجاریش پاش ماوەیەکی کەم "کەمبوجیە"ش کە لەگەڵ سپاکەیدا لە میسر دەگەڕایەوە لە ڕێگادا بە شێوەیەکی گوماناوی دەمرێت (گومانی بۆ دەچێت کە داریوشی ئامۆزای کوشتبێتی). پاشان داریوش لەگەڵ شەش کەس لە هاوڕییەکانی لە بنەماڵەکانی پارسی، پلانی کوشتنی گئوماتا دەڕێژن و لە پارسەوە دەکەونە ڕێ بەرەو ماد بۆ کۆشکی گئوماتا، و بە هاودەستی یەکێ لە ژنەکانی گئوماتا کە لە خزمانی نزیکی داریوش بووە، گئوماتا و براکەی لە کۆشکەکەیدا لە وڵاتی ماد لە ناوچەی مایدەشتی لای کرماشان دەکوژن.

لەسەر ئەم ڕووداوە و کەسایەتی گئوماتا، دەرئەنجام و کاریگەری ڕووداوەکە، دیاکۆنۆڤ وەها دەنووسێت:

**"نابێ وا بیر بکرێتەوە کە گئوماتا شۆڕشگێڕ و پاڵەوان بووە و بۆ ئازادی ماد خەباتی کردووە. کودتای گئوماتا بزوتنەوەیەکی خەڵکی نەبوو، ڕووداوێک بوو لە نێو بارەگا و خانەدانی پادشاییدا، گئوماتا خۆی وەک کەسێکی پارسی و لە بنەماڵەی هەخامەنشی دەناساند و بە هیچ جۆرێک قسە لەسەر گەڕانەوەی دەسەڵات و سەربەخۆیی ماد لە ئارادا نەبوو. دواجار لایەنگرانی داریوش هەر ئەمەیان گرت بە دەستەوە و لە نێو خەڵکدا وایان دەگێڕایەوە کە گئوماتا ویستوویەتی دەسەڵات لە پارس بستێنێتەوە بۆ ماد و دیسان دەسەڵاتی مادی دامەزرێنێ. لە ڕاستیدا هەرچەند گئوماتا تێ کۆشا کە پێگەیەکی جەماوەری لە نێو خەڵکدا و بە تایبەت لە نێو مادەکاندا بۆ خۆی دروست بکا، بەڵام نە ئازادیخۆاز بوو و نەش خۆازیاری بووژانەوەی ئیمپراتووری ماد بوو، (دیاکونوف، کشاورز، ١٣٤٥: ٥٢٤-٥٣٠).**

**"گئوماتا که به کودتایەکی نێوخۆیی لە نێو بارگای پادشایەتی دەسەڵاتی گرت بەدەستەوە، بەهەمان شێوە بە هۆی کودتایەکی نێوخۆی بارگایشەوە تیاچوو، ( دیاکونوف، کشاورز، ١٣٤٥: ٥٣٢)".**

جا مەگەر هەر کاک سۆرانی حەمەڕەش بۆمانی ڕوون بکاتەوە کە ئەم سەرکردایەتیکردنەی گئوماتا چۆن و بە چ شێوەیەک و لە کوێدا بووە و چەند شەڕی کردووە و سەرکردەکانی سپاکەی کێ بوون؟ ئەمە چ بزوتنەوەیەک و چ سەرکردایەتێک و چ کۆنترۆڵکردنێک بووە کە هەفت کەس لە پارسەوە دەکەونە ڕێ و لەپاش ئەو ڕێگا دوور و درێژە و ماندووبوونە، دێن بۆ ماد بۆ ناوچەی کرماشان و لە نێو کۆشکەکەی خۆی دەیگرن و دەیکوژن؟

## ڕاپەڕینە جەماوەرییەکان لە دژی داریوشی هەخامەنشی:

لە ڕاستیدا چەندین بەرخۆدان و ڕاپەڕینی گەورە و جەماوەری لە دژی دەسەڵاتی داریوشی هەخامەنشی و بۆ دامەزرانی دەسەڵاتی مادی لەو سەردەمەدا ڕوویان دابوو، بەڵام لە کتێبی مێژووی بزری کورددا باسی لێ نەکراوە و بزر بووە!

لەپاش ئەوەی کە داریوش فەرمانڕەوایی گرتە دەست، ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی و بەتایبەتی ناوچەکانی ماد یەکسەر بوون بە مەیدانی بەرەنگاری و خەبات، هەموو کوردستان بوو بە ئاگر و خوێن. لە هەموو لایەک خەڵک لە دژی داریوش ڕاپەڕین. دیاکۆنۆڤ زۆر بە وردی باسی ئەم ڕاپەڕینانە و سەرکردایەتییەکانی و هەروەها هۆکارەکانی تێکشکان و سەرنەکەوتنیانی کردووە، کە لێرە دەرفەتی گێڕانەوەی هەموو ئەم باسانە نییە، بەڵام زۆر بە کورتی پوختەیەک لەوانەی کە دیاکۆنۆڤ لەم بارەوە نووسیویەتی پێشکەشتان دەکەم:

"لە پاش ئەوەی کە داریوش گئوماتای کوشت، ئاگادار بووەوە کە لە ئیلام ڕاپەڕینێک بە سەرکردایەتی "ئاشین" ساز بووە، لە بابلیش سەرهەڵدانێک بە ڕابەرایەتی "نی دین تو- بل" کە خۆی بە کوڕی "نابونید" دوایین پادشای بابل دەزانی دەستی پێ کردبوو و ئالای سەربەخۆییان هەڵدا بوو.

ئەم بزوتنەوانە زۆر گرینگ نەبوون، ڕاپەڕینی گشتی کەمێک درەنگتر لە دەسپێکی مانگی دێسەمبری ٥٢٢ پ.ز. ئەوکاتەی وا داریوش لە بابلدا خەریکی شەڕ بوو دەستی پێ کرد. لە

ڕاستیدا یەک ڕاپەڕین نەبوو، بەڵکوو چوار ڕاپەڕین کە لە چەندین شوێنی جیاوازدا لە ئارادا بوون.

لە ماد کەسێک بە ناوی فەروەرتیش (فەرائۆرت) کە خۆی بە خەشتریتەی دووەم لە خانەدانی کەیخسرەو دەزانی ڕابەرایەتی شۆڕشەکەی دەکرد. خەڵکانی دانیشتووی ماد، پارت (خوراسان) و هیرکانیە (گورگان) لەگەڵیدا بوون. وا دیارە کە خەڵکی ئەرمەنستانیش کە پێشتر دەستیان دابووە شۆڕشەوە هاوکارییان دەکرد.

ڕاپەڕینی دووهەم کەسێکی پارسی بە ناوی "وهیزداتە" ڕابەرایەتی دەکرد . . . داخوازییەکانی ئەم دوو شۆڕشە بووژانەوەی ئەو یاسا و چاکسازییانە بوو کە "گئوماتا" دەیویست بیکات و دواجار داریوش هەموویانی هەڵوەشاندەوە. بەڵام داخوازییەکانی خەڵکی ڕاپەڕیو زۆر زیاتر پەرەی ستاندبوو و ڕاپەڕینەکان بووبوون بە بزوتنەوی جەماوەری. لە بەردەنووسەکەی بیستووندا، داریوش وتوویەتی کە "مەردمی (خەڵکی) جەنگاوەری ماد کە لە نێو "کۆمەکان"دا بوون، لایەنگەرییان لە فەروەرتیش (فەرائۆرت)ی دەکرد . . .

ڕاپەڕینی سێیەم لە مرغیانا لە ناوچەی باکتریا (ئەفغانستان) بوو، لەوێ کەسێک بە ناوی "فرادا" ڕابەرایەتی دەکرد، ئەم ڕاپەڕینیش بزوتنەوەیەکی گشتی بوو. ئەرمەنستانیش هەر پێش لە دەسەڵاتی داریوش شۆڕش تێدا هەڵگیرسابوو. هەروەها لە بەردەنووسەکەی بیستووندا هاتووە کە سورییە- ئاشوور، میسر و "سکا"کانیش لە جەرگەی ئەو وڵاتانن کە ئاڵای ڕاپەڕینیان هەڵ کردبوو.

بەرخۆدانی ماد تەنیا بەمانەشەوە نەوەستابوو، هۆزی "ساگارتی"[8] چۆکیان دانەدا، و "چیتران تەخما"[9] کە خۆی لە خانەدانی کەیخسرەو دەزانی، دەستی دایە شۆڕش و پادشایەتی خۆی ڕاگەیاند.

[8] من پێم وایە هۆزی "ساگارتی" دەبێ هەمان هۆزی گەورە و گرانی گەردی بێت (نووسەر). بەپێی لێکۆڵینەوەی "د. حەمید گەردی"[8] ئەم هۆزە ئێستایش نە تەنیا لە هەموو کوردستاندا بەڵکوو لە وڵاتەکانی تریش وەک پاکستان، ئەرمەنستان، ئازەربایجان و ئوردنیش هەن.

[9] چیتران تەخما، وشەیەکی مادییە. چیتران دوو واتای هەیە، ١- بە واتای چێهرە (دەمووچاو)٢- بە واتای نەژاد و توخم. وشەی تەخما یان تەهما بە واتای پاڵەوان و بەهێز دێت وەک" روس-تەهم" یان "تەهم-تەن"، کە وابوو چیتران تەخما یان بە واتای پاڵەوان نەژادە و یان بە واتای پاڵەوان چێهرە.

بەڵام ئەم شۆڕش و بەرخۆدانانە هەموویان شکان و سەرنەکەوتن، فەروەرتیش (فەرائۆرت) لە دوای بڕینی گوێ و لوت و زمانی لە لایەن داریوشەوە لە هەمدان لەدار درا. چیتران تەخمەش بە هەمان شێوە لە هەولێر لەدار درا. هۆکارەکانیان چی بوون؟ بەباوەڕی من (دیاکۆنۆڤ)، هۆکاری سەرەکی نەبوونی یەکیەتی و یەکگرتوویی چ لە نێوخۆی خویاندا و چ لەگەڵ هێزەکانی دەروەی خۆیاندا بوو. "وهێزداتە" و فەروەرتیش و هەروەها شۆڕشگێڕانی تر وەک هاوپەیمانانێک کە بۆ یەک مەبەستی هاوبەش خەباتیان دەکرد نەک هەر یەکگرتوو نەبوون، بەڵکوو هەر کامەشیان بە چاوی ڕەقیب سەیری ئەوی تری دەکرد. لە لایەکی تریشەوە داریوش هەم لە ماد و هەم لە پارس کەسانێکی دۆزیبووەوە کە هاوکاری لەگەڵدا بکەن. کەسانێک کە زیاتر لە سەرۆک هۆزەکان بوون، بێجگە لەمانەش داریوش توانی کەسانێک لە خەڵکی ئاسایی پارس بۆ لای خۆی ڕابکێشێ، چونکە پارسەکان بە گشتی بەرژەوەندی و سوودیان لە داهاتی دەسەڵاتداری ئیمپراتووری هەخامەنشی پێ دەگەیشت"[10].

## تێگەیشتنی هەڵە لە ناوی پارسوا/ پارسواش:

لە لاپەڕەی ١٨٢ کتێبی مێژووی بزر . . . لەسەر ناوچەی پارس/پارسا (فارس) ئاوا نووسراوە:

"دوای نزیکی ١٠٠٠٠ ساڵ لە شارستانیەتێکی بەردەوامی ناوچەکە، وڵاتی فارس بۆ یەکەم جار لە مێژوودا لە لایەن ئاشووریەکانەوە بە پارسواش Parsuaš لە سەدەی نۆهەمی پ.ز دا ناوی هاتووە"[11]. (سۆران ح.ڕ، ٢٠٢٢: ١٨٢).

ناوی "پارسوا /پارسواش" کە لە لایەن ئاشوورییەکانەوە هاتووە بە واتای ناوچەی پارس (فارس) نشینەکان نییە. بەڵکوو ئەم وشەیە لە بنەڕەتدا وشەیەکی کوردییە هەمان وشەی "پەراسو"ە بە واتای تەنیشت یان کەلەکەیە. مەبەست لەم دەستەواژەیە ناوچەکانی نێوان سنە و سلێمانی و زەهاو (سەرپێلی زەهاو) بووە. هۆزەکانی ماد لە کاتی خۆیدا لە ناوچەکانی دەوروبەری "هەمەدان"دا نیشتەجێ بووبوون. ئەوان بە ناوچەکانی لای سنە و سەرپێل هەتا هەڵبجە و سلێمانی وتوویانە ناوچەی پەراسو، واتا ناوچەی تەنیشتی خۆیان. هەروەها بە

---

[10] ئەمە پوختەیەک بوو لە چەندین لاپەڕە لە" تاریخ ماد، ا. م. دیاکونوف، ترجمە کریم کشاورز، تهران ١٣٤٥، ص ٥٣٣-٥٣٩".

[11] مێژووی بزر و نەگێردراوەی کورد، سۆران حەمەڕەش ٢٠٢٢، ل. پ. ١٨٢.

ناوچەکانی دوور وەک لای خوراسان وتوویانە "پەرت" کە مەبەست ناوچە دوورەکان بووە. تەنانەت بە هۆزەکانی مادی لای ئەسفەهانیش کە لێیانەوە دووربوون وتوویانە هۆزەکانی "پەرتەکان/پەرتەکانی (دوورەکان)". بەڵام هۆزەکانی فارس ناویان "پارسا" بوو، کە وشەیەکی ئاییینییە بە واتای لە خواترس یان دیندارە.

با سەیری ئەم چەند نموونەیە خوارەوە بکەین کە لە جەنگنامەکانی ئاشووریدا هاتوون و دیاکۆنۆڤ لە کتێبی مێژووی مادا هێناویەتی:

"دایان ئاشووری پادشا هێرشی کرد سەرماننا . . . ئۆئالکی (پادشای ماننا) هەڵات بۆ سەر شاخ، بەڵام ئاشوورییەکان ئاژەڵی زۆریان برد، گوندە چۆڵکراوەکانیان داگیر کرد لەوانە ئیزرتوو کە شوین و قەڵاگای ئۆئالکی بوو. لە دواییدا لەشکەرەکەیان لە ناوچەی خارون کە شۆلۆسۆنۆ فەرمانڕەوای ئەوێ بوو تێ پەڕین، بڕیار درا کە هەموو ساڵیک ژمارەیەک ئەسپی ئەڕابەکیش وەک باج بدرێت بە ئاشوور. "ئارتا سارۆ" پادشای "شوردورا"(ناوچەی دیواندەرە) باجەکەی خۆی پێشکەش کرد. پاشان ئاشوورییەکان ڕۆیشتن بۆ **"پارسوا"** لە هێندێک لە شاکان باجیان وەرگرت و ژمارەیەکی تریشیان تاڵان کرد، (دیاکونوف، کشاورز، ١٣٤٥: ٢٠٨)".

دیسانەوە لە درێژەیدا دەنووسی:

"دایان ئاشوور جارێکی تر لە ساڵی ٨٣٧ پ.ز هێرشەکەی دووپات کردەوە . . . لە ڕێگادا دەستی بە سەر "قەڵای" کویستانی "بوشتو"ی لە مەرزی نێوان "ماننا" و "پارسوا"دا گرت، هەروەها چەند قەڵایەکی تری ماننایی و پارسوایی داگیر کرد، (دیاکونوف، کشاورز، ١٣٤٥: ٢٠٨)".

دیسانەوە دیاکۆنۆڤ لە لاپەڕەی ١١٨دا دەنووسی:

"بەشی سەرەوەی ڕووباری دیالە (مەبەستی ڕووباری سیروانە= نووسەر)، ئەو ناوچەیە کە کەوتبووە نێوان سێ گۆشەی شارەکانی ئێستای(سلێمانی- زەهاو- سنە) لە ناوەڕاستەکانی سەدەی نۆهەمی پ.ز. "پارسوا"ی پێی دەگوترا"، (دیاکونوف، کشاورز، ١٣٤٥: ١١٨)".

کە وابوو "پارسوا" بە ناوچەکانی لای سنە و سلێمانی و هەورامان وتراوە و هەروەها "پەرت" بە ناوچە دوورەکانی لای خوراسان وتراوە، [خۆدی وشەی خوراسانیش کوردییە بە واتای خۆر

ڕاسانە واتا شوێنی هەڵاتنی خۆر(شرق)]. بەڵام بە ناوچە فارس نشینەکانی باشوور لای شیراز وتراوە "پەرسید/پەرسا". لە زمانی ئەکەدی و ئاشووریدا گەلێ جار دەنگی "س" دەگوردرێت بۆ "ش"، هەر بۆیەش ئەم وشەیانە بە شێوە "پەرشید/ پەرشیا" بێژە کردووە، هەر ئەم وشەیە دواجار بە واتای ناوچە فارس نشینەکان لە لاتینیشدا جێ کەوتووە.

**سەبارەت بە ئەشکانییەکان:** سۆران ح.ڕ. لە چەند جێگا لە کتێبەکەیدا ئەشکانییەکان و دەسەڵاتی **ئەشکانی** وەک نەتەوەی تر و وەک داگیرکەری کوردستان پێناسە کردووە بۆ نموونە لە لاپەڕەی ٨٤دا هاتووە:

"لەوکاتەوە نەتەوەی تری وەک یۆنان، ڕۆم، **ئەشکانی** و عەرەب هاتوونەتە ناوچەکە. شارە کوردی/ مادییەکانی وەکوو ئەسفەهان، نەهاوەند، هەمەدان، تەورێز(تەبریز) و زۆربەی خوارووی مێسۆپۆتامیا کە **لە چەند سەدەی ڕابردوودا شاری کوردی بوون و هەتا وەکوو چەند سەدەیەک لەمەوبەر لە لایەن کوردەوە حوکم دەکران،** بەڵام لەگەڵ تێپەربوونی کاتدا هەندێک لە خەڵکەکەی ئەسیمیلە کراون و کراون بە فارس و عەرەب".

لەو کاتەوە نەتەوەی تری وەکو یۆنان، ڕۆم، ئەشکانی و عەرەب هاتوونەتە ناوچەکە. شارە کوردی/مادیەکانی وەکو ئەسفەهان، نەهاوەند، هەمەدان، تەورێز (تەبریز) و زۆربەی خوارووی مێسۆپۆتامیا کە لە چەند سەدەی ڕابردوودا شاری کوردی بوون و هەتاوەکو چەند سەدەیەک لەمەوبەر لەلایەن کوردەوە حوکم دەکران، بەڵام

[هەرچەندە ئەم وتەیە لە خۆیدا هەڵەیە، چونکە بۆ خۆی دەڵی تا چەند سەدەی ڕابردوو شاری کوردی بوون و هەر لە لایەن کوردەوە حوکم دەکران، بەڵام هەندێک لە خەڵکەکەی ئەسیمیلە کراون و کراوەن بە فارس و عەرەب. کە وابوو ئەگەر هەتا چەند سەدەیەک لەمەوبەر کوردنشین بوون و لە لایەن کوردەوە حوکم کراون ئیتر چ پەیوەندییەکی بە یۆنانی و ڕۆم و ئەشکانییەوە هەیە؟ بەڵام قەی ناکات، دیسان بەم هەڵەیشەوە با بزانین ئەم تێزە چەندە ڕاستە یان هەڵەیە].

هەروەها لە چەندین شوینی تردا ئەشکانییەکان (پەرتەکان) وەک "پارسیا" ناویان لێ دەبات، بۆ نموونە لە لاپەڕەی ٢٧٢دا: دوای ڕووخانی ئاشوریەکان، جگە لە وڵاتی مانابیەکان، مادەکان ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیی ئاشوریەکانیان کۆنترۆلکرد، لەگەڵ وڵاتی فارس، ئەرمینیا و ئەشکانیا (پارسیا).

دوای ڕووخانی ئاشوریەکان، جگە لە وڵاتی مانایییەکان، مادەکان ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئاشوریەکانیان کۆنترۆلکرد، لەگەڵ وڵاتی فارس، ئەرمینیا و ئەشکانیا (پارسیا). بەپێی هیدۆدۆت، ئەوان بۆ ماوەی نزیکی ١٢٨

**لەبەر ئەوەی لە کتێبەکەی سۆران ح.ڕ شتێکی وا سەبارەت بە ئیمپراتووریەتی ئەشکانی نەنووسراوە، بۆیە هێندێک زانیاریی لەم بارەوە بەپێویست دەزانم:**

**ئەشکانییەکان کێ بوون؟** "ئەشکانی" نە ناوی وڵات بوو و نەش ناوی هۆز. ئەشکانییەکان خانەدانێک بوون لە هۆزی "پرنی" ئەم هۆزیش لە نێو یەکێتی هۆزەکانی "داهە"دا بوو، خۆدی "داهە"یش بەشێک بوو لە یەکیەتییەکی گەورەتری هۆزەکانی "ساکا" کە کۆچەر بوون.[کورەشی هەخامەنشی پادشای گەورەی فارسەکان لە شەڕێکدا لەگەڵ یەکێ لە هۆزەکانی ساکادا کوژرا]. بەشێک لە هۆزەکانی ساکا لە سەردەمی مادەکاندا (پێش سەرکەوتنیان بەسەر ئاشووردا) هاتنە کوردستان و لە ناوچەکانی ورمێ (سکاکان/شکاکان) و هەروەها لە سەقز نیشتەجێ بوون، خۆدی ناوی سەقز لە بنەڕەتدا "ساکا"س هەر لە ناوی ئەم هۆزەوە هاتووە.

لەدوای دەرپەڕاندنی دەسەڵاتی سلوکییەکان (جێگرەوەکانی ئەسکەندەر) لە ناوچەکانی پەرت و وەرکانە (خوراسان و گورگان) لە لایەن هۆزەکانی "داهە"وە، ئەم هۆزانە پاشان هێرشیان کرد سەر ناوچەکانی ماد، لە سەرەتادا تووشی شەڕ و پێکدادان هاتن، بەڵام هەر زوو توانین لەگەڵ یەکدی پێک بێن و پێکەوە فەرمانڕەوایی گەورە و گرانی ئەشکانییان پێک بێنن کە خانەدانی ئەشکانی تێدا بوو بە فەرمانڕەوا.

لەو کاتەدا هەفت خانەدانی بەدەسەڵات بە نوێنەرایەتی هەفت هۆزی گەورەی چەکدار بە سەرکردایەتی خانەدانی ئەشکانی پادشایەتی ئەشکانیان دامەزراند. ئەم هەفت هۆزە بریتی بوون لە ١- پرنی یان پرتەکان (ئەشکانییەکان) لە خوراسانەوە ٢- مێهران لە ماد ٣- کارێن لە نهاوەندوە ٤- سورێن لە ڕۆژهەڵاتەوە (سیستان/ خوراسان) ٥- ئەسپندیار لە ماد ٦- زیک لە ماد ٧- ئەسپهبد لە وەرکانە (گورگان). بێجگە لەم هەفت هۆزە، ڕابەرایەتی و سەرپەرەستی کاروباری ئاییی وڵاتیش لە دەستی مۆغاندا بوو کە ئەوانیش هۆزێکی مادی بوون.

لەم هەفت هۆزە بێجگە لە هۆزەکانی پەرتی (ئەشکانی) و سورێن نەبێ ئەوانی دیکە لە دانیشتووانی ماد بوون. بۆ نموونە هۆزی زیک لە سەردەمی ئەشکانییەکان، ساسانییەکان و هەتا سەردەمی سەفەوییەکان هەر لە دەسەڵاتداریدا بەشدار بوون. لە کتێبی (حرکت تاریخی کُرد بە

خراسان) نووسراوە کە شا تهماسپ بە مەبەستی پشتیوانیکردن لە هێزەکانی خۆی لە خوراسان بەشێک لە هۆزە کوردەکانی "زنگەنە، چگنی، **زیک** و کەڵهۆڕی" گواستەوە بۆ خوراسان. گەنجعەلیخانی زیک فەرمانڕەوای کرمان و ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ئێران یەکێ لە سەرۆک هۆزەکانی زیک بوو، ( کلیم الله توحدی، ١٣٧٠ جلد اول، ص ٢٩). لەسەر هۆزی زیک لە گۆڤاری "پژوهشهای تاریخی دانشکدە علوم انسانی- دانشگاە اصفهان" لێکۆڵینەوەیەکی بەرفراوان کراوە."[12]

"مێهرادادی یەکم پادشای ئەشکانی بۆ بەهێزکردنی فەرمانرواییەکەی و پاراستنی ناوچەکانی رۆژاوای وڵات لە هێرشی سلووکییەکان و بیانییەکان پەیوەندی خزمایەتی لەگەڵ مادەکان دامەزراند و کچەکەی خۆی بەناوی  "ڕینۆ" لە یەکێ لە شازدەکانی ماد مارەی کرد"، (شهرام جلیلیان، ١٤٠١: ٨٣-١٠٤).

"لەسەر ئەوەی کە ئەردەوان پادشای ئەشکانی ئیدەعای (ادعا) کردووە کە بەسەر گشت ئێرانی کۆندا فەرمانی گێراوە، "ئۆڵبریشت"(Olbrycht,   2010:721) پێی وایە ئەم ئیدەعایە لەبەر ئەوەیە کە ئەردەوان لەگەڵ مادەکانی ئاترۆپاتاندا خزمایەتی هەبوو و ماوەیەک لەوێ فەرمانڕاوا بووە، (د.علی اکبر کجباف، ١٣٩٠: ٢٩-٥٨)".

هەر لەم بارەوە سترابوو جوغرافیناسی بەناوبانگی یۆنانی کە لە لەسەردەمی ئەشکانییەکاندا سەردانی ناوچەکانی مادی کردبوو ئاوا دەنووسێ:

"بەشێکی تر لە ماد ئاتروپاتیانە کە ناوی هەمان سەرداری مادی ئاتروپاتە، کە نەیهێشت وڵاتەکەی کە بەشێک بوو لە مادی گەورە بکەوێتە ژێر دەستی مەقدونییەکان. لە دوای ئەوەیش کە وەک پادشا هەڵبژێردرا  وڵاتەکەی خۆی کرد بە وڵاتێکی جیا و سەربەخۆ کە هەتا ئێستاش نەوەکانی توانیویانە ئەم سەربەخۆییە بپارێزن. پێشتر لەگەڵ ئەرمەنییەکان و سورییەکان و دواجاریش لەگەڵ پادشاکانی پارت ژن و ژنخوازی سیاسیان کردووە، "(جغرافیای سترابوو، همایون صنعتی زادە، ١٣٨٢: ٤٩، (٣-١٣-١١)".

هۆزەکانی ئەشکانی هەم لە ڕووی زمانەوە و هەم لەباری نەژادەوە زۆر لە هۆزەکانی مادی نزیک بوون. لەسەر ئەم بابەتە دیاکۆنۆڤ لە کتیبی مێژووی ئەشکانییەکاندا (دیاکونوف، کریم

---

[12] "د. علی اکبر کجباف، د. مرتضی دهقان نژاد، کورش هادیان". پژوهش های تاریخی دانشکدە ادبیات و علوم انسانی، دانشگاە اصفهان، دورە جدید، سال سوم، شمارە سوم، پاییز ١٣٩٠ ص ٢٩-٥٨

کشاورز، ۱۳۵۱: ۱۱٦) دەنووسێ: لە سەردەمی ئەشکانیان زمانی یۆنانیش وەک وڵاتەکانی تری لای ڕۆژهەڵات ببووە زمانی هاوبەش، (مەبەستیەتی بڵێ ببووە زمانی هاوبەشی دەسەڵاتداری و کــارگێڕی= نووســەر)، بەڵام بە تەنیــا ئەم زمــانە نەبــوو کە فەرمی بــوو، لەو شــوێنانەدا کە ئەشکانییەکان دەسەڵاتداربوون بۆ کاروباری ناوخۆیی و کارگێڕی زمانی پەرتی (ئەشکانی) کە **یەکێ لە لەهجەکــانی بــاکووری ڕۆژاوای ئــێران [ کوردســتان= نووســەر] بــوو، زۆر زیــاتر ڕەواجی هەبووە. یەکێ لە قەباڵەکانی هەورامان (ژمارە ٣) و هەروەها چەند تۆمارێک کە لە "دورا-ئوروپوس"دەرکەوتــووە بەم زمــانە نــووسراونەتەوە.** . . (دیاکونوف، کــریم کشــاورز، ۱۳۵۱: ۱۱٦).

هەروەها دیاکۆنۆڤ لە کتێبی مێژووی ماد لاپەڕەکانی ۸۸-۸۹ دەنووسێت:

"زمانی مادی لە شەش ڕووەوە لەگەڵ زمانەکانی تری کۆنی ئێرانیدا بەراورد کراوە، لەگەڵ زمانی ئەوێســتایی تەنیــا لە یەک ڕووەوە لەگەڵ زمــانی ئەشــکانی و ســکیتی لە دوو ڕووەوە و لەگەڵ ســوغدی و خــۆارزمی (تەنــانەت بەوەشــەوە کە زمانەکانیــان هاوکاتیش نەبــوون) لە سی ڕووەوە بەڵام لەگەڵ فارســی کۆنــدا لە هەر شــەش ڕووەوە لەیەک جیــاوازن کە چی بەراوردکردنەکــانی نێوان زمانەکانی مادی و پارسی هی یەک سەردەم بوون"، (دیاکونوف، کشاورز، ۱۳٤٥: ۱۱٦).

لە ماوەی ٤٧٠ ساڵەی دەسەڵاتداری ئەشکانییەکاندا، زمانی فارسی لە نێو دانیشتووانی ماد و تەنانەت خوراسانیش هیچ شوێن و پێگەیەکی نەبوو، لەو سەردەمەدا پارسەکان خاوەن هیچ جــۆرە دەســەڵاتێکی ســیاسی و فەرهەنــگی نەبــوون، هــیچ هــۆزێکی پــارسی لە دەســەڵاتداری ئەشــکانییەکاندا بەشــدار نەبــووە. ئەشــکانییەکان نە لە بــاری ســیاسی و نە لە بــاری ســەربازی و نەش لە بــاری ئــایینی و فەرهەنگیــیەوە هــیچ پەیوەنــدییەکی وایــان لەگەڵ ناوچەکــانی باشــوور و فارســەکاندا نەبــوو مەگەر تەنیــا بــۆ کــۆ کــردنەوەی بــاجی ســاڵانە نەبێ. ســترابوو جوغرافیانــاسی بەناوبانگی یۆنانی لە گەشتەکەی خۆیدا بۆ پارس لەسەردەمی ئەشکانییەکاندا لەم بارەوە ئاوای نووسیوە:

"پارسەکان تووشی چارەڕەشی بووەن، نەک تەنیا بە دەستی مەقدونییەکانەوە، بەڵکوو بە هۆی دەســەڵاتی ئەشــکانییەکانەوە، هەرچەنــدە شــای خۆیانیــان هەیە، بەڵام شــاکانیان هــیچ توانــایی و دەسەڵاتێکیان نییە، ملکەچ و لەژێر فەرمانی پادشای پارتن، (سترابوو، همایون صنعتی زادە، ۱۳۸۲: ۳۱۸ (٤-٣-۱٥)).

هەر بۆیەش لە سەردەمی ئەردەشێری پاپەکاندا پارسەکان دەستیان دایە شۆڕش و سەرهەڵدان لە دژی دەسەڵاتی باکووری- ڕۆژاوا. کە وابوو بەپێی ئەم ڕوونکردنەوەیە هەموو ئاسەوارەکانی مێژوویی، نووسراوەکانی سەربەرد و هەموو ئەو نووسراوە کۆنانەی سەردەمی ئەشکانییەکان هیچ پەیوەندییەکیان بە پارس و زمانی پارسییەوە نییە. تەنانەت لە سەردەمی خۆدی هەخامەنشییەکانیشدا زمانی فارسی ئەوندە پێگەیشتوو و جێکەوتوو نەبوو کە لە کاروباری سیاسی و کارگێڕیدا بەکاری بهێنن.

نازانم چۆن دەکرێ دەسەڵاتی ئەشکانی وەک دەسەڵاتێکی داگیرکەری کوردستان بژمێردرێت، مەگەر لە سەردەمی مادەکاندا ناوچەکانی پەرت (ئەو شوێنەی کە ئەشکانییەکان لێیەوە هاتبوون) بەشێک نەبوو لە وڵاتی ماد؟ مەگەر پێنج هۆزی مادی لە دەسەڵاتی ئەشکانیدا بەشدار نەبوون؟ مەگەر زمانەکەیان وەکوو شێوەزارێکی مادی نەبوو؟

ئەمڕۆکە لە وڵاتانی پێشکەوتوودا ئەگەر کەسێک پێنج ساڵ لە وڵاتێکدا بمێنێتەوە مافی هاووڵاتیبوونی هەیە و بە هاووڵاتی دەژمێردرێت، دی خۆ هۆزەکانی ئەشکانی ٤٧٠ ساڵ لە کوردستاندا بوون، لەگەڵ پێنج هۆزی کورد فەرمانڕواییيان پێک هێنابوو، لەگەڵ کوردەکان ژن و ژنخوازییان هەبووە، زمانیان شێوەزارێکی مادی بوو، پایتەختەکەیان "هەمەدان" پاتیەختی مادەکان بووە، کە وابوو بۆ نابێ وەک جێگرەوە و درێژەدەری ئیمپراتووری ماد بژمێردرن؟ باشە خۆ پاش ٧٠ ساڵ نەوەی یەکەمی ئەشکانییەکان کە هاتنە کوردستان هەموویان مردن و تیاچوون، بەڵام ڕۆڵەکانیان خۆ لە وڵاتی کۆنی کوردەواریدا لە دایک بووبوون، بەشێکی زۆریان دایکیان یان باوکیان کوردبوون. خۆ کوردەکان لە هیچ سەردەمێکدا (بێجگە لەسەردەمی کەیخسرەو نەبێ) ئەوندەی سەردەمی ئەشکانییەکان سەربەست و بەهێز نەبووەن.

**باشە، دەبوای چەند سەد ساڵ ئەشکانییەکان لە کوردستاندا بمانایەنەوە و فەرمانڕواییيان بکردایت بۆ ئەوەی وەکوو فەرمانڕەوایانی کوردستانی بناسێندرێن؟** چۆن و بە چ شێوەیەک ئەشکانییەکان کوردیان ئەسیمیلە کردووە؟ چۆن کوردیان کردووە بە فارس لە کاتێکدا ئەوان بۆ خۆیان فارس نەبوون و زمانەکەشیان شێوەزارێکی مادی بوو؟ خۆ ئێستاش هەموو گوتارەکانی مانی پەیغمبەر کە لە خوراساندا بە خەت و زمانی پەهلەویی ئەشکانی نووسراون و بڵاوکراونەتەوە، هەر ماون و لە شێوەزارێکی کوردی کرمانجی دەچن. خۆ ئێستاش قەباڵەکانی هەورامان و هەر وەها کتێبەکانی درەختی ئاسووریگ و یادگاری زەرێران، کە هین

سـەردەمی ئەشـکانییەکانە هەر مـاون و لەپـاش دەیـان جـار دەسـت تێ وەردان هێشـتا هەر کوردیبوونی ڕوون و ئاشکرایە.

سۆرانی حەمەڕەش سەبارەت بەو کەسانە وا لورەکان بە کورد ناژمێرن دەنووسی" تیۆری دانانی ئەو گـروپە بە نـاکورد، وەکـو دیـاریەک وابـوو بـۆ زۆر لە ئەکادیمیە بە ڕەگەز فـارس، عەرەب و تورکە کان (سۆران ح. ر، ۲۰۲۲: ۲۰۲)

ئێسـتاش دەکـرێ هەر ئەم پرسـیارەش لە کـاک سـۆران بکرێـت: ئایـا پێناسـە کـردنی "ئەشـکانییەکان" وەک "پارسـیا" و داگـیرکەری کوردسـتان، وەکـوو دیـارێکی بـاش نیـیە بـۆ داگـیرکەرانی کوردسـتان؟ ئایا ئەمە لاوازکـردن و سڕینەوەی بەشـێکی گرینـگ لە مـێژووی کـورد نییە؟

## بۆچوونی سۆران حەمەڕەش لەسەر ئائینی یارسانی و ئیزدی:

سـۆران حەمەڕەش سـەبارەت بە ئـاینی یارسـانی و ئـیزدی وەهـای نووسـیوە: "ئەکـادیمییە کووردەکان لە شـیکاریاندا بـۆ ئائینی یارسـان و ئیزدی، تەرکیز دەکەنە سـەر پەیوەسـتکردنی ئەو دوو ئایینە بە ئایینی زەردەشتییەوە. ئایینی زەردەشـتی لە لایەن تـوێژەرە ڕۆژئاواییەکانەوە ناسراوە و تـوێژینەوەی لەسـەر کـراوە، بـۆیە لە ڕوانـگە ئەکـادیمی کـورددا، ئەوە شـەرعیەتی پێ دەدا. سـەرەڕای ئەوەی کە ڕەگی ئایینەکـانی یارسـان و ئـێزدی زۆر دێـرینترە و زۆر لە بنەمـا سەرەتاییەکانیان پێچەوانەی ئائینی زەردەشتییە، . . . (سۆران، ح، ڕ ۲۰۲۲: ۲۱٤)

سـۆران حەمەڕەش لـێرەدا هەر لە خـۆیەوە قسـە دەکـات، ڕوونی ناکـاتەوە کە ئەو بنەمـا سـەرەتاییانە وا پـێچەوانەی ئـایینی زەردەشـتین چـین؟ هەروەهـا چـۆن دەزانێـت کە ئەم ئایینـانە زۆر دێرینترن هەتا ئایینی زەردەشـتی، بەڵگەکانی چـین؟ ئەو لێکـۆڵینەوە ئاکادیمیانە کە بەڕێزیان لەسـەر ئەم دوو ئـایینە کـردوویەتی و بەم ئەنجـامەی گەیانـدووە لە کویـدا بڵاو بـوونەتەوە؟ هەر کەس ئازاد و بۆی هەیە کە هەڵسـەنگاندن بۆ دینەکەی خـۆی یان هەر دینێکی تـر بکات و بەو جۆرەی کە خۆی دەیەوێت و حەزی لێیە پێناسـەی بکات، بەڵام لێکـۆڵەرێکی ئاکادمێک دەبێ بە بەڵگەوە قسە بکات.

سۆران ح.ڕ ئەم هەلبەستەی سەرهەنگ دەودان کە دەڵێ:

چەنی ئێرمانان مەگێلم نە هەردان مەکۆشم پەرێ ئایین کوردان

واتاکەی:

(وەکوو کۆمەڵی دینداران دەگەڕێم لە هەردان، تێ دەکۆشم بۆ ئایینی کوردان)

وەکوو نموونە دێنێتەوە و دەڵێ کە یارسانی پەیوەندی بە زەردەشتییەوە نییە و ئایینێکی کوردییە. لە کاتێکدا مەبەستی سەرهەنگ دەودان لە ئایینی کوردی هەمان دینی زەردەشتییە، چونکە هەم زەردەشت کورد بووە و هەم ئایینی زەردەشتی لە کوردستاندا پەیدا بووە و گەشەی سەندووە و بە جیهاندا بڵاوەی کردووە.

بەپێی دەقەکانی پەرتووکی سەرەنجام بناغەدانەری ئایینی یارسانی بالوولی ماهی (بەهلوولی مادی) بووە. کە لە نێوان ساڵەکانی ١٤٦-٢١٩ کۆچیدا ژیاوە. بالوول خەڵکی شاری دینەوەری لای کرماشان بووە. ئەو لە یەکێ لە هەڵبەستەکانی خۆیدا وەها دەڵێ:

"ئەو واتەی یاران، ئەو واتەی یاران ئێمە دێوانەین ئەو واتەی یاران

هەنی مەگێڵین یەک یەک شاران تا زیندە کەریم ئاین ئێران

واتە: بەپێی وتە و قسەی هەندێ لە یاران، دەبێ ئێمە شێت و دێوانە بین، بەڵام ئێمە بەیەک یەکی شاراندا دەسووڕینەوە، تاکوو ئایینی ئێرانی کۆن زیندوو بکەینەوە"، (مێژووی وێژەی کوردی، بەرگی یەکەم، سدیق بۆرەکەیی، ٢٠٠٨ هەولێر، لاپەڕەی ٥٠).

واتا لێرەدا "بالوول" ناڵێ کە ئەو ئایینێکی تازەی بۆ کوردان داناوە، بەڵکوو قسە لەسەر زیندووکردنەوەی ئایینی کۆنی ئێرانی واتا زەردەشتی دەکات. [بە پێی وتەی دیاکۆنۆڤ ئێران لە پێشدا بریتی بوو لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەتا ناوچەی خوراسان و لە لای خواریشەوە هەتا ئەسفەهان و زۆر بە ڕوونی دەڵێ کە ناوچە فارسییەکانی تێدا نەبوو : **"هەر وا کە بۆ هەمووان ڕوونە و دواترێش باسی لێ دەکرێ دەستەواژەی ئێران لە کۆندا (باستاندا) وەک "ئاریانا" بووە و "فارس"ی لەخۆ نەگرتبوو"، (دیاکونوف، کشاورز، ١٣٤٥: ٥٨١).**

لێرەش باشە ئاماژە بەمەش بکرێت کە لە ئایینی زەردەشتیدا خودایانی کۆنی ئێرانی ولانەنران و دوور نەخرانەوە بەڵکوو هەر مانەوە بەڵام پلە و پایەیان دابەزاندن، بۆ نموونە میترا و ئەناهیتا

هەر مانەوە بەڵام بوون بە ئیزەد و فریشتە. دیسان خودایانی کۆنتر وەک زوو، ئاز یان زڕوان لە ئایینی زەردەشتیدا هەر مانەوە، بەڵام پلە و پایەی جارانیان نەمابوو. بۆیە زۆر جار لە دەقەکانی زەردەشتیدا دەبینین کە ستایشــی میترا و یان زڕوان دەکرێت. لە دەقەکانی یارسانیشـدا هەر بە هەمان شێوە ئەم دیاردەیە بە ڕوونی دەردەکەوێ.

بۆ تێگەیشـتن لە چۆنیەتی هەر دینێک دەبێ پێش هەمـوو شـتێک لە بنەماکانی، مێژووەکەی و نەریتەکانی ئەو دینە بکۆڵدرێتەوە. من لێرە تێ دەکۆشـم زۆر بە کـورتی و بەڕوونی پیشـانی بدەم کە بە پێچەوانەی قسـەکانی س. ح.ڕ. ئایینی یارسانی درێژەیدەری ئایینی زەردەشتییە هەرچەندە ئێستا تا ڕادەیەک کەوتووەتە بەر کاریگەری ئایینی ئیسلامەوە.

زۆربەی خەڵـکی کوردسـتان زیـاتر لە ١٥٠٠ سـاڵ پەیـڕەوی ئـایینی زەردەشـتی بـووەن. لە پـاش هـێرشی سـپای ئیسـلام بـۆ نـاوچەکە، مـن پـێم وا نیـیە کە خەڵـک بەجارێـک دەسـتیان لە بیروبـاوەڕی هەزاران سـاڵەی خۆیـان بەردا و چـوونە سـەر ئیسـلام، یـان خـود چـوون و دێنـێکی تازەیـان داهێنـا! خەڵـکی ئاسـایی بە ئاسـانی دەسـت لە بـاوەڕ و نەریتەکـانی خـۆی هەڵنـاگرێ. سـەبارەت بە نـاوچەی هەورامـان کە زۆربەی پـیرانی یارسـانی خەڵـکی ئەوەێ بـوون، لە کتێـبی (تاریخ کرد و کردستان)ی مەردۆخدا وەها هاتووە:

"جەنگەکانی سـەردەمی بەنی عەباس هەموو جەنگی ئایینی بوون، جەنگە خوێناوییەکانی نێوان سـاڵەکانی ٣٠٧-٣٢٤ کـۆچی لە بـاکووری کوردسـتاندا هەر هەمـووی جەنـگی دیـنی بـوون و بـۆ پاراستنی دین. خەڵکی هەورامان هەر چەندە بە شێوەیەکی ڕواڵەتی خۆیان بە موسوڵمان پیشان دەدا و نوێژ و ڕۆژو و نەریتەکانی ئیسلامییان بەجێ دەهێنا، بەڵام هەتا ساڵی ٨٤٢ کۆچی هێشتا لەسەر باوەڕەکانی خۆیان کە هەمان ئایینی زەردەشتی بوو مابوونەوە. کاتێ مۆلانا گوشایش چوو بوو بۆ ئەوێ بۆ بانگەوازکردنی خەڵک کە بچنە سەر ئایینی ئیسلام، خەڵکەکە ئامادە نەبوون گـوێ لێ بگـرن و بیروباوەڕەکـانی ئیسـلامی وەربگـرن، و هەر پەیڕەوییـان لە ڕێنوێنییەکـانی "پـیر شالیار" کە گەورەی موغان و هیربودان بوو دەکرد و ئامادە نەبوون کە واز لە باوەڕەکانی خۆیان بێنن. ئێستاش ئەم ڕووداوە بووەتە مەتەڵ لە هەورامانـدا، دەڵێن کەسێکی خەڵکی هەورامان لە زانایەکی خۆیان دەپرسێ کە: ئایا قرونی (قورئان) قەدیمە یان مارفەتو (معرفت) پیرشاڵیاری، زانــاکەش لە وەڵامەدا دەڵێ: مــارفەتو پیرشــالیار قــدیما، قــرونی هــیزیگە گوشایشــە کــۆری

ئاوردەنەش، واتا "کتێبی ماریفەتی (معرفتی) پیر شالیار قەدیمە، قورئان گوشایشە کوێر دوێنی هێناویەتی"، (تاریخ مردوخ، سنندج، ١٣٥١، ص ١٢٣).

زۆرێک لە بنەماکان، نەریتەکان و دروشمەکانی زەردەشتی و یارسانی هەر وەک یەکن. بۆ نمونە میتولـۆژی ئـافرینش/ ئافرانـدنی ئـادەمیزاد، هەم لە دیـنی زەردەشـتیدا و هەمـیش لە ئـایینی یارسانیدا، هەر یەک شتن. پەیدابوونی ئادەمیزاد بەپێی میتولۆژی زەردەشتی بەم جۆرەیە:

کەیـومەرس یەکەمـین ئـادمیزاد بـوو کە ئـاهۆرا مەزدا دروسـتی کردبـوو، کاتێ کە مـرد تـوخمی (تـووەکەی/ نـوتفەکەی) دەکەوێـتە ژێـر خـاک و لە پاش چـل سـاڵان بـنە "ڕێواسـێکی" لێ شـێن دەبێ بە دوو لاسکی لەیەک هەڵپیچاوەوە، دواجار ئاهورا مەزدا گیانیان پێ دەبەخشـێ و یەکێ لە لاسـکەکان دەبێـتە "مەشی (ئـادەم)" و ئەوی دیـکەش دەبێـتە "مەشـیانە (حـوا)"، کە دواجـار دەبـن بە ژن و مـێرد و وەچەیـان لێ دەکەوێـتەوە و بەم جـۆرە ئـادمێزاد پەیـدا دەبێت. لە ئـایینی یارسانیشــدا بنــاغە ئافرانــدنی (ئــافرینش)ی ئــادەمیزاد ڕاســت هەر هەمــان میتۆلــۆژییە. بە چاوخشــاندنێک بە سروودەکــانی یارســانیدا ئەم ڕاســتییەمان بــۆ دەردەکەوتێــت. ئەمەش سروودی پیرشالیار لەبارەی ئافراندن (ئافرینش)ی مرۆڤەوە:

"یاران جە ڕێواس، یاران جە ڕێواس

پادشام پەیدا بی، جە دانەی ڕێواس

مەشیە و مەشیانە، بەرامان جە "واس"[13]

پەری ئازمایی، مێردان ڕەواس"[14]، (مارف. خزنەدار ٢٠٠١: ٢٣٨).

واتاکەی:

ئەی یاران لە ڕێواس

پادشام پەیدا بووە، لە دانەی ڕێواس

---

[13] واس بە واتای "تۆم/ تۆو"ی چاندراوە، لە ئەوێستاییدا وەک "وەرێش varēš"(احسان. بهرامی، ١٣٦٩: ١٢٩٦) ، و لە زمانی پەهلەویدا وەک "وەج (ب. فرەوشی ١٣٨٠: ١٣٦) هاتووە.

[14] لەسەر واتای وشەی "ڕەواس" لە وتووێژێکدا لەگەڵ مامۆستا "فەهمی کاکەیی"، بۆی باس کردم کە لە نوسخەکانی تردا لە بەشی بارگە بارگە ئەم وشەیە وەک "هەقناس (حق ناس)" هاتووە.

ئادەم و حەوا لە "تۆم/تۆو"ی چاندراوەوە هاتوون

تا تاق بکرێنەوە ئەوکەسانەی وا لە ڕووەک پەیدا بوون.

ئەمەش هەڵبەستێکی پیر شالیار (١٠٠٦- ١٠٩٨ زایینی) کە پێشان دەدات ئەو پەیڕەوی ئایینی زەڕدەشتیە و ئاگرخانەی بۆ پیرۆزە و زەڕدەشت پەیامبەر و نێردراوی خودایە.

"ئەو ئاهرخانە، ئەو ئاهرخانە بارگەی شام وەستەن، ئەو ئاهرخانە

زەردەشتەش کیاست، پەری فەرمانە بەرگوزیدەش کرد، نە ڕووی زەمانە"

(مارف خزنەدار ، ٢٠٠١: ٢٣٧)

واتاکەی:

ئەم ئاگرخانەیە، بارەگای شای منی لێ دامەزراوە، خودا زەڕدەشتی هەناردووە، فەرمانی پەیامبەری پێی داوە و هەڵی بژاردووە بۆ هەموو سەردەمێک.

ئەمەش هەڵبەستێکی پیر ڕاستگۆی قەرەداغی، کە لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا لە قەرەداغی نزیکی سلێمانی لە دایک بووە و لە دێی شێخان کۆچی دوایی کردووە، دەڵێن پیرێکی زانا و ئاگا بووە و شارەزایی هەبووە لە زانستەکانی سەردەمی خۆیدا. ئەم هەڵبەستە نیشان دەدات کە هەتا سەدەی هەشتەمی کۆچی، یارسانەکان هێشتا خۆیانیان وەکوو زەڕدەشتی پێناسە کردووە و زەڕدەشتیان وەک پەیامبەر بۆ پیرۆز بووە.

" زەڕدەشت پەیدا بی وە فەرمان شام ئاڤێستاش ئاوەرد پەرێ خاس و عام

چەنی گومڕاهان ستێزا وە کۆچ مەکۆشا پەرێ "یاری" شەو و ڕۆچ"

(سدیق بۆرەکەیی، ٢٠٠٨: ٢٤٥)

واتاکەی:

بە فەرمانی خوام زەڕدەشت هات و ئەوێستای هێنا بۆ هەمووکەسێک، لە کاتی کۆچیشدا بەرابەر گومڕاکان (ئەوکەسانەی وا ڕێگای ڕاستی و دروستکارییان لێ ون بووە) وستایەوە و

خەباتی کرد و شەو و ڕۆژ تێ دەکۆشا بۆ ئایینی "یاری". واتا لێرەدا زۆر بە ڕوونی ئایینی زەردەشتی و یاری هەر یەک ئایین دەژمێردرێن.

د. مارف خزنەدار لە کتێبی مێژووی ئەدەبی کوردی بەشی سێیەم لە لاپەڕەی ٢٧٥دا وەهای نووسیوە:

"شا ئیبراهیمی ئەیوەت ئایینی زەردەشتیش بە ئایینی یارسان دەزانێ، لەم لایەنەوە ئەوە دەخاتە ڕوو کە زەردەشت پەیدا بوو خەڵکی لە دەوری کۆ بوونەوە و دەیانویست ئایینەکەی ڕەت بکەنەوە، بەڵام ئەو وەکوو مامۆستایێکی بێ هاوتای قسەی ژیر و جووان، دەیووت هەر کەس ئایینەکەی وەرنەگرێ لە هەردوو گیتی دەبێ و مایە پووچ دەردەچێ"، (مارف خزنەدار ، ٢٠٠١: ٢٧٥).

شا ئیبراهیمی ئەیوەت (١٣٢٤- ١٤٠٧ زایینی)، یەکێ لە پیرانی گەورەی یارسانییە، لێرەش چەند هەڵبەستێکی شا ئیبراهیم دێنمەوە کە تێدا ئایینی زەردەشتی بە دینی خۆی دەزانێ:

[ئەیوەت وشەیەکی کۆنی کوردییە کە ئێستاش لە نێو کوردانی گۆران و فەیلی و دەوروبەری سنەش هەر ماوەتەوە. ئەیوەت بە واتای پەروەردەکەر/ ڕێنوێنیکەر (مربی)ە].

"زوڵال کۆی هاموون یادگاری من زوڵاڵ کۆی هاموون

چاگا غوڵامان، جەم بین نە ئەستوون نامش زەردەشت بی، شام ئاسای ئاڵتون

خەزنەدار بیمان، ئەز نامم هاموون کاکەم یادگار، نامش بی قارون"

(مارف خزنەدار ، ٢٠٠١: ٢٧٦)

واتاکەی:

کێوی هاموون زوڵالە، یادگاری منە کێوی زوڵالی هاموون، ئێستا لەبەر کێوی هاموونداهەموو باوەڕمەندان ڕێزیان بەستووە، پادشای زێڕ ئاسای من (پادشای زێڕینی من) ناوی زەردەشتە، ئێمە خەزنەدارین (بۆ پەیامە زێڕینەکانی ئەو) من هاموونم (واتا وەک کێوی هاموون قایم و بەهێزم)، "بابیشم/ گەورەیشم" کە ئێستا ناوی یادگارە جاران ناوی قارون بوو.

لـێرەدا بە جــوانی دیــارە کە ئەم ڕێــبەرە گەورەی یارســانییە، خــۆی بە هەڵگــر و خــزنەداری بیروباوەڕی زەردەشتی دەزانێ. شا ئیبراهیم دیسانەوە دەبێژێ:

"زوڵال ئاڤێستا، زوڵال ئاڤێستا ئەسلی دەفتەرەن، زوڵال ئاڤێستا

بنیام زەردەشتەن، دەفتەر وە دەستا زاتش جە بادەی، شەهنشا مەستا"

(مارف خزنەدار ، ۲۰۰۱: ۲۷٦)

واتاکەی:

زوڵاڵە ئەوێستا، دەفتەرێکی زوڵاڵە، بنەمایە ئەوێستا، زەردەشت ئەو ئادمیزادەیە وا ئەوێستای بە دەستەوە گرتووە، ئەو زاتێکە کە لە گەوهەری خوداوەندی بەشی دراوە.

ئەمەش هەڵبەستێکی بابا یادگار شاعیر و پیری یارسانی سەدەی هەشتەم:

"زوڵاڵ کۆی زەمان، زوڵاڵ کۆی زەمان یادگارەنان زوڵاڵ کۆی زەمان

جاگا غوڵامان جەم بین جە لامان نامش گوشتاسپ بێ، شام وە بێ گومان

ئەز ئەو ناووس بیم ڕۆشن کەردمان کاکەم زەردەشت بێ پوورەی ئەسپیتمان

واتە: ئەی یادگاری پاک و خاوێن! لە دەوری پادشایەتیی گوشتاسپ شای کەیانیدا، زەردەشت نەوەی ئەسپیتمان سەری هەڵدا و خەڵک دەستە دەستە لە دەوری ئەودا کۆبوونەوە و ئەو بە هــۆی تیشــکی ئاگرکــان هەمــوو جێ و شــوێنێکی ڕوون کــردەوە و هەمــوو خەڵــکی جیهــانی بــۆ یەکتاپەرستی و خواناسی بانگ کرد. من لەو دەمەدا ئاگر بووم و کاکە (گەورە)یشم زەردەشت بوو"، (سدیق بۆرەکەیی، ۲۰۰۸: ۱۸۷).

## پیرۆزی "هۆم" لای زەردەشتیان و هەروەها لای پەیڕەوانی یارسانی:

هـۆم جـۆرە خۆشـاوێکە کە پەیـڕەوانی ئـاییی زەردەشـتی لە بـۆنە ئایینیەکانیانـدا دەیخـۆنەوە، لە گیـایەکی ڕەنـگ زەرد دەگـوشرێ. ئەو گیـایە لە چیاکانی کوردسـتاندا هەیە و هـۆمی پێ دەڵـێن، لە سانسکریتیشدا سۆمای پێ دەوترێت کە واتای ڕووناکی دەدا. وشەی سۆما لە کوردیدا هەر ماوە

و هەمان واتای هەیە (سۆمای چاو کە واتای ڕووناکی چاو دەدا). هەروەها لە لایەن پەیڕەوانی ئـاییینی یارسانیشـەوە هـۆم نـۆش دەکـرێ و وەک دەرمـانیش بە کار دەبـرێ. [ نـابێ ئەم وشـەیە لەگەڵ وشـەی هۆمـا کە لە شـێوەزاری زازاکیـدا بە واتـای خـۆدا دێـت تـێکەڵ بکرێـت]. پیرشاریار(شـالیار) کە یەکێ لە ڕابەران وپـیرانی ئـاییینی یارسـانییە لە نێـوان سـاڵەکانی (١٠٠٦-١٠٩٨ زاییینیدا) ژیاوە، لەسەر نۆشکردنی هۆم وا دەڵێ:

"هۆمم دەرمانن، هۆمم دەرمانن		هۆم پەی گردێ دەردو دەرمانن

هۆم مایەی جوانی بەر ئەورامانن		هۆم مایەی وەشیی دەڕوون زامانن"

(جەماڵ. نەبەز ٢٠٠٩: ١٦)

بابا سەرهەنگی دەودانی لە یەکێ لە هەڵبەستەکانی خۆیدا لەسەر "هەفتەن" دەڵێ:

"هەفتم سەرخێڵەن، هەفتم سەر خێڵەن		جە ئاسماندا هەفتم سەر خێڵەن

هەر یەک وە ڕەنگی بە گەشت و گێڵەن		هەر یەک پەی کارێ ئاوارە و وێڵەن

واتا: حەوت کەسم لە ئاسماندا سەرخێڵن و هەر کامیان بەجۆرێک لە گەشت و گەڕاندان و بە کارێکەوە خەریکن، چونکە کاروباری ئاسمانم سپاردووەتە دەستی ئەوانەوە. هەفت یا حەوت لەم دوو بەییتیە حەوت فریشـتەن کە لە ڕێ و ڕەوشـتی یاریدا پێی دەوتـرێ: (هەفـتەن). بەپێی پەراوی سـەرەنجام ئەم حەوت فریشـتەیە کاروبـاری ئاسـمان و جیهانیـان پێ سـپێردراوە و هەر کامیان بەکارێکەوە خەریکن. هەفتەن لە ئاینی زەردەشتیدا بە پێی ئاڤیستا (ئەمشەسپەنتە)ی پێ دەوترێ کە لە فارسیدا (ئەمشا سپەندان)ە. بەشێکی ئاڤێستاش بەناوی (هەفتەن یەشت)ە، کە لە بـارەی ستایشـــــی ئەمشاســپەندانەوەیە. ئەمشاســپەندان بــریتییە لە شــەش فریشــتە و ئەهوورامەزدا"، (مێژووی وێژەی کوردی ١، بۆرەکەیی، ٢٠٠٧: ٦٢-٦٣).

کە وابوو لێرەدا بۆمـان دەرکەوت کە زۆرێک لە بنەماکان و نەریتەکانی یارسـانی و زەردەشـتی هەر یەکـێکن زۆربەی پـیران و ڕێـبەرانی ئـاییینی یـاری خۆیـان بە باوەڕمەنـدانی ئـاییینی زەردەشــتی و پەیڕەوی ئەوێستا زانیوە.

لە دواییشـدا با چـاو لە لێکـۆڵینەوەیەک بکەیـن لەسـەر لێکچـوونی شـێوازی داڕشـتنی ئەوێسـتا و نامەی سەرەنجام.

دوکتور "ئۆمێد تەبیب زادە"[15] لێکۆڵەرێکی فارس و پسپووڕی زمانەوانییە، ئەو مامۆستای زانکۆ و ئەندامی فەرهەنگستانی زمان و ئەدەبی فارسییە لە تاران. ئەم مامۆستایە لێکۆڵینەوەیەکی کردووە لە بارەی بەراوردکردنی سرووودەکانی ئاییینی ئێزدی (قەوڵەکان) و هەروەها سرووودەکانی ئاییینی یارسانی و پاشان ئەنجامەکەشی لە ژێر سەردێڕی "بەراوردکردنی قەوڵەکانی" ئێزدی لەگەڵ کەلامەکانی یارسانی لە ژێر تیشکی هێندێ لە سرووودەکانی ڕۆژاوای ئێراندا"نووسیوە و لە گۆڤاری "ئەدەب پژوهی، ژمارە ٢٠، ١٣٩١، لاپەڕەکانی ٥٣-٧٤"[16] بڵاوی کردووەتەوە.

ئەوەی کە لە خوارەوە دێت، کۆی باسەکە نییە بەڵکوو تەنیا پوختەی بەشێکی زۆرکەمی لێکۆڵینەوەکەیە:

"سرووودەکانی یارسانی و قەوڵەکانی ئێزدی هەردووکیان دەچنە خانەی ئەدەبی زارەکییەوە، بەڵام یارسانەکان بە هۆی ئازادی زیاتر و لە هەمان کاتدا پەیوەندی لەگەڵ کۆڕ و کۆمەڵە ئەدەبییەکانی فارسیدا، هێندێک لە تایبەتمەندییەکانی زارەکی خۆیان لە دەست داوە. گرینگترین تایبەتمەندییەک (پێوەرێک) کە دەتوانێ پیشاندەری جیاوازییەکانیان بێت، ڕادەی تەبایی دەروونی (انسجام درونی) قەوڵەکانی ئێزدی و هەروەها سرووودەکانی یارسانییە. نەبوونی ڕێکوپێکی و تەبایی دەروونی لە قەوڵەکانی ئێزدیدا تایبەتمەندییەکی گشتییە و تەنیا پەیوەندی بە قەوڵەکانی ئێزدییەوە نییە، لە زۆربەی دەقە زارەکییەکاندا و لە فارسیشدا هەر وایە.

شێوەی داڕشتنی "نامەی سەرەنجام"ی یارسانەکان وەک قورئان یان ئەنجیل نییە کە ژمارەی سورەکان ودێڕەکانی دیاریکراو بێت و بە ئاسانی بۆت بدۆزرێتەوە. نامەی سەرەنجام لە باری داڕشتنەوە زۆر لە پەرتووکی ئەوێستا دەچێت کە دەتوانین بڵێین نوسخەی ئەوێستایە. ئەم پەرتووکە شەش بەشی هەیە کە بریتین لە بارگە بارگە، دەورەی هەفتەوانە، گڵێم و کۆڵ، دەورەی چل تەن، دەورەی عابەدین و دەورەی خوردە سەرەنجام، هەرکام لەم بەشانەش بە جۆرێکی تایبەت دابەش کراون بۆ نموونە بەشی بارەگە بارەگە کە گرینگترین بەشی نامەی سەرەنجامە، لە هەفتاودوو بەند پێکهاتووە کە بە ژمارە ڕیزبەندی کراون، هەر بەندێکیش بریتییە لە "یەک" تا چەند "کردە"ی بە ژمارە ڕیزبەندیکراو، هەر "کردە"یەکیش پێک هاتووە

[15]- دکتر امید طبیب زاده: زبان‌شناس و استاد زبان‌شناسی پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی و فرهنگستان زبان و ادب فارسی.

[16] - امید طبیب زاده، مقایسه اقوال ایزدی ها با کلامات یارسان، ادب پژوهی، شماره ٢٠، تابستان ١٣٩١، ص ٥٣-٧٣.

له چەند باڵ (مصـرع). ئەمە ڕاست و بێ کەم و زیاد هەمان شێوازە کە لە نووسینی ئەوێستا بەشی "یەسنا"کاندا بەکار هێنراوە.

بەراوردکردنی شێوازی داڕشتنی یەسناکانی ئەوێستا و بارگە بارگەی نامەی سەرەنجام:

| ئەوێستا | نامەی سەرەنجام |
|---|---|
| ١-١- یەسناکان (٧٢ هات) | ١-١- بارگە بارگە (٧٢ بەند) |
| ١-١-١- هاتی یەکەم (٢٣ بەند) | ١-١-١- بەندی یەکەم (دوو کردە) |
| ١-١-١-١- بەندی یەکەم (٥ دێڕی بێ ژمارەیە) | ١-١-١-١- کردەی یەکەم (١٢ باڵی بێ ژمارەیە) |
| ١-١-١-٢- بەندی دووەم (٥ دێڕی بێ ژمارەیە) | ١-١-١-٢- کردەی دووەم (٦ باڵی بێ ژمارەیە) |
| ١-١-٢- هاتی دووەم (١٨ بەند) | ١-١-٢- بەندی دووەم (دوو کردە) |
| ١-١-٢-١- بەندی یەکەم (٩ دێڕی بێ ژمارەیە) | ١-١-٢-١- کردەی یەکەم (٣ باڵی بێ ژمارەیە) |
| ١-١-٢-٢- بەندی دووەم (٥ دێڕی بی ژمارەیە) | ١-١-٢-٢- کردەی دووەم (١٠ باڵی بێ ژمارە) |

لێکچوونی شێوازی داڕشتنی ئەوێستا و نامەی سەرەنجام زۆر زیاتر لەوەیە کە پێمان وابێ ئەمە شتێکی بەهەڵکەوت بووە. ئەمانە نیشان دەدەن کە دابەشکردنی نامەی سەرەنجام لەسەر بنەمای ئەوێستا کراوە"، (ئۆمێد تەبیب زادە ١٣٩١: ٥٨-٦١).

[ئەوەی کە د. تەبیب زادە بە چ مەبەستێک ئەم لێکۆڵینەوەیە کردووە و چ ئەنجامێکی لێ وەردەگرێ، لێرەدا بۆ ئیمە مەبەست نییە، ئەوەی کە گرینگە ئەمەیە کە ئەو کەسە/ کەسانەی کە لە کاتی خۆیدا نامەی سەرەنجامیان تۆمار کردووە، زانیویانە کە ئەم سروود و پەیامانە پەیوەندییان بە ئەوێستاوە هەیە نەک دینێکی تر و کتێبێکی تر، بۆیە بە هەمان شێوەی ئەوێستا دایانڕشتووە].

دەرئەنجام: لە پاش هێرشی ئەسکەندەر، بۆ ناوچەکە بەشێکی زۆر لە هۆزی مۆغانی مادی (هەورامییەکان) بەتایبەت ئەوانەی کە لە هەمەدان و ئاترئاپاتان (ئازەربایجان)دا بوون لە ترسی هێرشی ڕۆمییەکان هەڵاتن بۆ هەورامان و لەویدا خۆیان حەشار دا. (پێشتر ئەو ناوچەیە ناوی هەورامان نەبووە، بەڵکوو بەشێک بوو لە پەراسوا/ پارسوا). لە پاش تێکچوونی دەسەڵاتی سلوکییەکان و بەرپابوونی فەرمانڕەوایی ئەشکانی بەشێکی زۆر لە هۆزی مۆغان گەڕانەوە بۆ

شـارەکان و ناوەنـدەکانی دەسـەڵات و بەشێکیشـیان هەر لە هەورامانـدا مـانەوە و وەک ڕابەرانی ئایینی بەردەوام بوون لە چالاکییەکانیان. لە پاش هێرشی ئیسلامیش دیسانەوە هەر لە ناوچەی هەورامانـدا مـانەوە و بە نهیـنێ لە ژێـر نـاوی ئـایینی "یـاری/ یارسـانی" ئـایینەکەی خۆیانیـان پاراسـت. "ڕازداری" واتـا ئاشـکرا نەکـردنی ڕاز و نەدرکانـدنی نهێنییەکـانی دیـنی، بـوو بە یەکێ لە ئەرکە دینییەکانی یارسانەکان بۆ خۆ پاراستن لە بەرانبەر دژبەرانیان. زمانی ئایینی مادەکان زمانی ئەوێستایی/ مۆغی (هەورامیی کۆن) بوو و زمانی ئایینی یارسانەکانیش بە تایبەت دەقە کۆنەکانی دەتوانین بڵێین کە زمانی ئەوێستایی میانە (هەورامیی میانە)یە واتا درێژەی زمانی ئەوێستاییە، ئەم باسە لە کتێبی ناسنامەی زمانی کوردی بەرگی دووەمدا بە بەڵگەوە  بە وردی ڕوون کراوەتەوە.

سـەبارەت بە ئـایینی ئێزدی هـیچ نانووسـم، چـونکە مـن نە کتێبی جیلـوەم خوێنـدوەتەوە و نەش مەسـحەفی ڕەش، بەڵام تا ئەو جێگا کە لە هێندی لە قەوڵەکانی ئیزدی و وتارەکانی تـر سـەبارەت بەم ئایینە تێگەیشـتووم، ئایینی ئێزدی درێژەدەری ئایینی میتانییەکان و بەتایبەتی میترایە (میترا یەکێ لە خودایانی میتـانی بـوو)، لە هەمـان کاتـدا کاریگەری ئایینەکانی زەردەشـتی و ئیسلامیشی پێوە دیارە.

## سۆران حەمەڕەش و زمانی هوری:

هەر وەک پێشـتر بـاسی لێ کـرا، لێکـۆڵەرانی بـواری زمـانەوانی لە لێکـۆڵینەوە لە زمانی هوریـدا بەم ئەنجـامە گەیشـتوون کە هورییەکان بە چەنـدین زمـانی جیـاواز لە یەک قسـەیان کـردووە. هەتـا ئێسـتا تـوانراوە دوو زمـان لەم زمانـانە ڕوون بـکەنەوە، یەکەم زمـانی میتـانییە کە زۆر نـزیکە لە زمـانی سانسـکریتی و لەگەڵ زمانەکانی هینـدو ئێرانیـدا پەیوەنـدی هەیە، زمـانەکەی دیکەش بە "هوری" ناوی لێ نراوە، هەرچەند بەشێکی زۆر لە نووسراوەکانی زمانی هوریش خوێندراوەتەوە، بەڵام تـا ئێسـتا نەتـوانراوە پەیوەنـدییەکی لەگەڵ زمـان زینـدووەکانی ئەمـڕۆ و یـان لەگەڵ زمـانە کۆنەکـانی وەک سـۆمەری و ئەکەدی و ئـیلامی و یـان لۆلـۆبی بسـەلمێندرێت. بـۆیە هەر وەک زمانێکی جیاواز و سەربەخۆ لەبەرچاو دەگیردرێت.

سۆران حەمەڕشیش بە بێ ئەوەی کە جیاوازێک لە نێوان زمانی میتانی و زمانی هوریدا ببینێت، بە بێ هـیچ لێکـۆڵینەوەیەک و بە بێ هـیچ بەڵگەیەکی زانسـتی هەموویـان بە شـێوەزارەکانی یەک زمان واتا هـوری دەزانێ و هـوریش وەکوو زمانی کۆنی کوردی ئەژمار دەکات. جا بۆ سـەلماندنی

بۆچـوونەکەی خـۆی دەسـتی داوەتە بەراوردکارێکی سـەیر و سـەمەرکە نە تەنیا هـیچ یاسـایەکی زمانەوانی لەبەرچاو ناگرێت، بەڵکوو زیاتر لە گاڵتەجاڕ دەچێت. بە دڵنیاییەوە هەرکەسێک کە تۆزێک ئاشنایەتی لەگەڵ زمانەوانیدا هەبێ، ناتوانێ لە خوێندنەوەی ئەم بەراوردکارییانە تووشی سەرسوڕمان و پێکەنین نەبێ، با پێکەوە چاو لەم نموونەیە خوارەوە بکەین:

**١- aadali "بەهـێز"، وشـەی بەرانـبەری لە کوردیـدا: zālī "بەدەسـەلاتی". (س.ح.ڕ، ٢٠٢٢: ٢٤٠).**

هەرچەنـد لـیرەدا هـیچ پەیوەنـدییەک لە نێـوان ئەم دوو وشـەیەدا نابینـدرێت، بەڵام س.ح.ر بـۆ ئەوەی وشەکان لەیەک نزیک بکاتەوە، بە کەیفی خۆی پیتی (ī) بە zāl زیاد دەکات و وشەکە دەکات زاڵی، ئەگەر وابێت دەبێ وشەکەی بەرانبەریشی. "بەهێزی"بێ نەک بەهێز. بێجگە لەمە "zālī" بە واتـای "بەهـێز" نیـیە و واتاکانیـان زۆر لەیەک جیـاوازە. زاڵ بە واتـای (غالـب)ە، بـۆ نمـوونە: فیـل ئـاژەڵێکی بەهـێزە، نـاکرێ بوترێـت: فیـل ئـاژەڵێکی "زالی (zālī)یە". شـێرکۆ کـوڕێکی وەرزشـکارە زۆر بەهـێزە، نـاکرێ بوترێـت: شـێرکۆ کـوڕێکی وەرزشـکارە زۆر "زاڵی"یە. مـن لەسـەر لوتکەی شاخێکەوە دەڕوانم و زاڵم بەسـەر ناوچەکەدا، بەڵام مـن بەهێز نیم. واتا زاڵ و بەهێز زۆر لەیەک جیــاوازن. ئەم بەراوردکــارییە زۆر دوورە لە بەراوردکــارییەکی زانســتی، ڕێشــەی وشەکانیش هیچ پەیوەندییەکیان پێکەوە نییە.

**٢- adirya "بوون لە ناوکێشەدا"، وشەی بەرانبەری لە کوردیدا: dirī "دڕبوون"، turaīī "تورەیی". (س.ح.ڕ، ٢٠٢٢: ٢٤٠).**

بەڕاسـتی نـازانم لـێرەدا چ پەیوەنـدییەک هەیە چ لە بـاری واتـاوە و چ لە بـاری ڕیشـەوە لە نێـوان "ئـدێریا" (بـوون لە نـاوکێشـەدا) و "دڕی" و یـان تـووڕەیی. ئەگەرکەسـێک وەهـا پەیوەنـدییەک بدۆزێتەوە، زۆر سپاسی دەکەم.

**٣- ai "ئەگەر تەنهـا"، وشـەی بەرانـبەری لە کوردیـدا: āī "خـۆزگە". (س.ح.ڕ، ٢٠٢٢: ٢٤١).**

واتـا لـێرەدا س.ح. ڕ دەڵێ وشـەی ai (ئێ) بە واتـای "ئەگەر تەنها"، بەرانـبەرەکەی لە کوردیـدا وشـەی āī (ئـای)یە  بە واتـای  "خـۆزگە"! بەڕاسـتی هـیچ قوتـابییەکی پـۆلی سـەرەتایەکانیش قسەی وا ناکات. خو ئەمە ئەگەر گاڵتە نەبێ هیچی تر نییە.

**٤- an "دلخۆشبوون"، وشەی بەرانبەری لە کوردیدا: xan "پێکەنین".  (س.ح.ڕ، ٢٠٢٢: ٢٤١).**

من نازانم پەیوەنـدی "ئەن" لەگەڵ "خەن"دا لە چیدایە، لە کام زمانـدا دڵخۆشـبوون بە واتـای پێکەنینە! واتا بەپێی ئەم ماناکردنەوەیە، ڕستەی "دڵخۆشم بە داهاتووی تۆ"  هاوتایە  لەگەڵ ڕستەی (پێدەکەنم بە داهاتووی تۆ). **an بەو جۆرەی کە نووسراوە چاوگە، لە کاتێکدا xan ڕیشـەی چاوگە بـۆ xanin (پێکەنین)** واتا ئەگەر کەسێک بیەوێت پێکەوە بەراوردیان بکات دەبێ an (دلخۆشـــبوون) لەگەڵ xanin (پێکەنـــین) بەراورد بکـــات. کە زۆر ڕوونە ئەم دوو وشەیە نە لەباری واتاوە و نەش لەباری ڕیشەی وشەکانەوە هیچ پەیوەندییەکیان پێکەوە نییە.

**٥- asi "چەوری"، وشـەی بەرانـبەری لە کوردیدا: hīza " دەفرێکە لە پێست دروسـتکراوە بۆ هەڵگرتنی ڕۆن و کەرە، (س.ح.ڕ، ٢٠٢٢: ٢٤١).**

ماناکردنەوەی "چەوری" بە "هیزە (خیگەی ڕۆن)" بەڕاستی جێگای سەر سوڕمانە، وەک ئەوە وایە مـن بڵێم بـرینج، تـۆیش بڵێی قـاپ، یان مـن بڵێم نان و تـۆیش بڵێی سفرە. هیزە بە واتـای چەوری نییە، بەڵکوو جێگای ڕۆنە. تازە ئەگەر گریمانەش بکەین کە "هیزە" بە واتای چەورییە، دیسان هیچ پەیوەندییەکی لەگەل "ئسێ **asi**" نییە.

**٦- bayri "بـاش، جـوان، وشـەی بەرانـبەری لە کوردیـدا: bahār "وەرزی بەهـار"، (س.ح.ڕ، ٢٠٢٢: ٢٤٢).**

وشـەی بەیـری لە بـاری واتـاوە چ پەیوەنـدییەکی لەگەڵ بەهـاردا نـیـە، خـۆدی وشـەی بەهـار وشـەیەکی نـوییە، لە پەهـلەویی ئەشـکانی و ساسـانیدا  وەک "وەهـار" گـۆکـراوە، لە ئەوێسـتادا وەک "وێسار/ وسار" بێژەکراوە (Kanga, 1909: 483)، ئێستاش لە هەورامیدا وەک "وەهار و لە زازاکیدا وەک "وێسار" گۆ دەکرێت. کە وابوو لەسەردەمی هورییەکانیشدا یان بە شێوەی

وێسار و یان وەهار بووە کە دیارە نە لە مانادا و نەش لە ڕۆاڵەتدا هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵ "بەیری" نییە.

**7- butki "کوڕ"، وشەی بەرانبەری لە کوردیدا: baçka "مندال، بەچکە"، (س.ح.ڕ، ٢٠٢٢: ٢٤٢).**

چ پەیوندییەک لە نێوان butki و baçka دا هەیە؟ ئایا نووسەر دەزانێ کە لە کوردی کۆندا و لە زمانی پەهلەویدا بە بەچکەیان وتووە "vaçk/waçg". چۆن دەکرێ بەرانبەر بە کوڕ، وشەی بەچکە دابنرێت، دەی ئەگەر هاتوو بەچکەکان کچ بوون چی؟ یان ئەگەر هاتوو "butki"یەکان (کوڕەکان) تەمەنیان ٤٠ و ٤٥ و ٥٠ ساڵ بوو هێشتا هەر بەچکەن؟

لێکچوونی وشەکان لە ڕوواڵەتدا هیچ شتێک ناگەیێنێ ئەگەر بێتو وشەکان نەگەڕێنەوە بۆ یەک ڕیشە و یەک واتایشیان نەبێ. بۆ نموونە وشەی "سایقە" لە کوردیدا واتای ئاسمانی بێ هەور و ساماڵ دەدات و ڕیشەکەی دەگەڕیتەوە بۆ سا و ساماڵ کە چی "سائقە (صاعقە)" لە عەرەبیدا بە واتای هەورە بروسکەیە، و هیچ پەیوەندییەکیان پێکەوە نییە هەر چەند لە ڕۆاڵەتیشدا لە یەک دەچن.

**٨- eyeps "گرژبوون (بۆ ماسولکە)"، وشەی بەرانبەری لە کوردیدا: hez "وزە، قوەت"، (س.ح.ڕ، ٢٠٢٢: ٢٤٢).**

بەڕاستی بە سێحر و جادویش ناکرێت پەیوەندییەک لە نێوان ئەم دوو وشەیەدا بدۆزرێتەوە.

**٩- haigalli "کۆشک"، وشەی بەرانبەری لە کوردیدا: haīkal "پەیکەر"، (س.ح.ڕ، ٢٠٢٢: ٢٤٢).**

نووسەر نووسیویەتی کە وشەی haigalli بە واتای"کۆشک"ە، کە چی وشەی کوردی بەرانبەرکەی نووسیویەتی "هەیکەل". یەکەم، وشەی هەیکەل واتای کۆشک نادات بە واتای پەیکەرە. دووەم: هەیکەل وشەیەکی عەرەبییە و پەیوەندی بە کوردییەوە نییە. کە وابوو ئەم بەراوردکارییە بە تەواوی هەڵەیە.

**١٠- han "مندال بوون"، وشەی بەرانبەری لە کوردیدا: hān "هێنان"،(س.ح.ڕ، ٢٠٢٢: ٢٤٢).**

نووسەر لێرەدا نووسیویە وشەی (هەن) کە لە هوریدا بەواتای منداڵبوونە، بەرانبەرە لەگەڵ وشەی (هان) لە چاوگی هێنان! جارێک لە کوردیدا بە منداڵبوون یان منداڵ هێنان قەت ناڵێن "هان/ هەن"، ئەمە نووسەر لە خۆیەوە دایناوە، وشەی بەرانبەر han (منداڵبوون) لە کوردیدا دەبێتە "زایین". دیارە زایین هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵ han (هەن)دا نییە.

**١١- haz "گوێ لێبوون"، وشەی بەرانبەری لە کوردیدا: has "هەستکردن، دەرکپێکردن"، (س.ح.ڕ، ٢٠٢٢: ٢٤٢).**

**ئەم بەراوردکردنە جارێکی تر نیشانی دەدات کە نووسەر هیچ ئاگایەکی لە یاساکانی زمانەوانی نییە، دوو وشە کە واتاکانیان و چاوگەکانیان لەیەک جیاواز بێت وەک (گوێ لێبوون = هەستکردن) نابێ قەت لەگەڵ یەکدا بەراورد بکرێن.**

**١٢- id "شکاندن"، وشەی بەرانبەری لە کوردیدا: da "لێدان"، (س.ح.ڕ، ٢٠٢٢: ٢٤٢).**

ئەمەش هەر وەک وشەی پێشەوە، دوو وشەی بە تەواوی لەیەک جیاوازن، هەم لەباری ڕیشەوە هەم لەباری گۆکردنەوە و هەمیش لە باری ماناوە. بەراوردکردنی ئەم وشانە بەم شێوەیە بە تەواوی هەڵەیە.

**١٣-itsuri "ڕاکەر"، وشەی بەرانبەری لە کوردیدا: zor "هێز، قوەت"، (س.ح.ڕ، ٢٠٢٢: ٢٤٢).**

itsuri (ڕاکەر)لە کوێ zor (زۆر) لە کوێ؟ پێم وانییە ئیتر سێحر و جادویش بتوانێ پەیوەندی ئەم دوو وشەیە پێکەوە نیشان بدات. لێرەدا بەڕاستی وا دیارە کە نووسەر بۆ گاڵتە ئەمەی نووسیوە.

**١٤-iyili "ڕزگارکردن"، وشەی بەرانبەری لە کوردیدا: hel "لێ گەڕا، بەجێهێشت"، (س.ح.ڕ، ٢٠٢٢: ٢٤٣).**

لێرەشدا نووسەر چەندین هەڵەی زمانەوانی کردووە:

١- hel (هێڵ) بە واتای لێ گەڕا و بەجێهێشت نییە، "هێڵای" بە واتای "لێ گەڕا"یە. واتا نیشانەی"ی" جێناوی سێیەم کەسی تاکی پێویستە.

٢- iyili ڕزگارکردن، چاوگی لێکدراوە، ناکرێ لەگەڵ کرداری سێیەم کەسی تاکدا بەراورد بکرێ، دەبێ لەگەل چاوگدا واتا لەگەڵ هێلان/ هێشتن/ ڕزگارکردن بەراورد بکرێ.

٣- رزگارکردن لەگەڵ "هێلان"دا دوو وشەی زۆر لەیەک جیاوازن، بۆ نموونە: هێلای نانەکەی بخوات، (هێشتی نانەکەی بخوات) بە واتای ئەوە نییە کە ڕزگاری کردا!

**١٥- kebli "ڕاوکەر"، وشەی بەرانبەری لە کوردیدا: kaul "پێست داماڵین"، (س.ح.ڕ، ٢٠٢٢: ٢٤٣).**

لیرەشدا نووسەر هیچ جیاوازێک لە نێوان نەچیرەوان و پێستی نەچیرەکەدا ناکات واتا kebli **"ڕاوکەر"،** بە واتای کەوڵ دەزانێ! بە واتایەکی تر kebli (ڕاوکەر) بەرانبەر دەزانێ بە کەوڵی "نەچیرەکە" بەڵام سەیریش لەوەدایە کە نووسەر بۆ خۆی کەوڵ (پێست)یش بە پێست داماڵین مانا کردوەتەوە. ئەمە ئیتر زمانەوانی نییە، ئەمە بۆ خۆی هۆنەرێکی نوێیە!

**١٦- kir "درێژ"، وشەی بەرانبەری لە کوردیدا: kīr/ker "ئەندامی نێرینە، چەقۆ"، (س.ح.ڕ، ٢٠٢٢: ٢٤٣).**

kir "درێژ" هاوەلناوە، بەڵام "kīr/ker" بە واتای ئەندامی نێرینە و چەقۆ ناوە، هیچ پەیوەندییەکیان لەگەڵ "درێژ" دا نییە. بۆ نموونە ئەو دارە درێژە، خۆ تۆ ناتوانی بڵی ئەو دارە کێرە، یان ئەو دارە چەقۆیە. ئەم جۆرە بەراوردکردنانە تەنیا لە کەسێک دەوەشێتەوە کە هیچ ئاشنایەتییەکی لەگەڵ زمانەوانیدا نەبێ.

**١٧- muz "دانان، ڕێکخستن"، وشەی بەرانبەری لە کوردیدا: mez "مێز" (س.ح.ڕ، ٢٠٢٢: ٢٤٣).**

muz "دانان و ڕیکخستن" چاوگە، بەڵام mez مێز ناوە چ پەیوەندییەکیشیان پێکەوە نییە. muz گەردان دەکرێت، بەڵام mez ناوە و گەردان ناکرێت.

**١٨- nekri "قوفل"، وشەی بەرانبەری لە کوردیدا: nākir "ئەو شتەی کە نایکات" (س.ح.ڕ، ٢٠٢٢: ٢٤٣).**

nekri بە واتای قوفل ناوە، بەڵام وشەی nākir "ناکێر/ ناکر" لە کوردیدا هەر نییە، نووسەر بۆ خۆی دایتاشیوە. لە ڕووی زمانەوانییەوە ئەم بەراوردکردنە هەڵەیە.

**١٩- pas "ناردن"، وشەی بەرانبەری لە کوردیدا: peš "پێش" (س.ح.ڕ، ٢٠٢٢: ٢٤٣).**

لێرەش، پەس (ناردن) چاوگە، بەڵام پێش ئاوەڵکردارە، چاوگ لەگەڵ ئاوەڵکرداردا بەراورد ناکرێت. هیچ پەیوەندییەکیشیان لە هیچ بارێکەوە پێکەوە نییە.

**٢٠- ši-(i)-ir "یەکسان بوون، یەکسان کردن"، وشەی بەرانبەری لە کوردیدا: sara "وەستان یەک لە دوای یەک" (س.ح.ڕ، ٢٠٢٢: ٢٤٤).**

لێرەش پێم وایە نووسەر گاڵتە دەکات، وشەی "شێ-ی-ێر" بە واتای یەکسان بوون/ یەکسان کردن کە چاوگە بەرانبەر دەزانێ بە وشەی کوردی "سەرە" بە واتای "نۆرە/ نۆبە". پەیوەندییەکەیان لە چیدایە مەگەر هەر نووسەر بۆ خۆی بزانێ.

**٢١- tia "زۆر"، وشەی بەرانبەری لە کوردیدا: zīā "زۆر" (س.ح.ڕ، ٢٠٢٢: ٢٤٤).**

zīā بە واتای "زۆر" وشەی کوردی نییە، بەڵکوو وشەیەکی عەرەبییە، هەمان وشەی "زیاد/ زیادة"ی عەرەبییە.

**٢٢- tiyan "نیشاندان"، وشەی بەرانبەری لە کوردیدا: šan "نیشاندان" (س.ح.ڕ، ٢٠٢٢: ٢٤٤).**

"شان" بە واتای نیشاندان نییە. نە لە کوردیدا نە لە فارسیدا و نەش لە هیچ زمانێکی تردا "شان" واتای "نیشاندان" نادات. لە کوێدا و لە کام فەرهەنگ یان نووسراوەدا وا نووسراوە؟ ئەمە نووسەر لە خۆیەوە دای هێناوە. tiyan (تییەن) لەگەڵ نیشاندان هیچ پەیوەندییەکی نییە.

**٢٣- tseerree "کەر"، وشەی بەرانبەری لە کوردیدا: sara/zara "ئەو دەنگەی کە کەر دەیکات" (س.ح.ڕ، ٢٠٢٢: ٢٤٤).**

لـێرەدا نووســەر لە بـاتی وشــەی کەر، وشــەی دەنـگی کەر واتـا "ســەڕە ســەڕ/ زڕە زڕی" کەر دەنووسـێت، وەکـوو ئەوە وایە کە لە بـاتی وشــەی "گـا" بنووسرێـت "بـــۆڕە بـــۆڕ". ئەم بەراوردکارییە لە هەموو بارێکەوە هەڵەیە، وشەکان هیچ پەیوەندییەکیان پێکەوە نییە.

**٢٤- haθe-baduš "بازووی ڕاستی"، وشەی بەرانبەری لە کوردیدا: haqa bāzu "بازووی ڕاستی" (س.ح.ڕ، ٢٠٢٢: ٢٦٥).**

**٢٥- haθya-vista "ئەوکەسەی کە لەسەر ڕاستی ڕاهێنانی کردووە"، وشەی بەرانبەری لە کوردیدا: haqa-uistā "ئەوکەسەی کە ڕاستی دەخوازێت" (س.ح.ڕ، ٢٠٢٢: ٢٦٥).**

**٢٦- haθya "ڕاستی"، وشەی بەرانبەری لە کوردیدا: haqi " ڕاستی" (س.ح.ڕ، ٢٠٢٢: ٢٦٥).**

لە دێڕەکانی ٢٤، ٢٥ و ٢٦دا سۆران ح. ڕ. لە باتی وشەی "haθe/ haθya" بە واتای ڕاستی وشــەی "حەق"ی هێنـاوە، جـا نـازانم وشــەی "حەق (حــق)" کە وشــەیەکی عەرەبیــیە، چ پەیوەندییکی بە زمانی کوردییەوە هەیە!

haθya وشـەیەکی کـۆنی هینـد وئێرانـیە، لە ئەوێستاشـدا هـاتووە و وەک هئیسی‌ـ/ هئیســیە (haiθya) گۆ دەکرێ بە هەمان واتای ڕاستی و دروستی، (احسان بهرامی، ١٣٦٩: ١٥١٠).

**٢٧- saiva-ka "منداڵی بێ باوک"، وشەی بەرانبەری لە کوردیدا: sāvā-ka/sāuā-ka "منداڵی شیرەخورە" (س.ح.ڕ، ٢٠٢٢: ٢٦٦).**

لێرەشـدا نووسـەر لە ماناکردنەوەی وشـەکاندا تووشی هەڵە بووە، چونکە هەر سـەیری ڕۆاڵەتی وشەکانی کردووە، "ساوا-کا" قەت بە واتای "سێو-کا" نییە. ئەمە نموونەیەکی باشە کە نیشان دەدات ئەگەر دوو وشــە لە ڕۆاڵەتــدا وەک یەک بــن، نــابێتە بەڵــگە بــۆ ئەوەی کە ئەم دوو وشەیە، یەک واتایان هەبێت و یا خۆد لە یەک ڕیشە بن. sāvā "ساوا" لە کوردیدا بە کۆرپە/ منداڵی شێرەخورە دەڵێن، لە کاتێکدا سێوی لە کوردیدا هەر وەک زمانی مادی و ئەوێستایی بە واتای هەتیوە. لە کرمانجیدا و تەنانەت لە ناوچەی باڵەکایەتیش ئێستاش هەر بە هەتیو دەڵێن "سێوی". لە زۆربەی فەرهەنگەکانی کوردیدا ئەم وشـەیە هـاتووە، (بڕوانە بۆ: فەرهەنگاکانی، جگەر سۆز، ٢٠٠٩ هەولێر، ل.پ. ٣٠٧).

## سەبارەت بە ژنە ئامازۆنەکان:

لەسەر ڕۆڵی چالاکی ژنی کورد لە ڕابردوودا، سۆران حەمەڕەش باسی ژنە ئامازۆنەکان دەکات و بەجۆرێک پەیوەستیان دەکات بە کوردەوە و پێشنیاریش دەکات کە ناوەکەشیان بگۆردرێت بۆ "هەمووژن"! لەسەر ئەم بابەتە لە لاپەڕەی ١١١دا ئاوا دەنووسێ:

> حاڵەتی تری ڕابردووی ڕۆڵی چالاکی ئافرەت هەیە. ئەمەزۆنەکان کە لەلایەن یۆنانەکانەوە بە ڕەگەزێکی ژنی جەنگاوەر ئامازەیان پێکراوە، لە ئەناتۆڵیادا ژیاون[4] کە لە ڕووی مێژوویەوە بەشێک لە شوێنی نیشتەجێی کورد بووە. تەنانەت ناوەکەشیان Amazon وا دەردەکەوێت کە لە 'هەمووژن' (hamuzhin) ی کوردیەوە هاتبێت. یۆنانیە دێرینەکان زۆرجار هەوڵیان دەدا کە مانایەکی یۆنانی بدەن بە وشەی نەتەوەکانی تر. مێژوونوسە یۆنانیە دێرینەکان بانگەشەی ئەوەیان کردووە کە ناوەکە لە a mazos (بێ مەمک)[5] وە هاتووە، کە بڕواپێکراو دەرناکەوێت. لێرەدا پێشنیازی ئەوە دەکرێت کە ناوەکە بریتیە لە وشەی hamu (هەموو) و zhin (ژن) ی کوردی. ڕەگی هەردوو وشەکە لە زمانە هێندۆئەوروپیەکاندا تردا هەیە. لە زمانی مادی/کوردی دا، ham

ژنە ئامازۆنەکان بەشێک لە مێژووی بزری کورد نین و هیچ پەیوەندییەکیان بە کوردەوە نییە. سترابوو کە بۆ خۆی دوو هەزار ساڵ لەمەوبەر بە ئەنادۆڵدا هاتبوو بۆ وڵاتی ماد و لە ئاتروپاتاندا بۆ ماوەیەک مابوویەوە، سەبارەت بە ئامازۆنەکان ئاوا دەنووسێت: "ئامازۆنەکان لە کوێستانەکانی سەرەوەی ئالبانیا (سەرەوەی وڵاتی ئازەربایجانی ئێستا) دەژین، دەڵێن گلییەکان و لگییەکان و سکاکان لە نێوان ئالبانییەکان و ئامازۆنەکاندا نیشتەجێن. دەڵێن کە ئەوانە هەر لە منداڵییەوە مەمکی لای ڕاستی خۆیان بەجۆرێک وشک دەکەن بۆ ئەوەی زل نەبێ تا باشتر بتوانن کەمان بکێشن و تیر بهاوێژن. هەروەها سترابوو نووسیویەتی ئەو شتانەی کە سەبارەت بەم ژنانە دەگێڕنەوە، داستانگەلێکی کۆنن کە هەر لە مێژە گێڕدراونەتەوە و زۆر سەیرن و جێگای باوەڕکردن نین، ئەگەر داستانی سەرکەوتنەکانیان ئاوا بێت کە باس دەکرێت، ئەمە واتای ئەوە دەگەیێ کە دەبێ پیاوەکانی ئەو سەردەمە هەموو ژن بووبێتن و ژنەکانیش پیاو". [سترابوو، همایون صنعتی زادە، ١٣٨٢: ٢٢-٢٣، (٢-٥-١١)].

بە کورتی شوێنی نێشتەجێبوونی ژنەئامازۆنەکان زۆر لە کوردوە دوور بووە، ئەوان لە سنووری نێوان ئەرمەنستان و گورجستانی ئێستادا ژیاون لە کاتێکدا سنووری وڵاتی مادی ئاتروپاتان هەموو کاتێک ڕووباری ئەرەس بووە، چ لەسەردەمیماننایەکاندا و چ لەسەردەمی مادی

ئاتروپاتاندا. (هەر چەند لەو سەردەمەدا وڵات و سنوور وەکوو ئەمڕۆ دیاریکراو نەبووە، چونکە زۆربەی هۆزەکان کۆچەر بوون و بەردوام لە هاتووچوودا بوون).

ژنە ئامازۆنەکان لە بنەڕەتدا خەڵکی لای دەریای ئەژە بوون سەبارەت بەمە دیسانەوە سترابوو دەنووسێ: "ئۆفوروس (Ephorus) مێژوونووس و خوغرافیناسی یۆنانی کە لە سەدەی چواری پێش زایینـدا ژیاوە و بۆ خـۆی خەڵکی **"کـیمە"** بـووە، شـوێنی نیشـتەجێبوونی ئامازۆنەکانی لە نێـوان "میسـیە، کـاریە و لیـدیە (لە نـزیکی دەریـای ئەژە) دەسنیشـان کـردووە، ئەم بۆچـوونە لەوانەیە دروست بێت، چـونکە ئەو جێگایە کە دواجـار "ئۆلیان"ەکان تێدا نیشـتەجێبوون لە پێشـدا شـوێنی ئامازۆنەکـان بـووە. هێنـدێک لە شـارەکانی ئەوێ، هەر ئەو ناوانەیـان هەیە کە ئێستاش ئامازۆنەکان بەکاری دێنن وەک "ئەفسوس (ناوە کۆنەکەی ئاپاشا بووە= نووسەر)، سمیرنە (ئەزمیری ئێستا= نووسەر)، کیمە و میرینا"، [سترابوو، همایون صنعتی زادە، ۱۳۸۲: ۸۳-۸٤، (۲۲-۳-۱۲)].

ئەمە بەو واتای دێت کە ئامازۆنەکان لە پێشدا خەڵکی لای دریای ئەژە (ئەزمیر) بوون و دواجار کۆچیان بۆ ناوچەکانی خوارەوەی گورجستان (جورجیا)کردووە. بێجگە لەمە ئامازۆنەکان لە چەندین جەنگدا بەشداریان کردووە کە لە مێژووی کۆنی یۆناندا تۆمار کراوە کە چی لە مێژووی کۆنی کوردا هەر ناو و نیشانیان نەبووە.

## ئایا زمانی سۆمەری زمانی کوردییە؟ ئایا زمانی کوردی درێژەدەری زمانی سۆمەرییە؟

ئەم بۆچوونەی سۆران حەمەڕەش کە پێی وایە زمانی کوردی هەمان زمانی سۆمەرییە و کوردی ئەمـڕۆ درێـژەدەری زمـانی سـۆمەرییە، هەڵەیە و ئەو بەڵگـانەی وا هێنـاویەتەوە زۆر سسـتن و دوورن لە بنەماکانی زانستی زمانەوانی. لێکچوون یان لەیەک نزیکبوونی چەند وشەیەکی کوردی و سۆمەری نابنە بەڵگە بۆ ئەوەی کە زمانی کوردی و سۆمەری هەر یەک زمانن، بۆ نموونە چاو لەم خشتەیەی خوارەوە بکەن:

| کوردی | فارسی |
|---|---|
| ئاسمان | ئاسمان |
| زەمین | زەمین |
| خاک | خاک |
| گوڵ | گول |
| گیا | گیاه |
| درەخت | درەخت |
| دەست | دەست |
| پا | پا |
| سەر | سەر |
| ڕان | ڕان |
| ڕاست | ڕاست |
| چەپ | چەپ |
| نان | نان |
| من | مەن |
| تۆ | تۆ |
| خانوو/ خانە | خانە |
| خواردن | خوردن |
| کردن | کەردن |
| بردن | بوردن |
| سەگ | سەگ |
| گورگ | گورگ |
| ئەسپ | ئەسب |

| | |
|---|---|
| شێر | شیر |
| ڕەنگ | ڕەنگ |
| چنگ | چەنگ |
| تاریک | تاریک |
| ڕۆشن | ڕەوشەن |
| یەک | یەک |
| دوو | دۆ |
| سێ | سێ |
| سەت/سەد | سەد |
| هەزار | هەزار |

ئەگەر بە شێوازی سۆران حەمەڕەش سەیری ئەم بەراوردکارییە بکەین، دەبێ بڵێین کە زمانی کوردی و فارسی هەر یەک زمانن چونکە زۆرێک لە وشەکانیان هەر وەک یەکن و یەک ڕیشەیان هەیە. بەڵام زمانەوانێکی ئاکادمی تەنیا چاو لەو وشەگەلە کە لەیەک دەچن و یان یەک ڕیشەیان هەیە ناکات، (ئەمە تەنیا دەتوانێت نیشاندەری ئەوە بێت کە یەک ڕیشەیان هەیە و سەر بەیەک خێزانی زمانین) بەڵکوو چاو لە جیاوازییەکانیان، چۆنیەتی گۆکردنی پیتەکان، دەنگەکان و لە ڕێزمانەکانیان دەکات. من تا ئێستا نەمدیوە کە بەو هەموو لەیەکچوون و نزیکایەتییە کە زمانی کوردی و فارسی لەگەڵ یەکدا هەیانە، یەک زمانەوانی جددی هەردووکیانی هەر بە یەک زمان زانیبێت. بەڵام سۆران ح. ڕ بە بێ ئەوەی کە لێکۆڵینەوەیەکی ورد و ئاکادمێکی لە وشەکان و لە ڕێزمانەکان کردبێت، بە بێ ئەوەی کە ئاگاداری یاساکانی زمانەوانی بێت، هەر بە بەراوردکردنێکی سەرسەری و ڕواڵەتی هەموو زمانە کۆنەکانی مێزوپۆتامیا و ناوچەکە وەک سۆمەری و هیتی و هوری و گوتی و لۆلۆبی و ئیلامی بە زمانی کۆنی کوردی پێناسە دەکات، کە دیارە هەڵەیە و ناچێتە خانەی زانستی زمانەوانییەوە.

لێرەدا دەکرێ ئەم پرسیارە بێتە گۆڕێ، کە ئەو نزیکایەتییە کە لە هێندێک لە وشەکانی سۆمەری و کوردیدا هەست پێ دەکرێ، دەبێ چۆن پێناسە بکرێت؟

ناوچەکانی مێژوپۆتامیا و ناوچەی چیاکانی زاگرۆس هەر لە دێر زەمانەوە شوێنی نیشتەجێبوونی هۆزەکانی جۆراوجۆر بووە. دەبێ ئەمە لە بیر نەکەین کە لەو سەردەمانەدا نە تەنیا واتاکانی وڵات و مەرز و دەستەڵات لەگەڵ ئێستادا زۆر جیاوازییان هەبووە، بگرە لە زۆر شوێن و لە نێو زۆر هۆز و نەتەوەشدا ئەم وشەگەلە هەر باوی نەبووە، هەر بۆیەش دەسەڵاتەکان نەک بەناوی وڵاتەوە بەڵکوو هەر بە ناوی هۆزەکانەوە دەناسران وەک گۆتی و میتانی و مانناپی و کاشی و مادی و ئەشکانی و . . . هۆزەکان بە شێوەی کۆچەر و نیوەکۆچەر بە دوای پەز و بزن و گاراندا لەم دوڵ بۆ ئەودوڵ، لەم یاڵ بۆ ئەو یاڵ وەیلان بوون. لەم شوێنانەدا کە ئێستا کوردستانە، هۆزە جۆربەجۆرەکانی وەک لۆلۆبی، گۆتی، میتانی وماننایییەکان کە دواجار وەک نەتەوەی کورد ناوبانگیان دەرکرد، لە گەڵ هۆزەکانی تری وەکوو سۆمەرەکان، ئیلامییەکان، کاسییەکان، ئاشوورییەکان و دواتر ئەرمەنییەکان پێکەوە دەژیان.

ئاشوورییەکان لە ساڵنامەکانی خۆیاندا باسی یەکێ لە سەرکەوتنەکانی خۆیان لە ساڵی ٨٨١ پ.ز. دا کردووە، کە دیاکۆنۆڤ لە کتێبی مێژووی ماددا بەم جۆرە دەیگێڕێتەوە: "یەکێ لە خراپترین هێرشەکان، هێرشی ئاشورناسرپاڵی دووەم بوو لە ساڵی ٨٨١ پ.ز. بۆ سەر زاموا (شاربازێر و شارەزوور). ئاشوورییەکان بە ڕێگادا بە هەر ناوچە و گوندێکدا کە تێ دەپەڕین تاڵانیان دەکرد، لە ئەسپ و ئاژەڵەوە بگرە هەتا کەرەستەی ناوماڵان، خەڵکەکەشیان یان دەکوشتن و یان وەک "بەردە (کۆیلە)" دەیانبردن. خەڵکی ناوچەکە لەمە باش تێ گەیشتبوون کە سەروماڵیان لە مەترسی لە ناوچووندایە هەر بۆیەش دەستیان دایە خۆ ڕێکخستن و بەرخودان. لەوانە **"نوور- ئاداد"** سەرۆکی هۆزی "ناسیکۆ" لە ناوچەی داگار هەموو خەڵکی زاموا (شاربازێر و شارەزوور)ی کۆ کردەوە لە ژێر سەرکردایەتی خۆی، و دەستیان دایە دروستکردنی شوورێک (دیوارێک) لە "دەربەندی بابیتە" [واتا لە دەربەندی بازیان] بۆ ئەوەی ڕێگە لە هێرشی ئاشوورییەکان بگرن. بەڵام بەر لەوەی شوورەکە تەواو بێت، ئاشوورناسرپاڵ هێرشی کردە سەریان، لە ئەنجامدا هێزەکانیان بەرگەیان نەگرت و ئاشوورییەکان توانیان لە دەربەندی بازیان تێ پەڕن و لەسەر ڕێگای خۆیان سێ پادشا [مەبەست سێ سەرۆک هۆز بووە] تارومار بکەن. نوور ئاداد ناچار بوو وەکوو هەمیشە پەنا بۆ شاخ بەرێت. ئاشوور ناسرپال هەتا کێوی "نەسیر" کە بە زمانی لۆلۆبی "کی نی پا (پیرە مەگروون)"ی پێی دەڵێن بە دوایدا ڕۆیشت.

به پـێی ڕەوایەتەکـانی ئاشـووری و بـابلی کەشـتی نـوّح لە پـاش تۆفـانەکە لە سـەر ئەم کێـوە نیشتووەتەوە"، (دیاکونوف، کشاورز، ١٣٤٥: ٢٠٠).

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێ کە یەکێ لە سەرۆکە گەورەکانی ناوچەکە "نوور ئاداد" بووە. "نوور" وشـەیەکی سـۆمەرییە و "ئاداد"یش وشـەیەکی ئەکەدیـیە. کە بە ئەگەری زۆر سـەرۆک هـۆزێکی سۆمەری بووە لە ناوچە شاخاوییەکان،

هەر وەها ناوی کێوی پیرەمەگروونیش بە دوشێوەی "نەسیر" کە لەوە دەچی سۆمەری بێت و "کی نی پا" کە وشـەیەکی لۆلـۆبییە هـاتووە. ئەگەر ئەمـڕۆ چـاو لە نـاوی هێنـدێک لە شـاخ و گوندەکانی کوردستان بکەین دەبێنێن کە ناوی لۆلۆبی و سۆمەری کەم نین، بۆ نموونە ناوی ژمارەیەک لە گونـدەکانی پێنجـوێن و مەریـوان ئێسـتاش هەر بە شـێوەی لۆلـۆبی مـاونەتەوە و کەسیش واتای ناوەکانیان نازانێت وەک: **سەلەسی، مەسۆ، کێلو، ولەسم، نژمار، بێلوو ، بەیێلە، نشکاش (لەسەرهەوای ناوی شارەکانی لۆلۆبی وەک توکریش، سیماش، کیماش، کە کەوتووبـوونە نـاوچەی ئاراپخـا)، نێ، نـێژڵ، نەنە، نەچێ، ول، ولە ژێـر، وێـڵە، وەرۆ، کەڕەسی، و کۆماسی کە نـاوی نـاوچە و هەروەهـا هـۆزێکە لە کەڵاتەرزان لە نێـوان سـنە و مەریوان. ناوی شاری "کەلار"یش هەر لۆلۆبییە.**

وشەی **"کوڕ"** لە سۆمەریدا دوو واتای گەیاندووە هەم بە واتای چیا و هەم بە مانای وڵات و ناوچەیە. ژمارەیەک لە کێوەکانی کوردستان ئێستاش هەر ناوی کوڕیان پێوە ماوە، ئەمە نیشان دەدات کە ئەم شوێنانە پێشتر سۆمەرییەکانی تێدا نیشتەجێ بوون، بۆ نموونە: **کوڕە کاژاو** (لە نـزیکی نـاوچەی زەلان لە شـاربازێر)، **کـوڕە کەچەڵە** (ئەکەوێـتە پشـتی کـوڕە کاژاوەوە)، **کـوڕە میران** (لە ناوچەی ئیلام)، **کوڕەی مریەم** (لە هەورامان)، **کوڕ کوڕ** (لە شائاوا- کرماشان)، **کوڕەک** (لە نـزیکی ڕەوانـدز)، **خـوا-کـوڕک** (نـاوی نـاوچە، دوڵ و زنجـیرە چیـایەکە لە نێـوان سیدەکان و کیلە شین)، **کوڕکوڕداخ** ( ناوچەی پشدەر)، **کوڕکوڕە** ( گوندێکی ناوچەی کرانی بیجاڕ)، **قەڵاگای کوڕکوڕ** (زیویە- سقز)، **کوڕەی میانە** ( کەلاتەرزان- سنە)، **کوڕەی باڵامبۆ** (هەڵەبجە- قەراخی سیروان)، **کـوڕە ژار** (نـێروە و ڕێکان- دهـۆک)، **کـوڕەی دەرەکێ** (بـاقلاوا- سنە)، **کوڕەی دەژەن** (ژاوەرۆ- کامێران).

هەروەها پاشگری"**توو**" لە زمانی سۆمەریدا پاشگرێکی جوغرافییە. ئەم پاشگرە ئێستاش لە نێوی ژمارەیەک لە گوندەکان وشوێنەکانی کوردستاندا بەرچاو دەکەوێ، وەک: **کەرەفتوو** (لای دیواندەرە)، **هەوەتوو** (لای دیواندەرە)، **گاوەسنتوو** (لای دیواندەرە)، **چنارتوو** (لای سەقز)، **قەپلانتوو** (لای سەقز)، **کەمەنتوو** (لای سەقز)، **شیوەتوو** (لای سەقز)، **سەرتەکڵتوو** (لای سەقز). **گەونتوو** (لای دیواندەرە)، **ستوو** (لای بانە)، **کاشانتوو (**سێ گوندە لە ناوچەی چەمچەماڵ سەر بە شاری هەرسینی کرماشان)، **مارانتوو** (لای چەمچەماڵی –کرماشان). **کانیتوو (**گوندێکە لە ناوچەی پشدەر).

**پشکنینەکانی "گەۆدین تەپە:** لە نێوان ساڵەکانی ١٩٦٥-١٩٧٣ لە گەۆدین تەپە (لە نزیکی شاری کەنگاوەری-کرماشان) لە لایەن گروپێکی ئاسەوارناسی کانادایيەوە پشکنین و هەڵکۆڵین بۆ شوێنەکە کراوە و ئەنجامەکانی لە کتێبێکدا بە نێوی (One the highroad)[17] لە لایەن هیلاری گۆپنیک و میشل ڕاسمەن لە ساڵی ٢٠١١ دا بڵاوکراوەتەوە. لێکۆڵەران چین لەسەر چین پشکنینیان بۆ شوێنەکە کردووە و ئاسەواری جۆراوجۆری حەوت چاخی مێژوویی لە حەوت چیندا دۆزیوەتەوە. لە چینی پێنجەمدا (٣٠٠٠-٣٥٠٠ پ.ز) کاسە و قاپی گلی و مۆرەیان تێدا پەیدا کردووە کە کوتومت لە ئاسەوارەکانی سۆمەری لە شارەکانی "ئۆروک- وارکا" دەچن. لێکۆڵەرەکان پێیان سەیرە و گومانیان بۆ دەچێ کە ئەو شوێنە لەو کاتەدا وەک کاروانسەرا بووە، و ئەو شتانە لە ڕێگای ئالوێروە هێنراونەتە ئەوێ. بەڵام من پێم وایە ئەوێ شوێنی ژیان و نیشتەجێبوونی سۆمەرەکان بووە، چونکە هەر ئێستاش دەیان شوێن و شاخ هەر لەو مەڵبەندەدا هەن کە ناوی سۆمەرییان هێشتا هەر بە سەریانەوە ماوەتەوە، بۆ نموونە ناوچە و شاخی "داڵاهۆ" کە ناوێکی سۆمەرییە.

هەرچەند نزیکایەتیەک لە نێوان هێندێک لە وشەکانی زمانی سۆمەری و زمانی کوردیدا بەرچاو دەکەوێ، بەڵام چۆنیەتی و ئاستی ئەم نزیکایەتییە وەک ئەو پەیوەندی و خزمایەتییە نییە کە لە نێوان زمانی کوردی و زمانەکانی میتانی و ماننایی و مادیدا بەرچاو دەکەوێ. ئێمە بە بەراوردکردنی زمانەکانی میتانی و ماننایی و ئەوێستایی لەگەڵ کوردیدا زۆر بە ڕوونی وشە

---

[17] On The High Road: The History of Godin Tepe, Hilary Gopnik and Mitchell S. Rothman, 2011.

کوردییەکان دەبینین و دەیناسینەوە، بەڵام لە بەراوردکردنی زمانی سۆمەری و کوردیدا ئەم نزیکایەتییە تەنیا لە ڕەگی هێندێک لە وشەکاندا دەبێندرێت. تەنانەت ئەگەر بێتو ڕۆژێک لە ڕۆژان لێکۆڵەران و زمانناسانی بواری زمانە کۆنەکان ئەم بابەتە بسەلمێنن کە زمانی سۆمەری دەکەوێتە خانەی زمانەکانی هێندوئوروپییەوە، دیسان بەدڵنیاییەوە دەتواندرێت بوترێت کە نزیکایەتی و خزمایەتی زمانی کوردی بە سویدی و ئینگلیزییەوە زۆر زیاترە هەتا بە زمانی سۆمەرییەوە. واتا دیسانەوە کوردی و سۆمەری دەبێ وەک دوو زمانی جیاواز لە یەکتر چاو لێ بکرێت.

دەکرێ بوترێت کە نزیکایەتی هێندێک لە وشەکانی سۆمەری و کوردی دەتوانێت دەرنجامی کاریگەرییەکانی زمان و کولتووری ئەو کۆمەڵە خەڵکانە بێت کە بە درێژایی هەزاران ساڵ لە جوغرافیایەکی هاوبەشدا پێکەوە ژیاون. هەر وەکوو چۆن ئێستاش ئێمە کاریگەرییەکانی زمانی عەرەبی و فارسی بە سەر کوردی و بەپێچەوانەشەوە کاریگەری زمانی کوردی بەسەر عەرەبی و فارسیدا دەبینین. ئەگەر بەراوردێکی زمانی سۆمەری و عەرەبیش پێکەوە بکرێ بە سەدان وشەی سۆمەری کەوتوونەتە زمانی عەرەبییەوە، کە دیارە نیشانەی کاریگەری زمانی سۆمەرییە لەسەر زمانی عەرەبی.

هەبوون و مانەوەی ناوی ژمارەیەکی زۆر لە گوندەکان و شاخەکان هەر بە شێوەی سۆمەرییەکەی لە کوردستاندا ئەوە دەسەلمێنێ کە سۆمەرەکان لە کوردستاندا کۆچیان نەکردوە، چونکە ئەگەر ناوچەکەیان چوڵ کردبایە ئەوا ئەو خەڵکانەی کە شوێنیان دەگرتنەوە ناوی تایبەت بە خۆیانیان لەسەر گوند و شاخەکان دادەنا. بۆیە ئەوەی لە ڕاستییەوە نزیکترە ئەمەیە کە سۆمەرەکان نیشتەجێ کوردستان بوون و هەر لە کوردستانیشدا ماونەتەوە و لەگەڵ هۆزەکانی کورد لە ناوچەکەدا بە هەزاران ساڵ پێکەوە ژیاون، بەڵام وردە وردە لە نێو کوردەکاندا تووناونەتەوە، خۆ و ڕەوشت و زمانی ئەوانیان وەرگرتووە، لە کاتێکدا نێوی شوێنەکانیان وەکوو خۆی هەر ماوەتەوە. بە تایبەت پێواژۆی توانەوە دەبێ لە دوای سەرهەڵدانی مادەکان و برەوسەندنی ئایینی زەردەشتی لە ناوچەکەدا و باڵادەستی سیاسی و ئایینی مادەکان ڕەوتێکی خێراتری بە خۆویەوە گرتبێ.

**سەرچاوە کوردییەکان:**


- لێکۆلینەوەیەکی زمانەوانی دەربارەی مێژووی وڵاتی کوردەواری لە نووسینی د.جەمال ڕەشید ١٩٨٨ بەغداد.
- سفرنامە اولیاء چلبی بە ایران، علی ابوالقاسمی، دکتر مهدی وزینی افضل، ١٤٠٠.
- هەنبانە بۆرینە فەرهەنگی کوردی- فارسی هەژار، ساڵی ١٣٦٩ تاران.
- یارسان لە نووسینی ئەیوب ڕوستەم ساڵی ٢٠٠٦ زایینی.
- فەرهەنگاکانی، ساڵح پێندرۆیی (جگەرسۆز)، هەولێر ٢٠٠٩.
- مێژووی ئەدەبی کوردی بەشی سێیەم د.م. خزنەدار ، هەولێر ٢٠٠١.
- مێژووی وێژەی کوردی- بەرگی یەکەم، سدیق بۆرەکەیی، چاپی دووەم هەولێر ٢٠٠٨.
- فەلسەفە و رامانی یارسانی لە فەرهەنگ و کۆمەڵگای کوردەواریدا، د. جەماڵ نەبەز یوتوبوری ٢٠٠٩.
- مێژویی بزر و نەگێڕدراوەی کورد، سۆران حەمەڕەش، سلێمانی ٢٠٢٢.
- هاونەتەوەیی کورد و ماد حەبیبوڵای تابانی، هەولێر، ٢٠١٠.
- ناسنامەی زمانی کوردی بەرگی سێیەم، فازڵ ئوسوڵیان، سوید ٢٠١٥.
- ناسنامەی زمانی کوردی بەرگی یەکەم، فازڵ ئوسوڵیان، سوید ٢٠١٧.


**سەرچاوە فارسییەکان:**


- تاریخ ماد، دیاکونوف، ترجمە کریم کشاورز، تهران ١٣٤٥ خورشیدی.
- فرهنگ فارسی بە پهلوی بهرام فرەوشی، دانشگاه تهران، تهران ١٣٨٠ خورشیدی.
- یادداشتهای گات ها، پورداود، سال ١٣٨١ خورشیدی.
- فرهنگ واژەهای اوستائی، جلد ١-٤، احسان بهرامی، تهران ١٣٦٩ خورشیدی.
- ساتراپ نشین ماد در عصر اشکانی، پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی، شهرام جلیلیان، فرشید نادری، زهره تقی پور بیرگانی، دو فصل نامە علمی، سال ١٣، شمارە ٢، ١٤٠١ ص ٨٣-١٠٤.
- اشکانیان و سنت های کهن ایرانی، روزبە زرین کوب، فرشید نادری، پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی، سال پنجم، شمارە دوم ١٣٩١ خورشیدی.
- جغرافیای سترابوو، ترجمە همایون صنعتی زادە، تهران ١٣٨٢ خورشیدی.

- تاریخ اشکانیان، ا. م. دیاکونوف، ترجمه کریم کشاورز، چاپ دوم، تهران ۱۳۵۱ خورشیدی.
- د. علی اکبر کجباف، د. مرتضی دهقان نژاد، کورش هادیان". پژوهش های تاریخی دانشکده ادبیات و علوم انسانی، دانشگاه اصفهان، دوره جدید، سال سوم، شماره سوم، پاییز ۱۳۹۰ ص ۲۹-۵۸.
- تاریخ مردوخ، آیت الله محمد مردوخ کردستانی، سنندج ۱۳۵۱ خورشیدی.
- امید طبیب زاده، مقایسه اقوال ایزدی ها با کلامات یارسان، ادب پژوهی، شماره ۲۰، تابستان ۱۳۹۱.
- کلیم الله توحدی "کانیمال"، حرکت تاریخی کُرد به خراسان، چاپ دوم، مشهد، ۱۳۷۰.

**سەرچاوەکانی دیکە:**

- Geiger W. Ostirani Sche Kultur in Altertum. Erlangen 1882 p. 29

- Ola Wikander, Döda språk.Hettitiskt hästjobb avslöjar hur vår språkfamilj spreds, 2007

- http://www.loghatnaameh.org/dehkhodaworddetail-f99c3aff570c422baff65e2182ac9d7d-fa.html (2013-06-09)

- Dictionary of most common AVESTA words, Kanga, created, Joseph H. Peterson, 1995.

- Pahlavi Dictionary, D. N. Mac Kenzie, 1986

- On The High Road: The History of Godin Tepe, Hilary Gopnik, Mitchell S. Rothman, 2011.

- http://www.heritageinstiute.com/zoroastrianism/ranghaya/Mitanni.htm